**چاکسازیی ئابوریی و سیاسیی لە هەرێمی کوردستان**
**پرۆژەیەک بۆ بەرچاوی ئۆپۆزسیۆن**

**ئامادەکردنی:**
د. نیاز نەجمەدین، بەشی مێژوی ئابوریی، لێکۆڵەر لە زانکۆی ئۆپسالا، سوید و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانیی
کەماڵ چۆمانی، توێژەر لە پەیمانگای تەحریر بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست

حوزەیرانی 2018

........................................................................................................................

**پوختە**

ئەم پرۆپۆزەڵە پرۆژەی چاکسازیی ئابوریی و سیاسییە بۆ هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی داهاتودا (2018-2022)، دەخرێتە بەردەستی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن گەنج و نوێ بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی، خستنەبەرچاوی جەماوەر لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، دروستکردنی گفتوگۆ لەبارەیەوە، و پاشان کارلەسەرکردنی دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها پرۆپۆزەڵێکە کە هەر هێز و گروپێکی سیاسیی و مەدەنیی لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانێت سودی لێ ببینێت لە پرۆسەی کارکرنی سیاسیی و مەدەنییدا.
هاوکات وایدەبینین کە هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە تەنیا میکانیزمێکە بۆ چاکسازیی و هەڵەیە تەواوی خەباتکردن بۆ چاکسازیی ئابوریی و سیاسیی لەوەدا کورتبکرێتەوە.

نـاوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **پێشەکیی** | **3** |
| **بەشی یەکەم: چاکسازیی ئابوریی**<br>**یەکەم/** ***سیستمی ئابوریی: کام مۆدێلەی بەڕێوەبردنی ئابوریی؟*** | **4** |
| **دووەم/ سیاسەتی ئابوریی و گەشەسەندن** | **5** |
| **سێیەم/ سامانی سروشتیی و ژینگەدۆستیی** | **7** |
| **چوارەم/ سیاسەتی دارایی و قەرزداریی** | **8** |
| **پێنجەم/ پاشەکەوت و وەبەرهێنان** | **10** |
| **شەشەم/ حکومەت و خێزان** | **11** |
| **حەوتەم/ پەروەردە** | **11** |
| **هەشتەم/ خوێندنی باڵا** | **13** |
| **نۆیەم/ بازاڕی کار** | **15** |
| **دەیەم/ ئاسایشی خۆراک و ئاو** | **17** |
| **دەرئەنجام: هەنگاوەکانی چاکسازیی ئابوریی و کارگێڕیی** | **18** |
| **بەشی دووەم: چاکسازیی سیاسیی** | **20** |
| **سەرەتا** | **20** |
| **یەکەم/ ستەمکاریی و گەورەبونی کەلێنی چینایەتیی** | **20** |
| **دووەم/کێشەی شوناسی سیاسیی و ئاڵتەرناتیف** | **22** |
| **سێیەم/ کورتهێنانی دیموکراسیی و چەقبەستن** | **23** |
| **چوارەم/ کوردایەتیی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا** | **26** |
| **پێنجەم/ هاوپەیمانێتیی** | **29** |
| **شەشەم/ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوڕوپا** | **30** |
| **حەوتەم/ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن** | **31** |
| **ئەنجام** | **34** |

**پێشەکیی**

ئەم پرۆژەیە گفتوگۆی چاکسازیی سیاسیی و ئابورییە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم دو جۆر چاکسازییە هاوشانی یەکتر دەڕۆن و یەکیان بەبێ ئەویتر ناچێتە پێشەوە. چاکسازیی سیاسیی چاکسازیی ئابوریی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و پێچەوانەکەیشی راستە. بەشی یەکەم تایبەتە بە چاکسازیی ئابوریی و بەشی دووەم تایبەتە بە چاکسازیی سیاسیی. ئەگەرچی باسەکان بەرهەمی گفتوگۆی نێوانمانن و هەر یەکێکمان بە بابەتەکانی ئەویتردا چوەتەوە، بەڵام یەکێکمان (نیاز نەجمەدین) رەشنوسی بەشی ئابورییەکەی نوسیوە و ئەویترمان(کەمال چۆمانیی) رەشنوسی بەشی سیاسییەکەی نوسیوە، پاشان هەردوکان بە ئیشی ئەویتردا چۆتەوە و بابەتەکانمان رێکخستوە و زیاد و کەممان کردوە.

ناردنی ئەم پرۆپۆزەڵە بۆ بەرچاوی ئۆپۆزسیۆن لەوەوە سەرچاوەی نەگرتوە کە هەرچی بەرەی ئوپۆزسیۆن بێت ئیدی فریشتەیە و هەرچی لە بەرەی یەکێتیی و پارتییدا بێت ئەهریمەنە، بەڵکو باوەڕمان وایە دەستەڵاتدارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کە بە کورتیی دەنوسین یەکێتیی) و پارتیی دیموکراتیی کوردستان (کە بە کورتیی دەنوسین پارتیی) لە کاتی پێویست زیاتر حکومەت و ئابوریی هەرێمی کوردستانیان بەدەستەوە بوە و هەڵەیان کردوە و کارەساتی گەورەیان ناوەتەوە. هەروەها، سەرکەوتنەوەی یەکێتیی و پارتیی لەم هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستاندا(2018) مەترسیی ئەوە دروستدەکات کە ئیدی حوکمی بنەماڵە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بچەسپێت و ئومێدی گۆڕانکاریی ریشەیی زۆر دوابکەوێت، بەتایبەت کە ئەم دو حزبە لەژێر کۆنترۆڵی ئەندامە دڵسۆز و پێشکەوتنخوازەکانیدا نیین. وەک ئەزمونی عێراق و ئێران لە حەفتاکانی سەدەی پێشودا پیشانیداین، ئەزمونی تورکیاش لە١٠ ساڵی رابردودا سەلماندی، رژێمی سیاسیی بۆی هەیە بەرەو داخران بڕوات دوای ئەوەی هەنگاوی گەورەشی نابێت. تەواوی چواردەوری ناوچەکە تەنراوە بە رژێمی دیکتاتۆریی و پاشایەتیی و کێشەی تایفیی و مەزهەبیی و ئاینیی و قەومیی کە وا دەکات چەسپاندنی رژێمێکی سیاسیی داخراو و برەودان بە توندوتیژیی لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەرێکی دور نەبێت.

ئەگەرچی ئەم پرۆژەیە دەخرێتە بەرچاوی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئامانجی یەکەم و کۆتایی نوسەرانی پرۆژەکە ئەوەیە کاربکرێت بە هەر بڕگەیەک لە خزمەتی خەڵک دایە و توانا هەیە جێبەجێ بکرێت، ئیدی گرنگ نییە ئەگەر بەرەی حزبەکانی فەرمانڕەواش بتوانن جێبەجێی بکەن.

گریمانەی سەرەکیی پرۆژەکە ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن توانای ئەوەی هەیە لە هەڵبژاردندا رێ لە ساختەکاریی بگرێت و لایەنەکانیش قبوڵی دۆڕان دەکەن. هاوکات ئۆپۆزسیۆن هاوپەیمانییەک رێکدەخەن بەمەبەستی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەستەڵات. ئەمەش لەوەوە هاتوە هێزێکی دیاریکراو، بۆ نمونە بزوتنەوەی گۆڕان، ناتوانێت بەتەنیا ئەرکی گۆڕانکاریی بخاتەئەستۆی خۆی. ئێمە دەزانین ئاستی داواکاریی ئێمە رەنگە بەرزتر بێت لە توانای ئۆپۆزسیۆن. لەبەرئەمەش رەخنەی ئۆپۆزسیۆن دەکەین و داوای لێدەکەین جورئەتی سیاسیی هەبێت. بۆیە وردەکاریی لە پلان و واقعیبون لە گوتاری سیاسییدا بە گرنگ دەزانین لە بری وروژاندنی بێ بنەما، ئەگەرنا هەر پرۆژەیەکی بەدیل (شکستبخوات).

نوسەرانی ئەم پرۆژەیە بەرپرس نین لەوەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا سود لە پرۆژەکە ببینین و دواتر فەرامۆشی بکەن. ئەگەر نەیانتوانی بیهێننەدی، ئەوا دەبێت هۆکارەکەی بۆ خەڵک رونبکەنەوە. خۆ ئەگەر سەرکەوتوش نەبون، دەکرێت بەرگریی لە هەر بڕگەیەکی بکەن کە باوەڕیان وایە خزمەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بریتیی نییە لە بۆچونی رەسەنی ئێمە، باوەڕیشمان وانییە هیچ بۆچونێک هەبێت رەسەن بێت بەو واتایەی کەسیتر بەو شێوەیە بیری نەکردبێتەوە.لە راستیدا، بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە سودمان لە چەندین سەرچاوە و لێکۆڵینەوە وەرگرتوە کە یان بە زمانی کوردیی یان بە زمانی ئینگیزیی نوسراون، تێکەڵ بە بۆچونەکانی خۆمان کردوە. خوازیارین لای کەم بۆچونەکانمان بەشدارییەکی سەرەتایی بکەن لە بەرزرکردنەوەی هۆشیاریی گشتیی دەربارەی پرسی ئابوریی و سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا .

هەر رەخنەیەک و پێشنیازێک بۆ ئەو پرۆژەیە، بەدڵنیایی خزمەتی پرۆسەی سیاسیی و چاکسازیی سیاسیی و ئابوریی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبە ت کە ئێمە دەزانین ئەو پرۆژەیەی ئێمە پێویستی بە پێشخستن و رەخنەکردن هەیە.

## بەشی یەکەم: چاکسازیی ئابوریی

***یەکەم/ سیستمی ئابوریی: کام مۆدێلەی بەڕێوەبردنی ئابوریی؟***

گرووپێک لە سیاسییەکان و ئابورییناسان و سەرمایەداران باوەڕیان بەوە هەیە موڵک بە دەست دەوڵەتەوە بێت و کەرتی تایبەت بچوکترین رۆڵی هەبێت. بە رای ئەم گروپە حکومەت یان دەوڵەت دەتوانێت نوێنەری خەڵک بێت، بۆیە کاتێک موڵک و سەرچاوە ئابورییەکان بەدەست حکومەتەوە بێت، ئەوا وەکو ئەوەیە بەدەست خەڵکەوە بێت. گروپی دووەمیان رای وایە دەوڵەت ناتوانێت نوێنەرایەتیی خەڵک بکات، بەڵکو کۆمەڵێک کەسی مشەخۆر دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرن و لەوێشەوە سەرچاوە ئابورییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن. چارەسەریان ئەوەیە دەوڵەت نەمێنێت. هەندێکیش بانگەشەی بازاڕی ئازاد دەکەن.
هەر یەک لە سیستمەکانی کەرتی گشتیی، بازاڕی ئازاد و دەستوەردانی حکومەت لایەنی ئەرێنیی و نەرێنیی خۆیان هەیە. یەکێک لە لاوازییەکانی پلانی مەرکەزیی ئەوەیە بوار بۆ تاک و بەرژەوەندیی تایبەت زۆر بە کەمیی دەهێڵێتەوە. ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا رویداوە لە رویەکەوە ئەوە بووە تاکەکان نەیانتوانیوە دوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بکەون. تۆ ویستوتە ببیت بە یاریزانێکی تۆپی پێ، ئەو ویستویەتی کافتریایەک دابنێ، ژنێک ویستویەتی کەمانچەژەن بێت، یەکێکی تر ویستویەتی بزنسێکی بچوک دابنێت، بەڵام دەرفەتیان بۆ نەڕەخساندون و رێیان لێ گیراوە، تا لە کۆتاییدا تاکەکان رقیان لە نیشتمان هەڵگرت، هەندێکیان سەری خۆیان هەڵگرت و هەندێکیان هیچ ئینتیمایەکیان نەماوە خزمەتی بکەن. وەک شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە قەسیدەی "نیشتمان"دا دەڵێت، نیشتمان دەبێت گوێچکەی هەبێت، ئازاری تاکەکان ببیستێت، بتوانێت یارمەتییان بدات خەونەکانیان بهێننەدی، "مشتێ هەتاوی ئارام" و "بارانێکی خۆشەویستیی" و پەنجەرەیەکی ئازادیی" بدات بە تاکەکان، دەنا ناتوانن لەخۆوە خۆشیان بوێت. پێویستە سیستمێک دامەزرێنین تاکەکان ناچارنەکات پاشکۆ و بەرخۆربن، بەڵکو بیانکات بە مرۆڤی سەربەخۆ و بەرهەمهێن و خاوەن سەربەخۆیی لەڕوی ئابورییەوە تا بتوانن لەڕوی سیاسییشەوە ئازادبن.
ئێمە بە گرنگی دەزانین رێ لە کەرتی تایبەت نەگیرێت بێتەناو ئابورییەکەوە، بەڵکو پێویستە دەرفەتی یەکسان بڕەخسێنرێت تا ئەو کەسەی توانای هەیە بزنس دامەزرێنێت ئاواتەکەی بهێنێتەدی، حزب و بەرپرسەکانی ناچاری نەکات ملکەچیان بێت و پشکیان لێ وەربگرێت. بەڵام لە سایەی بەرژوەندیی تایبەتییدا کەسێک رەنگە ژیانی ئەوانیتر قوتبدات. ئەوە هەڵەیە تەواوی موڵک بدرێت بە کەرتی تایبەت و خەڵک و حکومەت دەستبەتاڵ بمێننەوە.
هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت یەک سیستم بۆ هەمو قۆناغەکان پەیڕەوبکات. راستە حکومەت رۆڵی گرنگی هەیە لە رێکخستنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا، بەڵام کاتێک مافیا کۆنترۆڵی حکومەتی کردبێت، حکومەت داگیرکراوبێت و کەمینەیەک، بنەماڵەیەک، یان چەند سەرکردەیەک دیزاینی سیاسەتی ئابوریی بکەن و سەرچاوەکان تەرخانبکەن، موڵک و ماڵی خەڵک داگیربکەن، ئیدی ئەو حکومەتە هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ کەرتی تایبەت دەبێت بە کێشە و بەربەستی گەشەسەندن.
دەبێت ئەوە بڵێین بەبێ گەشەی دەزگایی (واتە یاسا و دەستوری مەدەنیی، حکومەتێک بتوانێت جێبەجێ بکات، کەلتورێکی سیاسییش یارمەتیدەری بێت) و چاککردنی لایەنی جێبەجێکار بەتایبەتیی، لە هەلومەرجێکیشدا نەوت هەژمونی کردوە بەسەر ئابورییەکەدا، هەر پرۆژەیەکی هێزە حکومڕانەکان چ بۆ بەردەوامییدان بە مانەوەی خۆیان یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت وەک لە ساڵی رابردو پلان هەبو، کارەساتی گەورە دەهێنێت. بەپێچەوانەوە، بەهێزکردنی دەزگا، ئۆتۆنۆمیی زیاتر بۆ هەرێم دەهێنێت و جیابونەوە لە عێراق ئاسانتر دەکات، هێز دەبەخشێتەوە هەرێم، زیرەکانەتر بە رێگای جیابونەوەدا دەڕوات ئەگەر گەلانی کوردستان و عێراق لەو باوەڕەدا بون جیابونەوە باشترە لە پێکەوەژیان لەگەڵ عێراق. دیسانەوە ئەمەش کاری زۆری دەوێت و پرۆسەیەکە بە بازدان نایەتەدی.
فاکتەری مێژویی، کە مەبەست لێی رۆڵی داگیرکارە، کاریگەریی گەورەی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان هەبوە و هەیە. لەبەرئەوەی داگیرکارانی کوردستان هەر لە ئیمپراتۆری عوسمانییەوە بۆ بەریتانیا و فەڕەنسا و پاشان دەوڵەتی عێراق و بەتایبەتتریش بەعسییەکان دەزگای ناچالاک و پەڕپوت و مشەخۆریان بۆ هەرێمی کوردستان جێهێشتوە، ئەوا هەر جوڵەیەکی یەکلایەنە بەرەو جیابونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەت وادەکات قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستاندا قوڵتر ببنەوە و دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراسیخواز دروست نەبێت. هەروەها، لایەنی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان وادەکات پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەت ئامانجی خۆشگوزەرانیی نەپێکێت. کەواتە هەر سێ فاکتەرەکە (کە مەبەستمان لاوازیی دەزگا، فاکتەری مێژوویی، و هۆکاری جیۆپۆڵەتیکیی) وادەکەن پرۆژەی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراسخواز ئەستەم بێت. سەرباری ئەمانەش، راگەیاندنی دەوڵەت لە ناوچەیەکدا کێشە بۆ وڵاتانی زلهێزدەنێتەوە، لەبەرئەوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی تری سەر زەوی دەوروژێنێت، بۆیە پشتیوانیی ناکەن لە هەلومەرجی زۆر دیاریکراودا نەبێت. رەنگە هەر لەبەرئەمەش بوو‌بێت کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفا، رێکخەری پێشوی بزوتنەوەی گۆڕان، لەم دواییانەدا هەمیشە پێداگریی لە گەشەی دەزگایی دەکرد و پرسی دەوڵەت و جیابونەوەی نەدەهێنایە پێشەوەی شانۆی سیاسەت. تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە تا لە ستراتیجی چاکسازیی ئابوریی و سیاسیی تێبگەین و بزانین دوای وردبونەوە لەم خاڵانە ئەوجا قسە لەسەر چاکسازییەک کراوە کە لە تونادا بێت. پەیوەست بە دەوڵەت و چاکسازیی، ئێمە پێمانوایە چاکسازیی لە سیستەمی سیاسیی و ئابوریدا زۆر گرنگە. هەر بۆیە، پێویستە ئۆپۆزسیۆن لەوەدا خۆی یەکلایی بکاتەوە کە پرۆژەکانی بە ئاراستەی چاکسازیی سیاسیی و ئابوریی بن نەک هەنگاونان بەرەو دەوڵەت دروستکردن و خۆسەرقاڵکردن بە گوتارێک کە لە مەحاڵ نزیکترە، یان ئەگەر روشبدا کارەساتبارە.

بۆیە سەرەتا لە بیناکردنەوەی حکومەتەوە دەستپێدەکرێتەوە. واتە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی دەزگا کە لایەنی جێبەجێکارە دەبێت چاکبکرێت. حکومەت دەبێت نوێنەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک بێت و بتوانێت بەرژەوەندیی تایبەتیی تاکەکان رێکبخات بەشێوەیەک کەمترین ململانێ بکەوێتەوە، یان ململانێ و ناکۆکییەکان ئاشتیخوازانە چارەسەربکرێن. دەستەڵاتەکانی هەرێم دەبێت رێژەیەک ئۆتۆنۆمییان هەبێت و بەڕێوەبردن بەشێوازی ستونیی کۆتایی پێبێت. دادگا یەکێکە لە گرنگترین دەزگاکان کە دەبێت ئۆتۆنۆمیی هەبێت و بتوانێت یاساکان بەسەر هەمواندا بچەسپێنێت.

دوای بیناکردنەوەی حکومەت بەشێوەیەک یاسای مەدەنیی هەبێت، مافی تاکەکان رون و رەوان دیاریی بکات، زانیاریی ببەخشێت و شەفاف بێت، توانای لێپرسینەوە هەبێت لێی، بتوانێت کۆمەکی ئەو کەسانە بکات کە بەهۆیەک بێبەش دەبن (وەک بێکاران، ئەوانەی ناتەندروستن، بەساڵاچوان، بێسەرپەرشتان، هتد)، لەو شوێنانەی کە پێویست نییە پاشەکشە بکات و جێی بهێڵێت بۆ کەرتی تایبەت و لەو شوێنەی پێویستە حکومەت ئامادەبێت، ئەوجا سەرەی دەرفەتکردنەوەیە لە بەردەم کەرتی تایبەتدا بەشێوەیەک دەرفەتی یەکسان برەخسێنێت. بونی کەرتی تایبەتێکی چالاک و بەهێز وادەکات داهات سەقامگیرتر بێت، ئابوریی هەرێم باشتر بەرگەی قەیران بگرێت، دەرفەتی کارکردن زیاتر بێت و خەڵک هێندە پێویستی بە حزب و حکومەت نەبێت کارێکی شایستەی بۆ بدۆزنەوە. بەپێچەوانەوە، فرۆشتنی کەرتی گشتیی بە کەرتی تایبەت تەنیا درێژکردنەوەی تەمەنی قەیران و دەستەڵاتی دەستەڵاتدارانە بەو هۆیەوە هێز لە حکومەتەوە دەچێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەرتی تایبەت دەگرنە دەست کە زۆربەی جار هەر هەمان ئەو کەسانەن حکومەت بەڕێوەدەبن.

بە کورتیی، هەنگاوەکان بەم شێوەیە دەبن: سەرەتا گەشەپێدانی دەزگایی کە دانانی سنورێکە لەبەردەم بەرژەوەندیی تایبەتیی و رێزگرتنی بەرژەوەندیی تایبەتیی و گشتیشە، پاشان چالاککردنی رۆڵی حکومەت لەناو ئابورییەکەدا و دابەشکردنەوەی دەستەڵات و رۆڵەکانی، دواتر بەهێزکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت. ئەمە نابێت بەو مانایە لێک بدرێتەوە ئێمە دژی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتین، بەپێچەوانەوە، کەرتی تایبەت بە بناغەی پێشکەوتنی ئابوریی دەزانین، بەڵام پێمانوایە کەرتی تایبەت دەبێت لە قۆرخکاریی سیاسیی رزگار بێت و بەتایبەتکردنی کەرتی گشتییش نابێت دژ بێت بە دەستور و قانونەکانی عێراق چونکە ئاستی ژیانی خەڵک بەو رادەیە گەشەی نەکردوە کە کەرتە گشتییەکان بخرێنە سەر کەرتی تایبەت و کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر چینی ناوەڕاست و خوارەوە دروستنەکات.

**دووەم/ سیاسەتی ئابوریی و گەشەسەندن**

کێشەی ئابوریی و سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، بگرە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سێ شتی سەرەکییە.

*کێشەی یەکەم ناهاوسەنگیی ئابوریە*. ئابوریی هەرێم لە هەردو ئاستی دەرەکیی و ناوخۆییدا توشی ناهاوسەنگییەکی قوڵ بوەتەوە. لە ئاستی دەرەکییدا، زۆربەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی هاوردە دەکات و کەمترین شمەک و خزمەتگوزاریی هەناردە دەکات، پشکی زۆری هەناردەش لەسەر نەوت وەستاوە، ئەوەشمان بیرنەچێت پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا پیشەسازییەکی ناوخۆیی نییە و تەنها بۆ هەندێک بواری خزمەتگوزاریی نەبێت، پشت بە توانای خۆماڵیی نابەستێت.. لە ئاستی ناوخۆدا ناهاوسەنگییەکان زۆرن، کە بە کورتیی ئەمانەن:

1 - کۆمەتێکی زەبەلاح کە خاوەنی بەشی زۆری هێزی کارە بەرامبەر بە کەرتێکی تایبەتی لاواز و بچوک

2 - کەرتی نەوت لەلایەک و تەواوی کەرتەکانی تر لە لایەکەی تر. واتە کەرتی نەوت لەلایەک و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتیاریی و ئەوانی تر لەلایەکەی تر .
3 - کەمینەیەک دەوڵەمەند و خاوەن موڵک و زۆرینەش هەژار.
4 - دانیشتوان لە شارەکاندا کۆدەبنەوە و دەرەوەی شارەکان جێدەهێڵرێت.

هۆی سەرەکیی ئەم ناهاوسەنگییانە بریتییە لە پشتبەستن بە سامانی سروشتیی، بەتایبەت نەوت، چونکە داهاتی خێرا و دراوی قورس دەهێنێتە ئابورییەکەوە، نرخەکەیشی جێگیر نییە بۆیە گەشەی ئابوریی زو زو پەکدەخات. کەواتە هەڵەیە لە هەناردەدا پشت بە یەک سەرچاوە ببەستین.

*کێشەی دوەم ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانن.* داهاتی نەوت ڕەفتاری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت. هەندێکیان وا لێدەکات لە پێناوی دەستکەوتی ماددییدا کەسایەتیی خۆیان بدۆڕێنن، هەندێکیان تەمبەڵ دەکات، هەندێک قەڵەو و هەندێک سیس دەکات، بەرهەمهێنەرانیش پەکدەخات و دەیانکات بە بەرخۆر. کێشەی سێیەم بریتییە لە بونیادی دەوڵەت و دروستکردنی حکومەتی زەبەلاحی پایە لەرزۆک کە پتر بۆ بەرژەوەندیی بنەماڵەی دەسترۆیشو کاردەکات، یان بۆ نەهێشتنی نیگەرانیی باڵە ناکۆک و حیزبە ناکۆکەکان دروستدەکرێت. تا پۆست و وەزارەتی زیاتر هەبێت، نیگەرانییەکان و دەنگە-دەنگی ئەوانیتر دەتوانرێت کپبکرێن.

سیاسەتی ئابوریی دەبێت ئامانجی ئەوە بێت ئەو ناهاوسەنگییانەی ئابوریی چاکبکات و وڵات لە قەیرانی قوڵ و ترسناک بپارێزێت. پاشان لە گەشەی ئابورییەوە بگوازێتەوە بۆ گەشەسەندن، واتە بۆ ئاستێک کە تەنیا ئاستی بژێویی باش نەکات، بەڵکو کوالیتی ژیان باش بکات، ڕێژەی مەرگ لەناو منداڵاندا کەمبکاتەوە، تێکڕای تەمەن بۆ تاکەکان بەرزبکاتەوە، بنەمای هۆشیاریی و خوێندەواریی تاکەکان پتەوبکات، هەنگاوێکی لەم چەشنە وادەکات خۆشگوزەرانیی تاکەکان پێشبکەوێت، دایکان و باوکان کەمتر ئازاری جەرگسوتان ببین، خوشکان و برایان کەمتر ڕەشپۆش و دڵشکاو بژین. ئەم بۆچونە واتای ئەوەش کە دەوڵەمەندیی بەس نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک خۆشگوزەران بێت، وەک هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن. هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە تاکەکانی دەوڵەمەند بکات، بەڵام دەتوانرێت ڕێژەی هەژاریی بنبڕبکات یان کەمبکاتەوە و ژیانێکی شایستە دابینبکرێت .

بەگشتیی، سێ جۆری سەرەکیی سیاسەتی ئابوریی پەیڕەودەکرێت .

<u>1- سیاسەتی جێگاگرتنەوەی هاوردەی پیشەسازیی.</u> مەبەست لەم سیاسەتە ئەوەیە لەناوخۆدا کاڵای پیشەسازیی (وەک ڕستن و چنین، چیمەنتۆ، ئاسن و ستیل) بەرهەمبهێنرێت و پشت بە بازاڕی جیهانیی نەبەسترێت. ئەگەرچی سیاسەتێکە ئابوریی پتەودەکات، بەڵام تێچوی بەرزە و ئاسان نییە، چونکە کشتوکاڵ فەرامۆشکراوە، ئاستی داهات لەناوخۆدا نزمە، کارامەیی کارمەند پێشنەکەوتوە، و ئامێر و تەکنۆلۆجیاش بەردەست نییە. هەروەها حکومەتی هەرێم لاوازە و دەوڵەتانی ناوچەکە بەهێزن و حکومەت تواناى نییە گومرگ لەسەر کاڵای هاوردە دابنێت تا ڕێگریی لە ڕکابەریی پیشەسازیی ناوخۆ بگرێت. ئەزمونی وڵاتان پیشانیداوە کە ئەم سیاسەتە کشتوکاڵ دەکات بە قوربانیی، لەبەرئەوەی حکومەت ناچارە باج بخاتەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی تا داهات پەیدابکات بۆ گەشەی پیشەسازیی. لە هەرێمی کوردستاندا کێشەیەك ئەوەیە ڕێژەی بێکاریی بەرزە. پیشەسازیی پتر سەرمایە بەکاردەهێنێت وەک لە هێزی کار. پەنابردن بۆ ئەم سیاسەتە گونجاوە کاتێک کارامەیی هێزی کار بەرزدەبێتەوە و توانای ئەوەی دەبێت بەرهەم بە نرخێکی گونجاو بگەیەنێتە بازاڕی ناوخۆ و ڕکابەریی بەرهەمی بیانیی بکات بەبێ ئەوەی پێویست بکات گومرگی بەرز لەسەر کاڵای هاوردە دابنرێت .

<u>2- سیاسەتی هاندانی هەمەرەنگکردنی هەناردە</u>. تا ئەمڕۆ، حکومەتی هەرێم پتر سیاسەتی هەناردەی نەوتی پەیڕەوکردوە، بۆ ئەوەی بەخێرایی داهاتی بێتەدەست، شوێن و پێگەی کەمینەیەکی سیاسیی بەهێزتر ببێت، هەروەها بانگەشەی ئەوەشیان کردوە گوایە ڕێگایەکە بۆ سەربەخۆیی سیاسیی، کە ئەزمون پیشانیدا ڕێگایەک بو کارەساتی دروستکرد لە بری هێنانی دەوڵەت. وەک پێشتر ڕونکرایەوە، سیاسەتی هەناردەی نەوت لە دژی گەشەی پیشەسازیی و کشتوکاڵ دەوەستێتەوە، چونکە دراوی قورس دەهێنێتە وڵاتەوە و هەناردە بەهێزدەکات، پاشان نرخی نەوت جێگیر نابێت و دادەبەزێت تا تەواوی پلانی ئابوریی توشی شکست دەکات.

سیاسەتی هەناردەی بەروبومی کشتوکاڵیی پتر لەگەڵ دۆخی هەرێمی کوردستان دەگونجێت. ئەگەرچی سەختە جارێکیتر باوەڕ بە کەسێک بهێنیت پێشتر جوتیار بوە و بچێتەوە بواری کشتوکاڵ، بەڵام هەبونی زەوی و شارەزایی لە بواری کشتوکاڵدا دو دەرفەتی گرنگن وادەکەن هەرێمی کوردستان بتوانێت وەبەرهێنان لەسەر ئەم کەرتە ئابورییە بکات. بۆ ئەوەش پیشەسازیی ببوژێنرێتەوە، دەبێت سەرەتا کشتوکاڵ ببوژێنرێتەوە، ئەوکاتە دەرفەتی کار دروستدەبێت و بێکاریی کەمدەبێتەوە و داهات زیاددەکات، وادەکات کاڵای پیشەسازیی ساغبکرێتەوە. هەروەها، بازاڕی عێراق بۆ

جوتیار و وەبەرهێنی هەرێمی کوردستان ئاسانترە لە روی یاسایی و زۆر شتی دیکەوە کە دەتوانرێت سودی لێ ببینرێت. بێگومان هەم ناجێگیریی نرخی بەروبومی کشتوکاڵیی و هەم هۆکاری سروشتیی هەمیشە کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر ئامانجەکانی سیاسەتەکە. ئەم سیاسەتە پێویستی بە گرێبەستە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و ئاسیا و رۆژئاوا و وڵاتانی تر.

گرنگە ئەوەیە ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، ئەوا بەروبومەکانی تر یارمەتیدەری ئابوریی هەرێمدەبن سەقامگیربێت. ئەمەش مانای ئەوەی سیاسەتی هەناردەی نەوت بەردەوام دەبێت، چونکە هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی خێرا لە ماوەی کورتخایەندا نییە. داهاتی نەوت و داهاتەکانی تر ئاراستەی کەرتەکانی تر دەکرێت، بەتایبەت تەندروستیی و خوێندن و کشتوکاڵ. لە ماوەی کورتخایەندا، کەرتی گەشتوگوزاریش دەتوانێت سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی هەرێم بێت و پێویستە فەرامۆشنەکرێت.

بەکورتیی، رەخنەگرتن لە رەفتاری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان (وەک بەشێ لە مامۆستایانی زانکۆ، میدیاکاران، رۆشنبیران، مامۆستایانی ئاینیی، هتد، کە خزمەتی ستمەکاریی دەکەن) لە شوێنی خۆی دایە، بەڵام ئەگەر سیستمی ئابوریی و سیاسیی نەگۆڕدرێن، ئەوا ئەوان بەئاسانیی ناتوانن رەفتارەکانیان بگۆڕن. ئابورییەکی بەهێز، سەقامگیر، پشتبەستوو بە زیاد لە کەرتێکی ئابوریی وادەکات تاکەکان ناچار نەبن بەرگریی لە ناهەق بکەن.

**سێیەم/ سامانی سروشتیی و ژینگەدۆستیی**

کوردستان لە سامانی سروشتییدا دەوڵەمەندە، هەرچەندە بەتەواوی پشتڕاستنەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێم دەگوترێت هەرێمی کوردستان خاوەنی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و ٨-١٠ تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی یەدەگە کە ئەوە هەرێمی کوردستان لە لیستی دەوڵەمەندترین وڵاتانی دونیا دادەنێت بە سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتیی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بۆ گەشەسەندن سود لەو سەرچاوانە ببینێت، بەڵکو لەبەر هەمان هۆ سەرمایەی مرۆیی فەرامۆش کراوە. ئێمە لە بەشەکانی پێشودا لەسەر کێشەی نەوت و ناهاوسەنگیی ئابوریی دواین. لێرەدا پتر قسە لەسەر چاکسازیی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا دەکەین.

ستراتیجیی فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆیی گرفتی گەورەی دروستکردوە و چەندینساڵی دەوێت تا شوێنەواری بسڕێتەوە. لە ڕیزی ئەو گرفتانە و چارەسەرەکانی ئەمانەن:

1-گۆڕینی وەزیرێک بە وەزیرێکی تر ناتوانێت وەزیفەی وەزارەتەکە بگۆڕێت. ئەگەرچی ئەمە هەنگاوێکە، بەڵام پێویستە داهاتی نەوت بکەوێتە دەستی دەستەیەکی دیاریکراوی متمانەپێکراو کە تەرخانی بکات بۆ پرۆسەی گەشەسەندن.

2- بەرهەمهێنانی نەوت و گاز کراوە بە ئەولەوییەت. دەبێت گەشەدان بە سەرمایەی مرۆیی بکرێت بە ئەولەوییەت.

3- پرسی ژینگە بە تەواوی فەرامۆشکراوە و کراوە بە قوربانیی داهاتی نەوت و گاز. ئابورییەکی سەوز ئەگەر لە ماوەی کورتخایەنیشدا داهاتێکی زۆر نەخاتەدەست هێشتا بنەمای کۆمەڵگەیەکی تەندروستە. ئەوەی لە داهاتی نەوت و گاز دەستدەکەوێت دواتر دەدرێتەوە بە دەرمان ئەگەر چارەسەری کێشەی ژینگە نەکرێت. حکومەتی هەرێم بە هۆی هەبونی قەیرانی کارەباوە بودجەیەکی زەبەلاح خەرجدەکات، دەبێت پرۆژەیەکی هەبێت لە ماوەی ١٠ ساڵدا لای کەم سەدا ٣٠-٤٠ سود لە تیشکی خۆر و با و ئاو وەربگیرێت هەم بۆ بەدەستهێنانی وزەی خاوێن. حکومەتی هەرێم لەبری ئەوەی گازی سروشتیی و گازوایل بەکاربێنێت بۆ بەدەستهێنانی کارەبا، دەتوانێت ئەو بەرهەمانە بفرۆشێت، ئەوکات دو جار خەڵک و ژینگە و حکومەتی هەرێم قازانج دەکەن؛ جارێک ژینگە خاوێن دەبێتەوە، جارێکیش هەرێم بۆ درێژمەودا دەبێتە خاوەنی وزەی خاوێن .

4- نابێت ناوچەی سەوزایی و سروشتیی بکرێت بە قوربانیی کێڵگەیەکی نەوت.

5- خەمی نەوەکانی ئایندە نەخوراوە و پەلەپەلی زۆر هەیە لە دەرهێنان و گەشەدان بە پیشەسازیی نەوت. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەبێت سنورداربکرێت، داهاتەکەیشی بەشێوەیەک تەرخانبکرێت کە نەوەکانی ئایندە لۆمەی نەوەی ئێستا نەکەن بەڵکو سوپاسگوزاربن کە بەو داهاتە ئابورییەکی سەوزی پتەو بیناکراوە. هەرچەندە دیدێکی خۆپەرستانەیە، بەڵام لە ئێستادا حکومەتی هەرێم بودجە لە بەغداد وەردەگرێت، بۆیە رادەی بەرهەمی زۆر و کەمیی هەرێم کاریگەریی لە بودجەکەی ناکات. عێراق قەرەبوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی نەکردۆتەوە لە بەرنبەر ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆساید، بۆیە هەرێم پێویستە تا چەند ساڵێکی تریش سود لە بودجەکەی بەغداد وەربگرێت زیاتر لەوەی نەوتی خۆی دەربێنێت.

6- فرۆشتنی نەوت پتر لە شێوەی قاچاخ دایە و پشتیوانیی یاسایی و دەستووریی لاوازە. بەم هۆیەوە نە دەزانرێت تێچوی بەرهەمهێنانی نەوت چەندە و نە دەزانرێت نرخەکەی چەندە. تێچوی بەرهەمهێنانی نەوت و نرخەکەی دەبێت رابگەیەنرێت.
7- گرێبەستەکانی نەوت ئاشکرا نین و ئاڵۆزیی تیادایە. دەبێت بۆ رای گشتیی رابگەیەنرێت یان بخرێتە بەرچاوی پەرلەمانتاران.
8- گرێبەستەکانی نەوت بەشێوەیەکە کە قازانجەکەی پتر بۆ کۆمپانیاکانە وەک لە حکومەت. ئەم کێشەیە دەبێت چارەسەر بکرێت و نەوتی هەرێم بە تاڵان نەبرێت.
9- گرێبەستەکانی نەوت و گاز دەبێت لەگەڵ عێراقدا چارەسەر بکرێت و پشتیوانیی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی دەبێت لە دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بمێنێتەوە.
10- سود لە باج دەبینرێت بۆ پاراستنی ژینگە و باج لەسەر هەر کۆمپانیایەکی ژینگەپیسکەر بە رێژەیەک بەرزدەکرێتەوە. بەڵام ئەم هەنگاوە درێژخایەنە و بەئەنجام ناگات هەتا ئاستێکی داهاتی جێگیر بۆ هەرێمی کوردستان دابین نەکرێت. پاراستنی ژینگە کاری هاوبەشی نێونەتەوەیی دەوێت.

**چوارەم/ سیاسەتی دارایی و قەرزداریی**

سیاسەتی دارایی لایەنی داهات و خەرجیی حکومەت دەگرێتەوە. با لە قەرزارییەوە دەستپێبکەین.
حکومەتی هەرێم قەرزێکی گەورەی کەوتوەتە ئەستۆ و باس لەوە دەکرێت قەرزەکان سەروی ٢٠ ملیار دۆلار بن، کە ئەمە رێژەیەکی مەترسیدارە و ٢٠٠ لە سەدای جیدیپی(GDP) هەرێمی کوردستان زیاترە. بەڵام ناتوانیین تەواو دڵنیابین لە ئاستی ئەم مەترسییە بەو هۆیەوە پوختەی قەرزی راستەقینە روننەکراوەتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم قەرزدارییە ئەوە بو پارەیەکی زۆری لەسەر گەشەی کەرتی نەوت تەرخانکرد. بەشێکی تریشی پەیوەندیی بەدابەزینی نرخی نەوت و برینی بودجە و ناشەفافیی فرۆشتنی نەوتەوەیە کە وایکردوە ناچارن بەنرخی کەمتر لە بازارش بیفرۆشن.
ئێستا خەڵک قەرزداریی حکومەتە، حکومەت قەرزداریی خەڵکە، خەڵک قەرزداریی بانکەکان و فرۆشیارانە، فرۆشیاران و بانکەکانیش قەرزداری لایەنی ترن. لەم روەوە، ئەرکی حکومەتی نوێ ئەوەیە:
1- راپۆرتێکی ورد دەربارەی قەرز ئامادەبکات، تیایدا دەربیخات حکومەت چەند قەرزدارە، قەرزداری کێیە، نرخی سودەکەی چەندە؟
2- پاکتاوی قەرز لەنێوان هەر یەک لەو لایەنانەدا هەنگاوی یەکەمە بۆ تێکشاندنی ئەڵقەی قەرزداریی. بۆ نمونە، حکومەت چەندی لای هەر کەسێک یان خێزانێکە و تاک یان خێزان چەندی لای حکومەتە پاکتاودەکرێت. پاشان بڕی قەرز دیاریی دەکرێت.
3- کاتێک قەرز ئاستێکی دیاریکراو تێدەپەڕێنێت، ئەوا گەشەی ئابوریی خاودەکاتەوە. بۆیە ئەگەر هێشتا رێژەی قەرز لە کۆی بەرهەمی وڵات (واتە جی دی پی) ئاستی 30-40% تێپەڕاندبو، ئەوا دەبێت ئەولەویەتی حکومەت دانەوەی قەرزەکان بێت.
4- دانەوەی قەرزی موچەی فەرمانبەران ئەولەویەتی یەکەمە. بەڵام قەرزی بەڵێندەران و وەبەرهێنەرانیش فەرامۆش ناکرێت.
چارەسەری قەرزاریی پێویستی بەوەش هەیە حکومەت دو میکانیزمە سەرەکییەکەی سیاسەتی دارایی بخاتەگەڕ و چالاکیان بکات. لەلایەک، باج لەسەر کۆمپانیاکان دەبێت رون و رەوان بێت و بەرزبکرێتەوە بەرێژەیەک پاڵنەری بزنس لاواز نەکات. دوای دانەوەی پاشەکەوتی فەرمانبەران، رەنگە پێویست بکات باجی داهاتی سەر تەواوی کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت و حکومەتیش بەرێژەیەکی کەم بەرزبکرێتەوە. پاشەکەوتی موچە هەمیشە ئەگەری ئەوەی هەیە پارەکەت بفەوتێنێت، بەڵام باجدانان ئەگەری ئەوەی هەیە پارەکەت باشتر خەرجبکرێت.
رەنگە هەندێک دڵگران بن بە پێدانی باج. بەڵام وەک ئینگلیز دەڵێت "هیچ ژەمە خۆراکێکی بەلاش دەستناکەوێت". باجدانان یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان بۆ ئەوەی نایەکسانیی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار کەمبکرێتەوە. هەروەها خەڵکیش هاندەدات چاودێربن بەسەر خەرجییەکانی حکومەت و پلانەکانییەوە، چونکە لە پارەی خۆیانە.
لەلایەکەی ترەوە، بۆئەوەی جێگیرییەک لە داهاتی حکومەت و موچەی فەرمانبەراندا هەبێت، یەکێک لە چارەسەرەکان ئەوەیە باج بدرێت، باجی سەر داهات و باجی سەر کاڵا (بەڵام ئەمەی دوایی پلانی وردی دەوێت بەو هۆیەوە رەنگە هەڵئاوسان دروستبکات). لەلایەکی تریشەوە، باجدانان ئاستی بەکاربردن رێکدەخات. لەبری ئەوەی بەکاربەر دەمودەست پارەکەی خەرج بکات، رێژەیەکی دەچێتەوە بۆ حکومەت، بۆیە حکومەت توشی مایەپوچبون نابێت. کاتێکش

حکومەت توشی مایەپوچبون ببێت، هەموو تاک و خێزانەکانیش مایەپوچدەکات. ئەو باجەی دەدرێت دەشێت بەشێکی لای حکومەت پاشەکەوت بکرێت. بەشێک لە پاشەکەوتەکە لە شێوەی زێڕ و دراوی قورسدا هەڵدەگیرێت بۆ رۆژی رەش. بەشەکەی تری جارێکیتر دەچێتەوە پرۆسەی وەبەرهێنان. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە وەبەرهێنانەکە هەموی روی لەناوخۆ نەبێت، بەڵکو هەمەرەنگ بێت و بەشێکی روبکاتە ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی بەهێزن و سەقامگیرن. ئەو کاتەش لەناوخۆدا وەبەرهێنان پاشەکشەیکرد، یان بەهای دراوی ناوخۆ هارەیکرد، سود لەو وەبەرهێنانە وەردەگیرێت کە چوەتە دەرەوەی وڵات.

حکومەت دەبێت هاوکاریی تاک و خێزانە هەژارەکانیش بکات، خانەنشینیی دابینبکات، بیمەی بێکاریی ببڕێتەوە. باجدان جۆرێکە لە کۆمەکی خەڵک بۆ یارمەتیی هەژاران لەڕێی حکومەتەوە. ئەگەر حکومەت داهاتێکی جێگیریی نەبێت ئەستەمە بتوانێت خەرجییەکی جێگیری هەبێت و لە ئاستێک دانەبەزێت. ئەوەی حکومەت پێویستە پاشکەوتی هەبێت مانای ئەوەشە کە دەبێت خۆی لە وروژمی خەرجیی زەبەلاحی بەردەوام بپارێزێت. سەقامگیریی ئابوریی و گەشەیەکی خاو زۆر باشترە لە ناسەقامگیریی و تێکدانی پلانی وەبەرهێنەر و بەکاربەر و گەشەیەکی پچڕپچڕ.

سیاسەتی دارایی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابورییەوە جێبەجێدەکرێت. ئەم وەزارەتە چەند ئەرکێکی گرنگی تری لەسەرە، لەوانە:

1 - دەرهێنانی بودجەی حکومەت ساڵانە بەبێ دواکەتن و لە کاتی خۆیدا.

2 - بۆ دەرهێنانی بودجە، هەر وەزارەتێک سەرەتا لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی خۆی دەکات. پاشان ستافێک دەنێرێت بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوریی بەمەبەستی رونکردنەوەی بڕگەکانی پلانەکەیان. ستافی پەیوەندیدار لە وەزارەتی دارایی و ئابوریی بەوردیی هەڵسەنگاندن بۆ پێداویستییەکانیان دەکات و رەزامەندیی لەسەر دەکات.

3 - پرەنسیپی سەرەکیی بۆ هەر وەزارەتێک ئەوەیە بڕی پارەی دیاریکراو بەفیڕۆنەدات و سودی لێ ببینرێت. خەرجکردنی پارە دەبێت بەمەبەستی گەشەسەندنی بەردەوام بێت.

4 - ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەک بڕێک پارەی ساڵانەی لێ مایەوە و خەرجی نەکرد، ئەوا هیچ ناچار نابێت بە پەلەپەل خەرجی بکات، بەڵکو مافی خۆیەتی و بۆی دەخرێتە سەر داهاتی ساڵانی داهاتوی. پاشەکەوتی پارەکەیان زۆر باشترە لە بەفیڕۆدانی. پێشتر هەر بەڕێوەبەرایەتییەک داهاتەکەی خەرجنەکرایە، ساڵی دواتر وەزارەتیی دارایی و ئابوریی داهاتەکەیان کەمدەکردەوە، ئەمەش وایدەکرد بە پەلەپەل و لە ترسدا خەرجی بکەن و بەفیڕۆی بدەن.

5 - وەزارەتی دارایی و ئابوریی دوای وەرگرتنی رەزامەندیی لە حکومەتی ناوەند ئامرازی کڕین و فرۆشتنی قەواڵە (السندات) پەیڕەودەکات. یان لقی بانکی ناوەندیی عێراق لە هەرێم دەتوانێت بەم سیاسەتە هەستێت. گرنگی ئەم ئامرازە لەوەدایە کە حکومەت دەتوانێت پارە لە بازاڕ راکێشێتەوە و نەهێڵێت نرخەکەی دابەزێت. هەروەها، بۆ کڕیاران جۆرێکە لە وەبەرهێنان بە پاشەکەوتەکانیانەوە، لەبری ئەوەی بیخەنە بزنسێکەوە یان پشکێک بکڕن کە ئایندەی رۆشن نییە.

6 - وەزارەتی دارایی و ئابوریی تەکنیکی کۆکردنەوەی داهاتەکانی پێشدەخات، سیستمی نوێی ژمێریاریی و تەکنۆلۆجیی لە کۆکردنەوەی داهاتەکانییدا بەکاردەهێنێت و رێ لە دزینی پارەی گومرگ و باج دەگرێت.

7 - وەزارەتی دارایی و ئابوریی داهاتەکانی هەرێم ئاشکرادەکات و دەیخاتە بەرچاوی میدیا و رای گشتیی.

8 - وەزارەتی دارایی و ئابوریی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە پەیوەندییدا دەبێت بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمیی هەبێت لە سیاسەتەکانی. دروستکردنەوەی متمانە لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمدا هەرگیز رونادات ئەگەر حکومەتی هەرێم رون و رەوان داهاتەکانی نەخاتە بەرچاوی حکومەتی عێراق. شاردنەوەی هەر داهاتێک دزییە و دژ بە پرەنسیپەکانی دادپەوەریی و دیموکراسیی و پێکەوەژیانە. هاوکات وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەوڵدەدات ترسی حکومەتی عێراق لە گەشەی هەرێمی کوردستان برەوێنێتەوە و بیسلەمێنێت کە زیانی بۆ عێراق نابێت بەڵکو سودی دەبێت، وەک چۆن گەشەی عێراق لە نێوان 2005 بۆ 2013 سودی بۆ هەرێم هەبو. هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابوریی کاردەکات بۆ ئەوەی سیاسەتی دارایی لە هەرێمدا سەربەخۆیی زیاتری هەبێت، حکومەتی هەرێم مافی پاشەکەوتی هەبێت، مافی گرێبەستی بازرگانیی هەبێت لەگەڵ وڵاتاندا. سەربەخۆیی سیاسەتی دارایی و بازرگانیی لە هەرێمدا گرنگترە لە سەربەخۆیی لە فرۆشتنی نەوتدا.

**پێنجەم/ پاشەکەوت و وەبەرهێنان**

وەبەرهێنان لە چەندین لاوە توشی کێشە بوە. لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەکورتیی باسیان دەکەین.

1- وەبەرهێنەران رو دەکەنە ئەو بوارانەی بازرگانییان پێوە ناکرێت، وەک خانوبەرە. سیاسەتی هەمەڕەنگکردنی هەنارده کەم تا زۆر لەم رەفتارە دەگۆڕێت. وەبەرهێنان لە خانوبەرەدا بزنسێکی پڕ سود بوە لە چەند ساڵی رابردودا بە هۆی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم بەم کەرتە؛ بۆیە ئەو کەرتە زۆر پێشکەوت بەڵام هیچ قازانجێکی ئەوتۆی بۆ هەرێمی کوردستان نەهێنا چونکە نەیتوانی کێشەی کرێ و گرانیی نرخی خانوبەرە چارەسەربکات، هەروەها گەشەکەشی لەسەر حیسابی پوکانەوە یان رێگرتن لە گەشەی کەرتەکانی تری وەبەرهێنان بو .

2- وەبەرهێنەران سەرمایەکانیان ئاراستەی بوارێک دەکەن کاتی گەڕانەوەی سەرمایەکەیان کەمبێت. چەند حکومەت جێی متمانەبێت لەو روەوە یاسا و سیاسەتەکانی رون بن، بڕیارەکانی دەربارەی وەبەرهێنان زو زو نەگۆڕێت، ململانێی سیاسیی ترس و دڵەڕاوکێ دروستنەکات، سیستمی دارایش جێی متمانەبێت و چالاکبکرێت، هێندە وەبەرهێنەران لەم رەفتارە دوردەکەونەوە.

3- وەبەرهێنی بیانیی پتر رو لە بواری نەوت دەکات، لە کاتێکدا دەکرا بواری تەکنۆلۆجیی و تەکنیکیی بدرێتە دەست ئەوان بە مەرجی فێرکردنی توانای خۆماڵیی. بۆ ئەم مەبەستە هاندانی پێویست گرنگە. بەڵام نابێت ئەوان بڕبڕەی پشتی وەبەرهێنان بن لە هەموو بوارەکاندا، چونکە لە کاتی تێکچونی باری ناوخۆدا دەمودەست وڵات جێدەهێڵن.

4- حکومەت پشکی گەورەی وەبەرهێنانی بەردەکەوێت. لەگەڵ ئەمەشدا، حکومەت لە زۆر بواری وەبەرهێناندا شکستی هێناوە، ئەمەش لە خەرجییەکانی لەسەر خوێندن و جادە و رێگاکان بەرونیی دەبینرێت. دەبێت زەمینەسازیی بکرێت تا کەرتی تایبەت بوێربن لە چونەناو بواری وەبەرهێنانی ستراتیجییەوە.

5- پاشەکەوت بنچینەی وەبەرهێنانە. ئەمەش پێویستی بە گەشەی سیستمی داراییە. هەتا سیستمی دارایی گەشەنەکات، پاشەکەوت لەناوخۆدا گەشە ناکات. پێویستە حکومەت خەڵک دڵنیا بکاتەوە کە جارێکی تر و لە هیچ هەلومەرجێکدا دەستناگرێت بەسەر پاشەکەوتەکانیاندا وەک ئەوەی لە چەند ساڵی رابردودا رویدا. سیستمی دارایی، بەتایبەت مەشینی راکێشانی پارە، دەبێت بگاتە ناحیە و قەزاکان و پاشەکەوتکاران ناچار نەبن بێن بۆ شارەکان بۆ ئەو مەبەستە. ڤیزا کارد و بازاڕکردن بە ئۆنلاین نرخی سیستمی دارایی بەرزدەکاتەوە و کات و وزە بۆ دانیشتوان دەگێڕێتەوە.

6- زۆر لە دانیشتوانی هەرێم ئامادە نین پارەکانیان بەرامبەر بە نرخی سود (سعر الفائدە) بخەنە بانکەکانەوە. گەشەدان بە بانکەکانی ئیسلامیی یارمەتیدەری چارەسەری ئەم کێشەیە.

7- حکومەت لەڕێی لقی بانکی ناوەندیی عێراق لە هەرێمدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی رەزامەندیی بانکی ناوەندیی عێراق وەربگرێت (بۆ نمونە تا بڕی 20 هەزار دۆلار) کە ئەو بەرپرس بێت کاتێک بانکەکە توشی مایەپوچبون بو. ئەمە هانی هاونیشتمانییان دەدات دودڵ نەبن لەوەی پارەکانیان پاشەکەوت بکەن.

8- رێگا نەدرێت هیچ بانکێک بەبێ رێوشوێنی ورد قەرز بە هاونیشتیمانیان بدات. لە کاتی مایەپوچبونی بانکەکە یان هاونیشتمانییەکە هەردو لایەن دەکەونە مەترسییەوە. دەبێت حکومەت بوار نەدات بەبێ رێنمایی ورد قەرزبدرێت یان بانکەکە وەبەرهێنان بە پاشەکەوتی پاشەکەوتکارانەوە بکات. لە ریزی ئەو رێنماییانە ئەمانەن:

ڕ -هیچ بانکێک رێگاپێدراو نییە کە لە کۆی لە 30%ی داهاتیساڵێکی هاونیشتمانییەکە زیاتر قەرزبدات.

ب -هاونیشتمانیی مافی خۆیەتی تەحقیق بکات لە بانکەکە کە پاشەکەوتەکەی چی لێ دەکات، بۆ دەدرێت بە قەرز، بە کێ دەدرێت و بە چ بوارێک. بۆ ئەمەش دەبێت لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بێت لەگەڵ پاشکەوتکار و شەفافانە پلانەکانی خۆی رابگەیەنێت، نەک شاراوە و وەک وەکیلێکی سەربەخۆ .

ت -حکومەت مافی خۆیەتیی تەحقیق بکات لە پلانی بانکەکە و چۆنێتی قەرزدان و ئامانجەکانی قەرزدان.

9- لە کەرتی تایبەتیشدا، میکانیزم و سیاسەتی ئابوریی پێویستە بخرێنەگەڕ تا هانی فەرمانبەران بدات پاشەکەوت بکەن و مشوری ئایندەیان بخۆن. سەرەتا کۆمپانیا قەبارە گەورەکان (بەتایبەت ئەوانەی لە 100 کارمەند زیاتریان هەیە) دەبێت هانی کارمەندەکانیان بدەن کە پاشەکەوت بکەن بۆ تەمەنی خانەنشینیی، ئەویش لەڕێی بڕینی رێژەیەک لە داهاتی مانگانەیان. بەڵام ئەم هەنگاوە خۆبەخشانەیە و ناکرێت بە ئیجباریی بەسەر کارمەندانەوە. یەکێک لە میکانیزمەکان ئەوەیە رێژەی بەرزبونەوەی داهاتی ئایندەیان بۆ پاشەکەوت بکەن بۆ ئەوەی سود لە داهاتی ئێستایان ببینن و داهاتی ئێستایان کەمنەکاتەوە. ئەم پلانە دواتر شۆڕدەکرێتەوە بۆ کۆمپانیای قەبارە بچوکتر.

دەزگای وەبەرهێنان بە هاوکاریی وەزارەتی دارایی و ئابوریی و وەزارەتی پلاندانان دەوڵەمەندکردن و جێبەجێکردنی ئەم پلانە لە ئەستۆ دەگرن.

**شەشەم/ حکومەت و خێزان**

ژیانی مرۆڤ لە چەند قۆناغێک پێکهاتوە. سەرەتا ژیانی لە خێزانەوە دەستپێدەکات. چۆنایەتیی ژیانی ئەو برێکی زۆر لە ئایندەی دیاریی دەکات. ئامانجی سەرەکیی حکومەت دەبێت دروستکردنی مرۆڤی کوالیتیی بێت و کوالیتی ژیانی مرۆڤ چاکبکات، لەبری ئەوەی لە روی ژمارەوە زیادبکەن. منداڵانی خێزانێکی چوار کەسیی یان پێنج کەسیی(بە دایک و باوکیانەوە) بەختێکی باشتریان هەیە لەوەدا باشتر پەروەردە بکرێن، دەرفەتی خوێندنیان دەستبکەوێت، تەندروستییەکی باشتریان هەبێت و ئایندەیەکی مسۆگەرتر بپچڕن.

هۆکارەکانی لەداییکبون زۆرن، لەوانە کێشەی تایفیی و مەزهەبیی. کورد لە ترسی عەرەب و عەرەب لە ترسی کورد، سوننە لە ترسی شیعە و بەپێچەوانەوە منداڵ دەخەنەوە. هۆکارێکی گرنگتر بەرزیی رێژەی مەرگە. هەرچەند رێژەی مەرگ بەرزبێت، هێندە دایکان و باوکان زیاتر بیر لە دروستکردنی منداڵ دەکەنەوە، چونکە ئەگەری لەکیسچونی بەشێکیان بەرزە.

خێرایی رێژەی گەشەی دانیشتوان وادەکات داهاتێکی کەمتر بەر تاکەکان بکەوێت و هێزی کاری ناکارامە زیاد دەکات، فشاردەخاتە سەر نەخۆشخانە و قوتابخانە و خۆراک و ئاو و ئاوەڕۆ لە ماوەی کورتخایەندا، و ئاژاوەی کۆمەڵایەتیی دروستدەبێت.

لەم پرۆسەیەدا حکومەت رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چەندین رێگاوە، لەوانە:

1- پلانی هاریکاریی تاکەکان بەمەبەستی هاوسەرگیریی هیچیتر نەبو جگە لە بەفیڕۆدان و دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی گەشەسەندندا. ئەم سیاسەتە هانی زۆر لە کوڕان و کچانی دەدا کە لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا هاوسەرگیریی بکەن، دەکرێت بڵێین ئەو پێنج ملیۆنە دەبوایە بەر لە هاوسەرگیریی، بۆ دروستکردنی بزنس بوایە تا گەنجان بە گیرفانێکی باشەوە هاوسەرگیریی بکەن نەک بە قەرزی حکومەت و بەبێ ئەوەی خەمی ئەوەیان بخۆن دواتر توشی دەیان کێشەی وەک بێجێگایی و بێئیشیی دەبن. کچانیش زو لە بازاڕی کار دەچنە دەرەوە و سەرقاڵی ئیشی ماڵ دەبن. بڕی پارە بۆ خەڵکی خاوەن پێداویستیی و ناپێداویست وەکو یەکتر بو، کە ئەمە بۆ خۆی نایەکسانییە. بۆیە هیچیتر ئەم سیاسەتە پەیڕەو نەکرێت تەنیا مەگەر بۆ خەڵکی خاوەن پێداویستیی نەبێت (بەساڵاچو و کەمئەندام).

2- حکومەت دەبێت بیربکاتەوە لەوەی کە خێزانێکی نمونەیی ژمارەی ئەندامانی چەند بێت باشە؟ لەدوای سێ منداڵەوە، حکومەت پێویستە هاریکاریی پێشکەش بە خێزانێک نەکات ئەگەر بیانەوێت منداڵی چوارەم دروست بکەن، لەوانە: خزمەتگوزاریی تەندروستیی، دەرماڵەی منداڵ و شتی تری لەو چەشنە. ئەمەش بۆ ئەوەی هەم خێزان و هەم حکومەت بتوانن ژینگەی پەروەردەیەکی هاوچەرخ و تەندروستییەکی باش و ئیشی شایستە بۆ منداڵان بڕەخسێنن. هاوکات هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی لەرێی میدیاوە و چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی منداڵبون پێویستە بەشێکیتری سیاسەتی حکومەت بێت.

3- بەشێکیتری پرۆسەی کەمبونەوەی رێژەی لەداییکبون پەیوەندیی بە بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەوارییی، بەتایبەت لەناو ژنان، و باشبونی تەندروستیی و گەشەی ئابورییەوە هەیە. گەشەی ئابوریی خۆی هانی ژنان دەدات بەرەو بازاڕ بکشێن و ئیشی ماڵداریی کەمبکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر دروستکردنی خێزانی نمونەیی لەروی ژمارەوە. بەڵام ئەم پرۆسەیە خاو و درێژخایەنە.

ئەم پلانە ئەرکی وەزارەتیی دارایی و ئابوریی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە دەوڵەمەندی بکەن و جێبەجێی بکەن.

**حەوتەم/ پەروەردە**

کارایی ئابوورییەک وەستاوەتە سەر توانا و لێهاتویی تاکەکانی کە ئایدیای نوێ بەرهەمدێنن. مرۆڤی کارامە و لێهاتو مرۆڤێکە سەربەخۆیە، پاشکۆ نییە، حزب و دەستەڵاتدار ناتوانن رێ لە تواناکانی بگرن، خاوەن کار ناتوانێت بێسنور ستەمی لێ بکات و موچەی کەمی بۆ دابین بکات، لە بازاڕی ناوخۆدا کاری دەستنەکەوت دەتوانێت لە بازاڕی جیهانییدا شوێن و پێگەیەکی شایستە بە تواناکانی بدۆزێتەوە و وەربگرێت.

رەوزە و قوتابخانەکان بەشێکی گرنگ لە کەسایەتیی تاکەکانیان بە دەستە. تواناکانی تاک لەم قۆناغەدا بەفیڕۆ بروات، ئەوا ئاسان نییە پەیمانگا و زانکۆکان هەڵەکە راستبکەنەوە.

لەسەردەمی بەعسدا، پەیوەندیی مامۆستا و کارگێرییەکان بە قوتابییەکانەوە پتر درێژکراوەی پەیوەندیی دەستەڵات و خەڵک بو. قوتابخانەکان دەبو جەنگاوەر بۆ جەنگەکان و پیاهەڵدان بە سەددام و بەعسدا دروستبکەن، نەوەک بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتریان هەبێت و خزمەتی کۆمەڵگە بکەن. کەرتی خوێندن و پەروەردە دواجار بون بە دەزگایەک بۆ

پاراستنی دەستەڵاتی پیاوانی حزب و فەرمانڕەوا. لە دوای راپەڕین، دیسانەوە شەڕ و ململانێ لەسەر داگیرکردنی حکومەت بایەخی پەروەردە و خوێندنی لە گەشەسەندنی ئابوریيدا لەقکرد. هەمان کەلتوری پێشوش جێمابو. گەندەڵیی و شەڕ و دەستبەسەراگرتنی موڵکی گشتیی بون بە ئامانجی کەمینە و زۆر کەسیان تێوە گلاند. جگە لەمانەش، مەرکەزییەت لە بڕیاردانەدا جێی بڕیاری نامەرکەزیی و ئۆتۆنۆمیی بۆ مامۆستا و کارگێڕییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن (واتە قوتابخانە و زانکۆ) گرتەوە.
کەرتی پەروەردەی حکومیی جگە لە ناجێگریی و نزمیی موچەی مامۆستایان توشی چەندین کێشەی تر بوەتەوە. لە خوارەوە بەشێک لە کێشە و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنی دەخەینەڕو.

1 - پەروەردەی ستەمکاریی. پەروەردەیەکە تاک فێردەکات سەرۆکەکانی بپەرستێت، توانای رەخنەگرتن و بیرکرنەوەی رەخنەییانە دەمرێنێت. پێداوچنەوە بە هەر بڕگەیەکی پەروەردەدا کە ستەمکاریی پیرۆز دەکات، یان تاک فێردەکات سڕینەوەی بەرامبەر لەسەر بیروبۆچون ئاسان سەیربکات، زۆر گرنگە.
2 - سیستمی پەروەردە بیری قوتابیی فراوان ناکات، بەڵکو دایدەخات، بەتایبەت لەبەرئەوەی سەرکەوتن لە خوێندندا لەسەر دەرخکردن وەستاوە. قوتابیی تەنیا بۆ رۆژی تاقیکردنەوەکان خۆی ئامادەدەکات و دوای تاقیکردنەوەکانی کەمترین زانیاریی لە مێشکدا هەڵدەگرێت. یەکێک لە میکانیزمەکانی رزگاربون لەم دۆخە ئەوەیە قوتابیی هانبدرێت بخوێنێتەوە و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند لە هەر قوتابخانەیەکدا دروستبکرێت، دەستی بە زانیاریی نوێ بگات لەرێی ئینتەرنێتەوە، بە گروپ پرێزێنتەیشن بکات بەتایبەت لە قۆناغی شەشەمی سەرەتاییەوە تا متمانە بە کەسایەتیی خۆیان بکەن و فێری کاری تیم ببن. نابێت کۆی نمرەکان لەسەر تاقیکردنەوەی سەر کاغەز بێت، بەڵکو ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن دەبێت بگۆڕێن.
3 - تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ دروستکردنی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی بەمەرجێک بەفیرۆدانی تیادا نەکرێت. شوێنی یاریی منداڵان و باغ و سەوزایی دەبێت پرەنسیپی سەرەکیی بێت لە کاتی نۆژەندکردنەوە یان دروستکردنی قوتابخانەدا .
4 - پچڕان و وەستانی خوێندن دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت دوای دابینکردنی موچەی مامۆستایان.
5 - لەڕاوکێی قۆناغی شەشەم باری دەرونیی زۆر لە قوتابیانی تێکداوە. هۆیەکی ئەمەش ئەوەیە بەمەرکەزیی ناویان لە بوارێک دێتەوە و نمرەکانیان تەنیا بڕیاردەری ئایندەیانە. بەدەر لە نمرە، دەبێت ئامرازی دیکە گەشە پێبدرێت. بۆ نمونە، کاتێک قوتابییەک دەیەوێت بوارێک بخوێنێت، دەبێت تاقیکردنەوەی تیادا بکات. هاوکات دەبێت دەرفەت بکرێتەوە بۆ قوتابییان کە ئەگەر نمرەی نزمیشیان هێنا ئەوا ئەم نمرەنزمییە نەبێت بە سزایەک و تا ئەبەد لێیان نەبێتەوە، بەڵکو کۆرسی تایبەتی بۆ بوارێک بخوێنن لە پەیمانگای باوەڕپێکراودا تا بتوانن بگەنەوە ئەو شوێنەی ئارەزوی دەکەن.
6 - نەبونی ئامرازەکانی هاتوچۆ لە هەندێک ناوچەی دەرەوەی شارەکان وادەکات دایکان و باوکان نەتوانن منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن. لەمەشدا حکومەت دەبێت هاوکاربێت.
7 - دامەزراندنی پۆستە باڵاکانی پەروەردە بە مەرکەزییە. دەبێت هەوڵبدرێت پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی بە هەڵبژاردن بێت نەوەک بە مەرکەزیی و لەسەر پشکی حزبێک. حزب دەتوانێت پەرلەمان بباتەوە و وەزیرەکان دابنێت. بەڵام روبەرەکانی خوارتر دەبێت کراوەبن بۆ کەسی سەربەخۆ و بێلایەن و حزبییش و فەرمانبەران و مامۆستایانی سنوری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەنگیان هەبێت لە دامەزراندنیاندا، لەبری ئەوەی لەسەرەوە و لەلایەن وەزیرێکەوە کە حزب دایناوە و هیچ شارەزاییەکی نییە بسەپێنرێت بەسەریاندا. ئەمەش وادەکات هەڵبژاردن ببێت بە نەریت و لە پەرلەماندا قەتیس نەبێت و کارگێڕییش لە سیستمی مەرکەزیی رزگاربکرێت .
8 - ساڵانە هەڵسەنگاندنی ورد بە پێوەری زانستیی بۆ قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت و حکومەت هەریەک بە جیا بکرێت، چەند قوتابخانەیەکی نمونەیی دەستنیشان بکرێت و حکومەت پاداشتیان بکات بە پارە و ئەوانیش پارەکە بۆ قوتابخانەکە بەکاربهێنن و ئاستی زانستیی پێ بەرزتر بکەنەوە.

حکومەت کاریگەرییشی دەبێت لەسەر نرخ و کوالیتیی خوێندن لە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەتدا. نرخی خوێندن لە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەتدا لە ئاستێکی بەرزدایە و لە توانای خێزانە کەمدەرامەتەکاندا نییە. هاوکات قوتابیانی هەندێک لە ئەم قوتابخانانە توشی کێشەیەکی تریش بون، ئەویش ئەوەیە لە دوای دەرچون لە قۆناغی شەشەم هێشتا زانکۆکانی حکومەت وەریان ناگرێت بەو پاساوەی قوتابخانەی تایبەتن. بەڵام بەگشتیی قوتابیانی ئەم قوتابخانانە دابڕاون

لە کۆمەڵگەی کوردیی و لە دورگەیەکی دوردان. ئەو خوێندنەی وەریدەگرن پێویستە کێشەکانی ئابوریی و سیاسیی هەرێمی کوردستان فەرامۆشنەکات، بەڵکو لە سەنتەری خوێندنەکەدا بێت هاوشانی بوارە زانستییەکانی تر و بەرهەمهێنانی هزر دەربارەی جیهان.
پلانی پەروەردە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە و بە راوێژ لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکان و پسپۆڕانی بوارەکە و قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت دەوڵەمەند بکرێت و جێبەجێدەکرێت.

**هەشتەم / خوێندنی باڵا**

دوای ئەوەی خێزان منداڵ دەداتە دەست قوتابخانە، قوتابخانە دەیداتە دەست زانکۆکان. بەداخەوە، تا ئەمڕۆ زانکۆکانی کەرتی گشتیی بون بە جێی غەم و پەژار بۆ خوێندکاران زیاتر لەوەی ئاسودەیان بکات و توانا و وزەیان پێ ببەخشێت. کێشە و پێشنیارەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا روندەکەینەوە:

1 - زانکۆ خۆی دیاردەیەکی تازەیە و تەمەنی زۆر نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتر کوردستاندا. بەڵام لە چاو تەمەنیی و لە چاو ئەو پارەیەی بۆی تەرخانکراوە، دەکرا زۆر شتی نوێ پێشکەش بکات و ئەدای باشتربێت. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی زانکۆ ئەوەیە حزب کۆنترۆڵی کردوە. ئەم باسە قسەی زۆر لەسەرکراوە، بەتایبەت لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ پرۆژەیەکی ورد بۆ رزگارکردنی زانکۆ و باشکردنی ئەدای زانکۆکان نەخراوەتەڕو. لە وڵاتانی پێشکەوتودا، خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ رۆڵیان هەیە لە دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆکەیان، بەڵام تا ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە مەرکەزیی دادەنرێت. پۆستی ئاوا بەرز کە بە مەرکەزیی بو، ئیدی ئەو کەسە ئینتیمای بۆ خەڵک نامێنێت و پتر خەریکی رازییکردنی ئەو لایەنانەیە کە پۆستەکەیان بەدەستە. گۆڕینی ریشەیی زانکۆکان ئەستەمە بەبێ ئەوەی سەرۆکی زانکۆکان لە هەڵبژاردنی تایبەت لە زانکۆکەدا دەستنیشان نەکرێن.

2 - سیستمی خوێندن لە کەرتی گشتییدا تا ئەمڕۆ لە سێ ئەڵقە پێکهاتوە. لە زۆربەی بەشەکاندا، خوێندکار سێ تاقیکردنەوە دەکات، نزیکەی 90%ی نمرەکان لەسەر ئەو تاقیکردنەوانەن و تەنیا لە 10% بۆ چالاکییەکانی ترە و لە دەستی مامۆستاکە دایە. لەبەرئەوەی تێکڕای دەرچون نزمە (کە لە 50%(یە و خوێندن بەخۆڕاییە، لەبەرئەوەش خوێندکار ئومێدی بەوە نییە کۆششکردن و خوێندن لە ئایندەی بگۆڕێت. چارەسەرێکی ئەم دیاردەیە ئەوە نییە کۆلێجەکانی حکومەت بفرۆشرێن بە کەرتی تایبەت، بەڵکو سیستمی کۆرسات دابنرێت، هەروەها تێکڕای نمرە کەمێک بەرزبکرێتەوە، لای کەم بۆ 55% ئەگەر نەکرێت بە 60%. لەم خاڵەدا، هەندێک لە زانکۆکانی کەرتی تایبەت سیستمێکی گونجاوتریان هەیە سەرباری ئەوەی خوێندکار ساڵانە پارەیەکی زۆر بە خوێندن دەدات.

3 - زانکۆکان، بەتایبەت زانکۆکانی کەرتی گشتیی، پتر شوێنی دابەشکردنی بڕوانامەن. خوێندکار دیسانەوە خەریکی دەرخکردنە، نەوەک بیرکردنەوە و دەرخستنی تواناکانی. هاندانی خوێندکار بۆ خوێندنەوەی کتێبی بوارەکە و پێشکەشکردنی لە شێوەی سیمینار یان نوسینی وتار و نمرەدانان لەسەری پاڵنەری کۆششکردن بەهێزدەکات و روئیای خوێندکار دەکاتەوە.

4 - یەکێک لە کێشەکانی خوێندکاران ئەوەیە بە مەرکەزیی بوارێکیان بۆ دێتەوە و رەنگیشە بە دڵیان نەبێت و ناچاریشن بیخوێنن. دواتر بۆیان نییە بوارەکەیان بگۆڕن چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا دان نانێت بە بڕوانامەکانیاندا. ئەم کێشەیە بەهاوکاریی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق دەبێت چارەسەربکرێت، ئەویش بەوەی خوێندکار بۆی هەبێت بۆ نمونە ماستەرەکەی لە بوارێکیتردا بێت و دانی پێدابنرێت بۆ بواری ئەکادیمیی. ئەمەش مانای رێزگرتن لە ئارەزوی تاکەکان کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

5 - موچەی مامۆستایان دەبێت لە ئاستی ستانداردی جیهانییدا بێت. مامۆستا مافی خۆیەتی ئیشێکی نەرمی هەبێت و بتوانێت لەرێی ئیشەکەیەوە بەشداریی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ بکات و سەفەربکات. پێویستە مامۆستا ئۆفیسی شایستەی بۆ دابینبکرێت بە ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرەوە. بەڵام دوای ئەوەی حکومەت مافەکانی دابیندەکات، ئەوا پێویستیشە هەم زیاتر کاربکەن و خۆیان پێشبخەن و هەم هاوکاریی حکومەت بۆ مامۆستایان یەکسان نەبێت، سزاش هەبێت.

6 - وەک فەرمانبەرانی هەر وەزارەتێکی تر، مامۆستایان بە مەرکەزیی دادەنرێن، تەنیا بە پرۆسەیەکی رۆتینیی هەڵسەنگاندندا تێدەپەڕن. ئەوە زۆر گرنگە بڕیاردان لەسەر دامەزراندن و دەرکردنی مامۆستایەک کە هیچ خۆی پێشناخات، بخرێتە دەستی سەرۆکی بەش و راگریی کۆلێج و لیژنەکانی بەش. ساڵانە هەڵسەنگاندنی ورد

بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانەوە، بەپێی ماندوبون و کاریگەریی مامۆستا و بەرهەمەکانی موچە و ئیمتیازاتەکانی دەگۆڕێن یان لە کارەکەی دوردەخرێتەوە. دانانی ئەم ڕێوشوێنانە مانای ئەوەی حکومەت ئەرکەکەی خۆی جێناهێڵێت بۆ بازاڕی ئازاد، بەڵکو خۆی ڕێکیدەخات.

7 - هەندێک لە زانکۆکانی کەرتی تایبەت هەنگاوی باشیان ناوە لە روی کوالتییەوە سەرباری ئەوەی تەمەنیان کەمە. کەرتی تایبەت لەوەش بازاڕی کاری بۆ فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ فراوانکردوە زۆر سودی گەیاندوە. بەڵام تا ئێستا دەرفەتی یەکسان لەبەردەم زانۆکاکانی کەرتی گشتیی و تایبەتدا نییە. زانکۆکانی کەرتی گشتیی دەتوانن پرۆگرامی ماستەر و دکتۆرا بکەنەوە بەبێ ئەوەی لە ریزبەندیی زانکۆکاندا پێگەیەکی بەهێزیانن هەبێت، کەچی زانکۆکانی کەرتی تایبەت بواریان پێنادرێت. حکومەتی نوێ دەبێت هاوکاریی زیاتری زانکۆکانی کەرتی تایبەت بکات و رۆتینیان لەبەردەم کەمبکاتەوە و پتر دەستیان بکاتەوە لە گەشەدان بە پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا بە مەرجێک ئامانجی کۆتایین قازانج نەبێت. بەڵام نرخی خوێندن زۆر بەرزە و کوالیتیی هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی ئەو نرخە بەرزەی پێبدرێت. هەندێک لە زانکۆکانی کەرتی تایبەت پەیمانی زەبەلاح بە خوێندکار دەدەن کەچی دوای چوار ساڵ خوێندن هیچ پەیمانێکیان جێبەجێنەکراوە. ئەم دیاردەیە دەبیچت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بنبربکرێت. زانیاریی دروست و اقعیی دەبێت بدرێت بە خوێندکاران.

8 - وەزارەتی خوێندنی باڵا توانیویەتی ریزبەندیی بەپێی زانکۆکان بکات. بەڵام ئەم ریزبەندییە هەمو بوارەکان ناگرێتەوە. بۆ نمونە، خوێندکار یان دایک و باوک نازانێت کامە زانکۆ لە چیبدا باشە. زانیاریی ورد و پێوەری زانستیی زۆر گرنگن تا خوێندکار بزانێت کام زانکۆ هەڵدەبژێرێت. حکومەتی نوێ دەبێت ریزبەندیی بیگەیەنێتە ئاستی بەشەکانیش، چونکە دەشێت بۆ نمونە بەشی کارگێریی لە زانکۆی سلێمانی باشتر بێت وەک لە زانکۆی کۆمار، بەڵام بەشی ئەندازیاریی زانکۆی کۆمار باشتر بێت وەک لە زانکۆی سلێمانیی .ئەمە هانی سەرۆک بەشدەدات پتر پلانی ورد بۆ پێشخستنی بەشەکە دابنێت.

9 - بڕیاردان لەم سێکتەرەدا لەسەر هەمو شت بە مەرکەزییە. ناردنی مامۆستایەک بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات، یان وەرگرتنی مۆڵەتی بێ موچە، هەموی دەبێت لە سەرۆکی بەشەوە بڕوات تا ڕاگری کۆلێج، پاشان سەرۆکی زانکۆ، پاشان پەیوەندییەکانی دەرەوەی زانکۆ، دواتر وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانی. چۆن دەکرێت سەرۆکی زانکۆیەک دەستەڵاتی ئەوەی نەبێت مۆڵەت بە فەرمانبەرێکی ببەخشێت؟ حکومەتی نوێ دەبێت ئەم دەستەڵاتە بگێڕێتەوە لای کەم بۆ سەرۆکی زانکۆ، ئەگەرچی باشترە لە دەستی ڕاگر و سەرۆکی بەشدا بێت. وەزارەت تەنیا ستراتیج دادەنێت و چاودێرە بەسەر زانکۆکانەوە.

10 - ساڵانە زانکۆکانی کەرتی گشتیی بودجەیەک لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن. تەرخانکردنی ئەم بودجەیە زۆرجار هیچ پرەنسیپێکی زانستیی لە پشتەوە نەبووە، بەڵکو هەڕەمەکیی بوە. لە بڕگەکانی سەرەوەدا باسی ئەوە کراوە هیچ پارەیەک بەبێ لێکۆڵینەوە تەرخان ناکرێت و بەفیڕۆدان کەمدەکرێتەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێین کە ساڵانە وەزارەتی خوێندنی باڵا پاداشت و سزا دابنێت. وەزارەت سێ ئاست دادەنێت، کە بریتیین لە باشترین زانکۆکان، پاشان زانکۆیەک لە ستاندارد، دواتر زانکۆیەک لە خوار ستاندارددا. ئەگەر هەر زانکۆیەک نەگەیشتە ئاستی ستاندارد، ئەوە لە ساڵی داهاتودا بودجەکەی کەمبکرێتەوە. ئەم سیاسەتە وایان لێدەکات کە هەوڵبدەن بگەنە ئاستی ستاندارد. ئەگەر زانکۆیەکیش یەکەم بو، ئەوا پاداشت بکرێت بە هەندێک و ئەو هەندە لە لێکۆڵینەوەدا تەرخانبکرێت (لێکۆڵەرانی ناوخۆ و بیانیی بانگهێشتبکرێن). ئەم سیاسەتە بەرەو روی کەرتی تایبەتیش ئاراستەدەکرێت. زانکۆکانی کەرتی تایبەت دەبێت پرۆپۆزەڵ ئامادەبکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هەرێمی کوردستان، بە مەرجێک لێکۆڵینەوەکان لە سیمیناردا پێشکەش بکرێن لە زانکۆکە و پاشان لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی متمانەپێکراودا بڵاوبکرێنەوە. باشترین پرۆپۆزەڵ هاوکاریی بکرێت .

11 - زانکۆکان داخراون و کۆنفرانس و ۆرکشۆپیان کەمە و نەبەستراونەتەوە بە کۆمەڵگە و سەنتەرە ئەکادیمییەکانی جیهانەوە. لەمڕووەوە، زۆر گرنگە یارمەتیی مامۆستایان بدرێت فەند پەیدابکەن لە سەنتەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان. ئەو فەندانە بەشێکی وەک داهات دەبێت بۆ خۆیان و یارمەتییان دەدات گرێبەستیان بۆ تازەبکاتەوە و دەستەڵاتیشیان دەبێت کە یەک تا دوو کەس دابمەزرێنن وەک یاریدەدەری لێکۆڵەر. پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر دەتوانن پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی فەند بۆ خوێندکاری دکتۆرا . ئەو خوێندکاری دکتورایانەی دواتر داواکاریی پێشکەشدەکەن، سەرپەرشتیارەکە بڕیاردەی یەکەم دەبێت و مانگانە

لەو فەندە موچەیەک بۆ خوێندکاری دکتۆراکە دابیندەکات. ئەم شێوازە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتودا پەیڕەو دەکرێت و سەرکەوتو بوە.

12 - خوێندکاران ساڵانە ماندودەبن بە لێکۆڵینەوەکانیانەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لێ فێرنابن و دواتر زۆر لە زانکۆکان لێکۆڵینەوەکانیان فڕێ دەدەن. بۆ ئەم مەبەستە، زانکۆکان دەبێت پاداشت بۆ لێکۆڵینەوەی سەرکەوتو دابنێن، لەناویشیاندا چاپ و بڵاوکردنەوەی باشترینیان.

13 - ڕێژەیەک دیاریبکرێت کە مەرج بێت بۆ هەر زانکۆیەک کە سەدا ١٠ی خوێندکاری هەمو بەشەکانی هی دەرەوەی پارێزگاکەی بێت بۆ ئەوەی ئەو سنورانەی حیزب و شەڕی ناوخۆ دروستیانکردوە بشکێن و کۆتاییان پێ بێت .

ئەم پلانە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و دەزگاکانییەوە گەشەی پێدەدرێت و جێبەجێدەکرێت.

**نۆیەم/ بازاڕی کار**

هێزی کار لە کارمەندان و بێکاران پێکهاتوە. لایەنێک لە بازاڕی کاردا خواست دەکاتە سەر کار و لایەنێکیش خستنەڕوی کار دەکات. لێکۆلەران بازاڕی کار دابەشی سەر سێ جۆر دەکەن. یەکەمیان بازاڕی کەرتی گشتییە، واتە فەرمانبەرانی حکومەت. لێرەدا حکومەت خواست دەکاتە سەر کار، واتە خاوەنکارە و کارمەند فرۆشیار. دوەمیان بازاڕی فەرمیی کەرتی تایبەتە، کە کۆمپانیایەک دەگرێتەوە لە 10 کارمەند زیاتری هەبێت. سێیەمیان بازاڕی نافەرمیی کەرتی تایبەتە کە بزنسێک دەگرێتەوە لە 10 کارمەند کەمتری هەبێت(وەک ساڵۆنی قژبڕین، دارتاشیی، دوکانی فیتەریی، فرۆشگای وشکە و کەلوپەلی کارەبایی، هتد). لە هەرێمدا هەر یەک لەم سێ جۆرەی بازاڕی کار توشی کێشەی قوڵ بونەتەوە. لەم دو جۆرەی دوایی بازاڕی کاردا خاوەن بزنسەکە خواست دەکاتە سەر کار و کارمەند خستنەڕوی کار دەکات.

تا ئێستاش (ناوەڕاستی 2018) ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتیی لە ئاستێک دایە کە داهاتی حکومەت دەرەقەتی نایەت. دامەزراندنی بەلێشاو و فەرمانبەری بندیوار فشارێکی گەورەی خستوەتەسەر خەرجییەکانی حکومەت. لەمەش ترسناکتر ئەوەیە فەرمانبەرانی حکومەت کارێک ناکەن کە تواناکانیان گەشەپێبدات، بگونجێت لەگەڵ ئاستی کارامەییاندا. ژمارەیەک لە فەرمانبەران شتێکی ئەوتۆ بۆ بەرهەمهێنان زیادناکەن، کە بە بێکاریی شاراوە ناسراوە. ئەو ئیمتیازانەی لە کەرتی گشتییدا هەیە(وەک مۆڵەتی بێ موچە، کەمیی دەوامکردن، زۆری پشو، مۆڵەتی دایکایەتیی، خانەنشینیی، پێدانی پارچە زەویی و دەرفەتی خوێندنی خۆڕایی) لە دو کەرتەکەی تری بازاڕی کاردا نییە، بۆیە زۆر لە کارمەندان خوازیاری ئەوەن وەزیفەیەکیان لە حکومەت پێبدرێت.

کارمەندانی کەرتی تایبەت بەراورد بە کەرتی گشتیی لە دو بواردا سودیان لە کارەکەیان بینیوە. یەکەمیان ئەوەیە بە تێکڕا موچەی کەرتی تایبەت جێگیرترە و بەرزترە. لە نەوەتەکانی سەدەی پێشودا بۆ چەندین مانگ موچەی کارمەند نەدرا و لە دوای 2014ەوە هەمان شت رویداوەتەوە. بەڵام ئەمە زۆر بەدەگمەن لە کەرتی تایبەتدا رودەدات. دوەمیان کەرتی تایبەت ئایدیاکانیان لێ وەردەگرێت، لە بواری کاری خۆیان دەیانخاتەگەڕ و بەشدارییان زیاترە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. بەڵام وەک وتمان کەرتی تایبەت کەمترین ئیمتیازیتر بۆ کارمەندان دابیندەکات. هەروەها، هەر کات خاوەنکار ویستی گرێبەستی کارمەند کۆتایی پێدەهێنێت، بەتایبەت کە ڕێژەی بێکاریی بەرزە. لە کەرتی تایبەتدا، بەڕێوەبەران و خاوەن کۆمپانیاکە دەتوانن بێڕێزیی بکەن بەرامبەر بە کارمەندان و نەبونی کار وادەکات قبوڵی بکەن .

هەرچی کارمەندانی کەرتی نافەرمیی تایبەتە، نە خانەنشینیی دەیانگرێتەوە، نە مۆڵەتی دایکایەتیی و نە هیچ ئیمتیازێکی تر. ئەوەی پاراستونی ئەوەیە بزنسی بچوک پتر بەرگەی قەیران دەگرێت و شارەزان لە بوارەکەدا.

دۆخی ژن لەناو هەر یەکێک لەم جۆرانەی بازاڕی کاردا زۆر خراپە. لە کەرتی گشتییدا، ئەوان زیاتر بێبەشن لە دەرفەتی خوێندن، ئیفادکردن و پۆستوەرگرتن. بەشێک لە بێبەشبونیان پەیوەندیی بە دۆخی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا. ژنان دەبێت لە قۆناغی سەرەتای ژیانیاندا کە هەرەتی کارکردن و بەشدارییکردنیانە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بیر لە هاوسەرگیریی بکەنەوە دەنا هەر دواکەوتنێک سزای هەیە و رەنگە هاوسەرگیریی دەستنەکەوێت.

لە کەرتی تایبەتدا ژنان مۆڵەتی دایەکایەتییان پێنادرێت یان بۆ ماوەیەکی زۆر کەمە. نەبونی رەوزە و حەزانە وادەکات ژنان بۆ ماوەیەکی کاتیی لە بازاڕی کاردا ئیشبکەن و ئیدی لە ماڵەوە چاوەڕێی هاوسەرەکانیان بن ئێواران بگەڕێنەوە. ژنان کاتێک رودەکەنە بازاڕی کارکردنیش، لە زۆر ئیش بێبەشدەکرێن، لەوانە شۆفێری تاکسیی، بەو ناوەوە ئیشی ژنانە نییە. یان ناهێڵن ئیشی شەوانە بکەن. ئەمانەش وایانکردوە ژنان پتر هەژار دەبن و هەژارییش دەردێکی ترسناکە. لەبەرئەوەی ژنان لە خوێندن و کارکردن بێبەشن و ئەگەر دەستیشیان بکەوێت ئەوا ئازادیی فێربونیان کەمە، ئەوا

تواناکانیان وەک پێویست گەشە ناکات. بۆیە پۆستی بەرزیش وەرناگرن و هەمیشە پیاوان زوتر سەردەکەون. لە هەر سێ جۆرەکەی بازاڕی کاردا، ئاسایشی تاکەکەسیی هێندە لاوازە کە خێزانەکان بە دڵێکی خۆش و ئارامەوە کچەکانیان نانێرن بۆ کارکردن.
بەگشتیی، پیاوانیش بەشخوراو و ستەملێکراون. پۆستی کار لە فەرمانەگەکاندا پتر لەسەر بنەمای حزبیی و خێڵەکییە. ئەمەش وادەکات نە ژنان و نە پیاوان بایەخ بە خوێندن و فێربون نەدەن. سەختیی کارکردن لە کەرتی تایبەت و کەرتی تایبەتی نافەرمیی دواجار وادەکات فەرمانبەران پتر روبکەنە کەرتی گشتیی، بەتایبەت ژنان. دۆخی بازاڕی کار وادەکات ژنان پتر لە ماڵەوە بمێننەوە، بۆیە رێژەی لەدایکبونیش کۆنترۆڵ ناکرێت و زۆر بەخێرایی زیاددەکات.
لە کورتکردنەوەدا، بەشێکی بازاڕی کار بەدەست حکومەتەوەیە و بەشەکەی تری فەرامۆش کردوە. حکومەت لە شوێنێکدایە کە نابێت ببێت و شوێنێکی فەرامۆشکردوە کە دەبو لەوێ بێت.
گۆڕینی ئەم واقیعە گرنگە. هەندێکی پەیوەندیی بە سیاسەتی ئابوریی و بازرگانییەوە هەیە. ئەمەی خوارەوە بەشێکی چاکسازییەکانی بازاڕی کارە :

1 - ساڵانە روپێویی لەسەر بازاڕی بکرێت، تیایدا داتا لەسەر ژمارەی کارمەندان بە کۆ، پاشان بەپێی ئەو سێ کەرتەی سەرەوە دیاریی دەکرێت. لەم روپێوییەدا گرنگە دەربخرێت چەند کەس تەمەنیان گەنجە، چەند کەس بەساڵاچون، چەند نێرینەیە و چەند مێیینە، ئاستی خوێندن و ساڵی خزمەت بە تێکڕا چەندە. دواتر بەو پێیە دەردەکەوێت چەند کەس لەم بازاڕە لە ساڵی داهاتوتردا خانەنشین دەبن یان لە تەمەنی کارکردندا نامێنن، چەند کەسیش بۆی هەیە بێتە بازاڕی کارەوە.
2 - ساڵانە روپێوییەک لەگەڵ کارمەندانی کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەتیی و کەرتی تایبەتیی نافەرمیی ئەنجامبدرێت، تیایدا دۆخی چینی کارمەندان و فەرمانبەران دەربخرێت. ژینگەی کار لە کام فەرمانگە لە باشترین دۆخدا بو، لە کام کۆمپانیا لە باشترین دۆخدا بو بەراورد بەوانی تر، وە لە کام فەرمانگە و کام کۆمپانیا لە خراپترین دۆخدا بو، ئەوا رادەگەیەنرێت. ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی فەرمانگەگان و کۆمپانیاکان لە سزای رای گشتیی بترسن و خۆیان باشتر بکەن. هەروەها زانیارییش دەدات بە کارمەندان کام کۆمپانیا یان فەرمانگەیە هەڵبژێرن. هەروەک لە مەسەلەی خوێندنی باڵادا باسمانکرد، ژینگەی کارکردن لە سێ ئاستدا دیاریی دەکرێت: ئاستی بەرز، ستاندارد، نزم. هەرگیز فەرمانگە و کۆمپانیاکان ناتوانن بگەنە بەرزترین ئاست، بەڵام کێبرکێی دەکەن. گرنگ ئەوەیە لە ئاستی ستاندارد نەیەنە خوارەوە. هەمان شتییش دەتوانن بۆ هاوڵاتیان و بەکاربەران بکرێت تا بزانرێت کام فەرمانگە و کۆمپانیا زۆرترین گلەیی لەسەرە.
3 - دامەزراندن لەسەرەوە و بە لێشاو پێویستە کۆتایی پێبهێنرێت. هەر فەرمانگەیەک خۆی پێداویستیی کارمەندی خۆی دیاریی دەکات، دەرفەتی کار رادەگەیەنێت، کارمەندان داواکاریی پێشکەش دەکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت و پاشان کاندیدەکان بەرزدەکرێنەوە بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ رەزامەندیی. ئەگەر وەزارەتی پەیوەندیدار گومانی هەبو لەوەی گەندەڵیی لە پشت دامەزراندنەکەوەیە، ئەوا دەستوەردەداتە پرۆسەکەوە دەنا رۆڵێکی لاوەکیی دەبێت. تا ئەمرۆ دامەزراندن بەمەرکەزیی دەسەپێنرێت، ئەمەش وایکردوە بەرپرسی حزبیی و حکومیی باڵادەستبن و بە کەیفی خۆیان ئەو کەسانە دابمەزرێنن کە لای کەم دواتر دەبن بە دەنگدەریان.
4 - دەبێت بازاڕی کەرتی تایبەت و کەرتی تایبەتی نافەرمیی لەڕووی خانەنشینیی، مۆڵەتی دایکایەتیی و باوکایەتیی، رێزگرتنی فەرمانبەر، لێکۆڵینەوە لە دەرکردنی فەرمانبەر یان ناچارکردنی بە جێهێشتنی ئیشەکەی رێکبخرێت بە یاسا و رێنمایی و توانا هەبێت یاساکان جێبەجێ بکرێت بە یەکسانیی بەسەر هەمویاندا.
5 - دەبێت هاریکایی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکرێت بۆ دامەزراندنی کارمەندانی بێکار و ئەوانەی تازە دێنە بازاڕی کارەوە. لەم پرۆسەیەدا دەتوانرێت نیوەی موچەی کارمەند بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر حکومەت بێت بە مەرجێک کارمەندەکە بۆ کەمتر لە ساڵێک دانەمەزرێنرێت. واتە بۆ ساڵێک و زیاتر بێت. ئەمەش کێبرکێ لەناو کارمەندانددا دروستدەکات و هانیان دەدات زیاتر کۆشش بکەن بۆ ئەوەی بمێننەوە، بێکارییش کەمدەکاتەوە.
6 - لێکۆڵینەوە لە ژینگەی کاری کارمەندان و سەلامەتییان تا رۆڵەی خێزانەکان بە بەلاش لەکیسیان نەچن زۆر گرنگە. سزای توند بەسەر خاوەنکاردا دەسەپێنرێت ئەگەر سەلامەتیی کارمەند فەرامۆشبکات.

7 - سەنتەری کار دروست بکرێت. ئەم سەنتەرە زانیاریی کۆدەکاتەوە لەسەر دەرفەتی کار لە بازاڕدا و بێکاران تۆماردەکرێن و دەرفەتیان پێدەدرێت لەو سەنتەرەدا بەدوای ئیشدا بگەڕێن. هاوکات فەرمانگەی تایبەت بە دۆزینەوەی ئیش دادەنرێت یان چالاکدەکرێت.
8 - پاداشتێکی مادیی هەر بێکارێک بکرێت کە ئیش دەدۆزێتەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ دەمێنێتەوە.
9 - بیمەی بێکاریی هەرگیز نابێت یەکسان بێت بۆ هەموان، ناشبێت تا ئەبەد بێت، چونکە تەمبەڵیی دروستدەکات. بیمەی بێکاریی دەبێت بەپێی ساڵی خزمەت و ئاستی باجدان بە حکومەت و تەمەن و پێداویستیی بێت. کارمەندێک کەمئەندامە، بۆ ماوەیەکی زیاتر بیمە وەردەگرێت وەک لە کارمەندێک لەشساغە. بەهەمان شێوە، کارمەندێک بەساڵاچوو ماوەی بیمەکەی زیاتر دەبێت وەک لە کارمەندێکی گەنج. هاوکات ئەو ماوەیەی کارمەند بیمەی بێکاریی وەردەگرێت، دەبێت مەشقوەرگرێت لە بواری تایبەتدا تا ئاسانتر و زوتر خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بازاڕی کاردا بگونجێنێتەوە. لە هەمو بارێکدا، بیمەی بێکاریی گرنگە هەبێت تا کارمەندی بێکار بێبەش نەکات لە ژیان.
10 - پێویستە ژینگەی کار هەمەڕەنگ بکرێت، کورد و عەرەب و کارمەندی پەنابەر و تورکمان و ئاشوریی و مەسیحیی و ئیسلام لەگەڵ یەکتر بگونجێنێت و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان فەراهەم بکات و نەهێڵێت ستەمی جێندەریی و قەومیی و تایفیی گەشە بکات.

ئەم پلانە وەزارەتی کار لێی دەکۆڵێتەوە، بڕاری دەکات، گەشەی پێدەدات و جێبەجێی دەکات.

**دەیەم/ ئاسایشی خۆراک و ئاو**

ئاسایشی ئاو و خۆراک لە ریزی هەرە مەترسییەکانی ئەمڕۆ و ئایندەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بە عێراق و هەرێمیشەوە. رێژەی گەشەی دانیشتوان لەم کۆمەڵگەیانەدا خێرایە و جاروباریش توشی وشکەساڵیی دەبن. نزیکەی پەنجا و شەش ملیۆن کەس لەم وڵاتانەدا بێبەش لە ئاوی پاکی خواردنەوە. لەگەڵ گەشەی دانیشتوان و کۆچکردن بۆ شارەکاندا، خواست لەسەر ئاو زیاددەکات و ئاسانیش نییە بە هەمان خێرایی سیستمی ئاووئاوەڕۆ گەشەپێبدرێت و عەمبارەکانی ئاو دروستبکرێن و بپارێزرێن. لە هەرێمی کوردستانیشدا دۆخەکە کەمتر ترسناک نییە.
تا ئەمڕۆ، خێزانەکان لە خەزنکردنی ئاو لە تانکییەکانی سەربان و حەوشە و نەوت و غاز لە ماڵەکانیاندا و هەڵگرتنی فەردە برنج و و ئارد و تەنەکە رۆن رزگاریان نەبووە تەنیا لە هەندێک لەو شوقە تازانەدا نەبێت کە گرانبەهان ودەست کەمینە کەوتون. ئەمانە بەڵگەی ناسەقامگیریی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرە لای خەڵک بەرامبەر سیاسەتی ئابوریی و توانای ئابوریی هەرێم .
بەبێ دابینکردنی ئاستێک لە ئاو، ئەستەمە کشتوکاڵ گەشە بکات مەگەر بەشێوەیەکی کاتیی و لەو ساڵانەدا بارانبارین کێشەی ئاو چارە دەکات. ساڵانە بارانێکی زۆر لە هەرێم دەبارێت و بەفیڕۆ دەڕوات و ناخرێتەوە پرۆسەی خەزنکردن. هەرێمی کوردستان نە توانای پاراستنی ئاسیاشی خۆراکی هەیە، نە توانای هەیە بەشێک لە پێداویستیی ناوخۆ دابینبکات لە کاتێکدا باشترین زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراقی لە ژێر دەستە. هەڵبەت جەنگ و داگیرکاریی و گەمارۆی ئابوریی و پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک زەرەری گەورەی بە توانای بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیاند. نەبونی ئاسایشی خۆراک لەو بەرزبونەوەی لەناکاوی نرخی شمەکدا دەبینین.
لەبەرئەوەی ئێمە لە بواری ئاو و ئاسایشی خۆراکدا لێکۆڵینەوەی وردمان نییە، مۆڵەت بە خۆمان نادەین کە ورد کێشەکان دەستنیشان بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. تەنیا چەند خاڵێک بیردەخەینەوە:

1 - لە دوای دروستبونی عێراقەوە شارەزایان و ئەکادیمییەکانی کورد بانگەشەی گەشەدان بە کشتوکاڵ دەکەن، لەمەشدا باسی کێشەی وشکەساڵیی و کەم ئاویی دەکەن. تا ئەمڕۆ ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە.
2 - لە میدیاکان و زانکۆکاندا قسەوباسی بەردەوام لەسەر خراپی سیستمی ئاوەڕۆ و نەبونی بەنداوەکان کراوە و تا ئەمڕۆ ئەم کێشەیە بەردەوامە.
3 - دەوڵەتانی ناوچەکە دەستەڵاتیان هەیە بەسەر دیجلە و فوراتدا کە دو سەرچاوەی گرنگی ئاوی کوردستانن و تا ئەمڕۆ ئاڵتەرناتیڤ نەدۆزراوەتەوە. ئەگەر هەرێمی کوردستان دەیەوێت بەهێزبێت، تەنیا بە نەوت بەهێز نابێت، بەڵکو مشوری ئاسایشی ئاو و خۆراک بخوات پێگەی بەهێزتر دەبێت.
4 - لێکۆڵینەوە لە کێشە ریشەییەکانی کشتوکاڵ و خواست و خستنەڕوی ئاو بابەتێکی گرنگە و پێویستی بە دابینکردنی فەندە بۆ لێکۆلەرانی بوارەکە و پاشان کارکردن بە پرۆژەکانیان.

5 - ئاساییش ئاوی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ پەیوەستە بە ئاسایشی ئاوی عێراقەوە، هەر فشارێک لەسەر ئاوی عێراق لەلایەن ئێران و تورکیاوە، راستەوخۆ کێشەکان لەنێوان هەرێم و بەغداد قوڵتر دەکاتەوە بەو پێیەی هەرێم هەوڵدەدات سود لەو ئاوە ببینێت کە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت، بەغدادیش داوای زیاتر دەکات و لەوانەیە لە ئێستادا نەتوانێت بەرانبەر ئەنقەرە و تاران بەهێز بێت. بۆیە، دەبێت هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداد بەجدیی هەوڵبدات چۆن هەمو فشارە ناوخۆیی و ناودەوڵەتییەکان بەکاربێنێت بۆ ئەوەی کێشەی ئاو بۆ عێرآق و هەرێمی کوردستان دروستنەکرێت .

ئەم پلانەی سەرەوە دەکرێت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە(ئەشغال) و وەزارەتی کشتوکاڵ کاری لەسەر بکەن، دەوڵەمەندی بکەن و بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

**دەرئەنجام: هەنگاوەکانی چاکسازیی ئابوریی و کارگێریی**

تێگەیتشن لە ئەسڵی ئایدیاکە سەخت نییە: دەبێت مرۆڤ لە سەنتەری پلاندا بێت، هەر ئامراز نەبێت بەڵکو ئامانجیش بێت. دو شت بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە. یەکەمیان ئەوەیە لای کەمی ئاسایشی سیاسیی و ئاو و خۆراک و وزە و بژێویی بۆ دابینربکرێت. دووەمیان ئەوەیە کوالیتیی مرۆڤ باشبکرێت، کە پرۆسەیەکە لە خێزانەوە دەستپێدەکا تا بە بازاڕی کار دەگات.

هەرچەند تاک هەست بە دڵنیایی ئابوریی بکات، کوالیتییەکەیشی باشتر بێت، کەمتر شوناسی نەتەوەیی و تایفیی و جێندەریی و شوناسەکانیتر کۆنترۆڵی دەکەن و توشی دڵەڕاوکێی و دەمارگیریی دەکەن، یارمەتیدەر دەبێت لە گەشەی دیموکراسیی لەناوچەکەدا.

دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ئارام ئامانجێکی بەرز و بەنرخە. رێگای گەشەسەندن لە هیچ وڵاتێکدا ئاسان و بێ درک و گرێ نەبوە. وەرچەرخان بەرەو باشتر ئارامیی و سەبری دەوێت، کۆڵنەدان و سوربونی دەوێت. گەشەسەندن بە بازدانیش ناکرێت، کاتی دەوێت. بەڵام مەحاڵ نییە. دونیای ئەمڕۆ هێندە دەرفەتی تیادا هەیە کۆمەڵگەکان ماوەیەکی کەمتریان بوێت تا گەشە بکەن. لە هەرێمی کوردستاندا پرسەی گەشەسەندن بەهۆی جیۆپۆلەتیکیی و مێژوویی و لاوازییەکانی ناوخۆوە سەختتریشە. لێرەش قۆناغ بە قۆناغ و ناکرێت هیچ لایەنێک بەفریودانی خەڵک هەوڵبدات دونیایەکی خەیاڵیی برەنگێنێت. ئەمەی خوارەوە سەرەتای دەستکردنە بە پرۆسەی چاکسازیی ئابوریی و سیاسیی .

1 - هێنانەدی خەونی وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر و پێشکەوتو دەبێت لە شوێنێکەوە دەستپێبکات. هەنگاوی یەکەم ئەوەیە حکومەتی هەرێم لە حکومەتی حزب و بنەماڵە و بەرپرسەوە بکرێت بە حکومەتی هاونیشتمانیی. پاشان وەک زنجیرێک ئەڵقەکانیتر دەستپێدەکات. بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم وەربگرێتەوە، لەگەڵ هەردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی ئابوریی و دارایی. ئێمە ناڵێین حکومەتەکەی پارتیی و یەکێتیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بگۆڕدرێت، بەو فەرمانبەرانەی دەنگدەریشیانن. ئەمە ئامانجێکی فاشیستانەیە. مەبەستەکەی ئێمە ئەوەیە لە ئاستی باڵا دەستکاریی ئەکتەرە سیاسییەکان بکرێت چونکە شکستیان هێناوە لەوەی مۆدێلی حکومەتی باش و حکومەتی هاونیشتمانیی بینابکەن و گەشەی پێبدەن. لە ئاستی کادری مامناوەندا پەنا بۆ هەڵبژاردن ببرێت. لە بەشەکانیتردا ئەم خاڵە روندەکرێتەوە.

2 - ئەو دەزگایانە دروستدەکرێت یان پێشدەخرێت کە توانای چاودێریی ئابورییەکە و ژیانی کۆمەڵایەتییان هەیە و داتا دەخەنەڕوو وەرزانە و ساڵانە. ئەم داتایانە ئاستی پاشەکشێ یان پێشەوەچون لە دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی دەردەخەن و بەوپێیەش پلانی ئابوریی دەستکاریی دەکرێت. لە گرنگترین داتاکان کە بەرێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا دەبێت دەستەبەربکرێت و شەفافانە بڵاوبکرێنەوە بریتیین لە:

ر -کۆی بەرهەمی ناوخۆ وەرزانە و ساڵانە

ب -بودجەی حکومەت

ت -کۆی ژمارەی دانیشتوان و هێزی کار بەپێی ناوچە و کەرتی گشتیی و تایبەتی و ئاستی خوێندەواریی و تەمەن و جێندەر،

پ -رێژەی گەشەی ئابوریی وەرزانە و ساڵانە،

ج -رێژەی هەژاریی،

ح -ڕێژەی بێکاریی،
خ -ئاستی نەیەکسانیی داهات و دەرفەت لە نێوان تاکەکان و ناوچەکاندا
د -گەندەڵیی و پێوەرەکانیتری شەفافیەت
ژ -پێوەرەکانی گەشەسەندنی مرۆیی (خوێندەواریی، تێکڕای تەمەن، ئاوی پاک، نەخۆشیی، هتد(

3 - دروستکردنی پێنج هەزار دەرفەتی کار لەساڵی یەکەمدا لە کەرتی تایبەتدا. دواتر بەرزدەکرێتەوە بۆ دەهەزار و پاشان پانزە هەزار لای کەم ساڵانە.
4 - ئاستی هێزی کار بەرزدەکرێتەوە بەشێوەیەک بتوانن لە بازاڕی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا ئیش بدۆزنەوە ئەگەر ویستیان.
5 - ئاستی قەرزاریی دادەبەزێنرێت.
6 - بەشەکانی تری ئالانەکە کە لەم راپۆرتەدا باسکراون دەولەمەند دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن.

ئەگەر حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەیانەوێت پرۆسەی گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەسەرپێ، لە هیچ بوارێکدا بەبێ لێکۆڵینەوە و راوێژکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی ناوخۆیی و دەرەکیی نابێت هەنگاو بنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پشکی لێکۆڵینەوە لە بودجە بەرزبکرێتەوە.

## بەشی دووەم: چاکسازیی سیاسیی

**سەرەتا**

سیستمێکی دیموکراتیکی سیاسیی لەگەڵ سیستمێکی ئابوریی پێشکەوتو شان-بە-شانی یەکتر دەڕۆن. گەشە و مانەوە و جێگریی هەردوکیان، پەیوەستە بە ئەویتریانەوە. لە بەشەکانی پێشەوەدا، جەختێکی زۆر لە سیستەمی ئابوریی کرایەوە. لەو بەشەدا و بەکورتیی، هەوڵدەدەین جەختی زیاتر لەسەر سیستەمی سیاسیی و دیموکراسیی و کۆمەڵگای مەدەنیی و هەڵبژاردن و پەیوەندیی دیپلۆماسیی و پێشمەرگە و ئاسایش بکەینەوە.

**یەکەم/ ستەمکاریی و گەورەبونی کەلێنی چینایەتیی**

کۆمەڵگای کوردستان دابەشبۆتە سەر زۆرینەیەکی هەژار و کەمینەیەکی دەوڵەمەند. چینی ناوەڕاست ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پاشەکشە دایە. لەگەڵ بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا، چینی ناوەڕاست بۆ ماوەیەک گەشەدەکات و پاشان دەپوکێتەوە. دەوڵەمەندبون لە هەرێمی کوردستاندا زۆر کەم بەرهەمی پێشەنگێتیی و داهێنانە لە بزنسێکدا، پتر لەسەر نزیکایەتیی بۆ کەمینەی سیاسیی باڵادەست وەستاوە، یان سود لە شلۆقیی یاساکانی وەبەرهێنان بینراوە. واتە پرۆسەی کەڵەکەبونی سەرمایە لە هەرێمی کوردستاندا ئەو فۆرمەی نییە لە چەند دەیەی ڕابردوا لە ڕۆژئاوا بینراوە. هەرچی سامانی مرۆییە پاشکۆی خاوەن سەرمایە و دەستەڵاتەکەیە. مرۆڤ ئەگەر بیەوێت خۆشگوزەران بێت و ئاستی بژێوییەکەی چاکبکات، لە بری خۆفێرکردن و خۆپێشخستن، کەمجار بەبێ بەرگریی لە چینە باڵادەستە سیاسییەکە ئامانجەکەی بۆ دێتەدی.
لە هەرێمی کوردستاندا، کاستێکی سیاسیی دروستبوە کە توانای ئەنجامدانی گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و کەلتوریی نییە. ئەو کاستە سیاسییە، بنەماڵە سیاسییەکان و ئەندام مەکتەب ساسییەکانی دو حیزبی باڵادەستی هەرێمن، لەگەڵ هەندێک پرۆکسیی دەوروبەریان.
دابەشبونی چینایەتیی، لەگەڵ هەبونی کاستێکی سیاسیی باڵا، ژیانی سیاسیی و ئابوریی و کەلتوریی دونیای ئێمەی بە جۆرێک وێرانکردوە کە خەون و خەیاڵی نیشتیمانیی کوشتوە. دابەشکاریی چینایەتیی وایکردوە کۆمەڵگا بە دەست ناعەدالەتییەکی لە ڕادە بەدەر و بێمافییەکی بێوێنە بناڵێنێت.
نایەکسانیی سامان و دەرفەت بەرهەمی ستەمکارییە، کە ڕەگێکی قوڵی لە مێژوی دوردایە و ڕەگێکیشی لە مێژوی نزیکی دوای دروستبونی هەرێمی کوردستاندایە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ستەمکارییش ئەوەیە وەلائێک بۆ نیشتیمان و وڵات نەمێنێت، گەنجان وڵات جێبهێڵن و پیرەکان نەفرەت لە ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتییان بکەن و ئاخ بۆ ئەوە هەڵبکێشن کە جاشایەتییان نەکرد. ستەمی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی هەستپێکراو و هەستپێنەکراو. ستەمکاریی هەوێنی دروستبونی مرۆڤی توندوتیژە. هەر ئەوە ڕێی خۆشکرد بۆ ئەوەی داعش ئاسان گەنجانی کورد بخاتە ڕیزەکانیەوە. بەردەوامیی ستەمکاریی لە هەرێمی کوردستاندا، درێژە دەکێشێت بۆ ململانێی توندوتیژ و سەرهەڵدانی گروپی توندڕەو کە شەرعییەت لە هەبونی ستەمکاریی وەردەگرن. لە کۆتاییدا ئەم گروپی توندڕەو دەڕوات و ئەویدی شوێنەکەی دەگرێتەوە.
نادادپەروەریی تەنیا لە فۆرمی کەڵەکەبونی ساماندا خۆی بەیان نەکردوە. نەبونی دەرفەتی یەکسان لەسەر ئاستی جێندەریی، جیاکاریی نەتەوەیی و تایفیی و حزبیی و مەزهەبیی هەمو کونوکەلەبەرێکی کۆمەڵایەتیی تەنیوە. ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیی دەرفەتی یەکسان ناهێڵێت، وا دەکات گروپێکی کۆمەڵایەتیی خاوەنی هەندێک ئیمتیاز بێت کە بەربەستەکانی ژیان و خوێندن و خۆشگوزەرانیی ئاسان تێبپەڕێنێت، منداڵەکانیان لە خوێندنگا ئەهلیی و زانکۆ ئەهلییەکان دەوام بکەن و بە هێزی پارە ئاستی تواناکانی منداڵەکانیان ببەنەسەر، گروپە کۆمەڵایەتییەکەی تر لە هەمو ئیمتیازێک بێبەشە، هەرچەندە خۆیان و منداڵەکانیان داهێنەر و خاوەن ڕوئیا بن، هەرچەندە خاوەنی دیدی ڕەخنەگرانە و بیری هاوچەرخ و توانای شاراوە بن، ناتوانن مومارەسەی ئەو توانا و وزانە بکەن. هەم خۆیان دواجار بێهیوا دەبن و ناتوانن تواناکانی خۆیان بدۆزنەوە، هەمیشە حکومەت و کۆمەڵگا لە تواناکانیان بێبەش دەبن.
ستەمکاریی و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیی وایان کردوە نەوەی دوەمی سیاسییە باڵادەستەکان جارێکی تر دەستەڵات بگرنە دەست. ئەو نەوە نوێیە لەپاڵ ئەو شەرعییەتە ویراسییەی بۆیان ماوەتەوە، خۆشیان هەڵگری بروانامەی بەرزی زانکۆکانی دەرەوەن. ئەوە وا دەکات جارێکی تر دەستەڵات بگرنە دەست، لە بەرانبەریشدا، گروپەکەی تر کە نیشتیمانتۆستتر و ئینساندۆستتر و دیموکراتخوازترن، لە سیاسەت و حوکمڕانیی دابڕێن و دەرفەتێکیان نابێت ئەزمونی ڕوئیای سیاسیی خۆیان بکەن، بەڵکو تەنها سێ دەرفەتیان لەبەردەمە: تەسلیمبون، یاخیبون و کۆچکردن.

وەک دواتر روونیدەکەینەوە، فەراهەمکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، خەباتی دەوێت، زیاتری دەوێت لەوەی خەباتی پارلەمانی دەرەقەتی بێت. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گۆڕینی رژێمی سیاسیی نەیتوانیوە رژێمێکی باشتر بێنێتە جێ. هەر لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەت-نەتەوەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، سەرکەوتوترین و دیموکراتیترین دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ کێشەترین و پڕ تاوانترین بونە. یەکێک لە ئەزمونە سەرکەوتوەکانی گۆڕینی رژێم لەوانەیە تورکیا بێت کە قۆناغی باشی مۆدێرنە و بەپیشەسازییبون و بەدیموکراسیبونی بڕیوە، بەڵام دیموکراسیی تورکیا هەمیشە لەژێر پرسیاردا بوە بەهۆی پێشێلکردنی مافی نەتەوە و ئاینزاکان، بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، باڵادەستیی سوپا و دەوڵەتی قوڵ، سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی و میدیای ئازاد. سەرەتاکانی دەوڵەتی تورکیا بە تاکڕەویی دەستپێکرد، ئێستا دوای ١٠٠ ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا، تاکڕەویی حوکمی وڵات دەکات. ئەگەر لە رابردودا دیکتاتۆری سوپا حوکمی وڵاتی کردبێت، ئەمڕۆ دیکتاتۆرێکی سیڤیل حوکمدەکات. لەسەردەمی عەلمانێتییەکەی تورکیا پەچەیان قەدەغە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ زیاتر لە هەمو کات ژنی پەچەپۆش لە تورکیا دەبینرێت. لە ئێرانیش پەچەیان سەپاند، کەچی ئەمڕۆ لە هەمو کات ژنانی ئێران داوای ئازادیی پۆشین دەکەن. عێراقی سەردەمی سەددامیش هەمان ئەزمون بو.

شتێکی شاراوە ئاشکرا ناکەین ئەگەر بڵێین ململانێی کۆنترۆڵکردنی نەوت و گاز فاکتەرێکی بەهێزبونی ستەمکارییبن لە هەرێمی کوردستاندا. زۆر بەسادەیی، دەشێت لە قۆناغێکدا وڵاتێک هەژار بێت لە سامانی سروشتیی یان مرۆییدا، بەڵام ئەوە سیاسەتی هەژارەوا دەکات خەڵک بەهەژاریی بمێننەوە.

روپێوییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە وڵاتانی خاوەن نەوت لەوەتەی نەوت دەردەهێنن، لەڕوی ئابوریی و سیاسیی و تەنانەت کەلتورییشەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە نەدیتوە. خۆ ئەگەر گەشەیەک رویدابێت، کورتخایەن بوە و هەندێجار قەیرانی قوڵ و ترسناکی بەدوادا هاتوە. عێراق و ئێران و سوریا و سعودیە و فەنزوێلا و زۆر وڵاتی دیکە نمونەی زیندون. ئەو وڵاتانەشی کە گەشەی ئابوریی زۆریان کردوە، وەک قەتەڕ و ئیماڕات، لەڕوی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە گەشەی گەورەیان نەکردوە، ئەو وڵاتانە هێشتاش لە قۆناغی مەلەکییەتدان کە نە دیموکراسیی و نە ئازادیی قسەکردن و مافی ژن وجودیان نییە. واتە ئەگەر وڵاتانی دەوڵەمەند بەهەردو سامانی سروشتیی و دەستی کار رژێمی سەرکوتکار دادەمەزرێنن، دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتیی و هەژار لە دەستی کاردا پەنا دەبەن بۆ دابەشکردنی رەیعی نەوت، هێزی کاری ناوخۆ دەخەنە کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت دەدەنە دەستی بیانیی و خۆیان کەمترین توانا و لێهاتوییان هەیە لە بەڕێوەبردنیدا. ئەمەش مانای ئەوەی گەشەسەندنی مرۆیی و دیموکراسیی و دادپەوەریی، کە یارمەتی گەشەسەندنی ئابوریی درێژخایەن دەدەن، لە سەنتەردا نییە.

نەوت تەنها پرۆژەیەک نییە کە لەڕوی ئابورییەوە کاریگەریی گەورەی هەبێت وەک لە بەشی سەرەتای ئەم پرۆژەیە باسکراوە. نەوت لەڕوی سیاسییشەوە، ئەگەر خراپ بەکارهێنرا، دەبێتە نەفرەت. نەفرەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا دەمێکە دەرکەوتوە، نەفرەتەکەی هەر لەڕوە ئابورییەکەی نییە کە هەرێمی کوردستانی لە هەرێمێکی تا رادەیەک پشت-بە-خۆ-بەستو کردۆتە هەرێمی پەیوەست بە داهاتی نەوت لەسەر حیسابی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و پیشەسازییە خۆماڵییەکان. بەڵکو مەترسیی هەرە گەورەی نەوت لەڕوە سیاسییەکەیەتی کە نوخبەیەکی مافیائاسای سیاسیی دروستدەکات دەست بەسەر هەمو کایەکانی سیاسەت و تەشریع و جێبەجێکردن و سیاسەتی دەرەوە و کۆمەڵگا و دین و خێزانیش دا دەگرێت.

نەوت هەر لە ناوخۆی هەرێمیش نەبوە بەڵایەک بۆ خەڵک، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش کێشەکانی قوڵتر کردنەوە بە هۆی نەبونی ستراتیژێکی نیشتیمانیی. سعودیەی عەرەبیی و ئێرانی شا و عێراقی سەدام حوسێن، پێویستیان بە کۆنترۆڵکردنی نەوت بو. دەرکەوتنی سەدام حوسێن دوای کۆنترۆڵکردنی نەوت بو، توانی نەیارە سیاسییەکانی خۆی یەک بە دوای یەک لەناوببات و بێکاریگەرییان بخات. هەندێک پرۆژەی خزمەتگوزاریی باش لە عێراق جێبەجێکران و دواتر عێراقی توشی شەڕی بەردەوام کرد. پارتییش بە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، کەوتە خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی تاکڕەو.

پێشخستنی بەدیلێک بۆ هەمەڕەنگیی ئابوریی کوردستان، بنەمای سەرەکیی پێشکەوتنی ئابورییەکەیەتی. لەڕوی سیاسییشەوە، دەرهێنانی نەوتە لەبن دەستی ئەو دەستەڵاتدارانەی کە تەنها پشت بە نەوت دەبەستن هەمان ئامانج دەپێکێت. ئەو کاتەی دیموکراسیی و دەزگا گەشەدەکەن، نەوت و گاز دەبن بە رەحمەت. تا وڵاتییان زیاتر بکەونە ژێر کاریگەریی حکومەت و چاویان لە دەستی حکومەت بێت، حکومەتیش لەسەر داهاتی نەوت بژی(واتە داهاتێکی دەرەکیی)، زیاتر هێزە سیاسییە نادیموکراتەکان دەتوانن کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی یەکێتیی و پارتیی لە هەڵبژاردنەکاندا هێشتاش بەهێزن سەرباری ئەو هەمو هەڵە ستراتیجیانەی کردویانە. ئەو

بۆرە جاڵجاڵۆکەییەی کە بەرژەوەندییەکانی هەمو کایەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وای کردوە هەمویان هەوڵبدەن لەناو ئەو تۆڕەدا بمێننەوە، ئەوەی نەشکەوێتە ناو ئەو تۆڕە، بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوریی و تەنانەت پێشخستنە کەلتورییەکانیشی دەوەستن. هەر بۆیە، وەک لە بەشی پێشودا باسی رەفتاری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانمان کرد، هیچ جێی شۆک بون نییە کاتێک زۆربەی بەناو نوسەر و ئەکادیمیی و رۆشنبیر و رۆژنامەنوس و میدیاکارەکان بونە بەشێک لەو تۆڕەی کە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت.
ئەگەر بونی یەک-سەرچاوەی داهاتی پشتبەستو بە بازاڕی نێودەوڵەتیی و کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوەیە لەلایەن حکومەتەوە هۆکارێکی ستەمکاریی بێت لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، فاکتەرێکی تر کۆپیکردنی ئایدیۆلۆجیای پلانی مەرکەزییە کە حزبی مەرکەزیی دروست کردوە و بوار نادات زۆرینە بەشداریی بڕیاردروستکردن بکەن و ئیدارەیەکی هەرەمیی بەرز بینادەکات. بێگومان مەترسیی دەرەکیی و بونیادی خێڵەکیی و دەرەبەگایەتیی و خەرجیی سەربازیی و جەنگیش هێندەی تر دەرفەتی بە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بەخشیوە بمێننەوە، مەرکەزییەتی ئیدارە بسەپێنن بەڵکو هێشتا لای ژمارەیەکی زۆری خەڵک وەک فریادڕەس سەیربکرێن.
بەکورتیی، نایەکسانیی لە هەرێمی کوردستاندا بەجۆرێکە کە لە زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی رەنگیداوەتەوە و خەریکە وەک دیاردەیەکی ئەزەلیی-ئەبەدیی سەیربکرێت. مەترسییەکی گەورە لەبەردەماندا هەر ئەوە نییە ستەمکاریی ئەمڕۆ زاڵە، بەڵکو ئەوەشە توندوتیژیی بەردەوام دەبێت و بۆی هەیە ستەمکار دەرفەتی دەستکەوێت پتر رژێمی سیاسیی دابخات، وەک لە عێراقی شەستەکان و ئێران و سوریای هەفتاکان و تورکیای دەیەی رابردو دەیبینین. رونتر، رژێمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەختی ئەوەی هەیە شتێکی لە چەشنی ئەوەی تورکیا، ئێران، یان عێراقی سەردەمی بەعس، بچەسپێنێت و ئەو کاتەش هەڵتەکاندنی زۆر سەخت دەبێت.

**دووەم/کێشەی شوناسی سیاسیی و ئاڵتەرناتیڤ**

لە ناوچەکەدا چەندان جۆری دەوڵەت هەن کە هەرێمی کوردستان بە هەر یەکێکیان کاریگەر بوە؛ ئەکرێت بڵێیت لە هەر یەکێک لە ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق و هەندێجار ئیمارات و میسریی جەمال عەبدول ناسڕیش بەشێکی وەرگرتوە یان هەرجارەی کەوتوەتە ژێر کاریگەریی مۆدێلێکی سیاسیی ئەو وڵاتانە.
لە مێژوی بزاڤی رزگارییخوازیی گەلی کوردستانی عێراق، هیچ بزوتنەوەیەکی کوردیی نەیتوانیوە ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسیی جیاواز پێشکەشبکات؛ هەمیشە ئاڵتەرناتیڤەکان کۆپییەکی ئامادەکراو بونە کە لە شوێنی خۆیاندا شکستیان خواردوە. نەبونی ئاڵتەرناتیڤ لە ناوەوە وایکردوە یان پەنا بۆ هێزی دەرەکیی ببردرێن، یان حزبی باڵادەست قبوڵ بکرێت، هەندێکجار بەدڵشکاوییەوە و هەندێکجار بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی کاتیی. چەند ئاڵتەرناتیڤ بەهێزبکرێت، جێگای زیاد لە هێزێک و دید و پرۆژەیەکی سیاسیی و ئابوریی تیادا ببێتەوە، هێندە ئامادەیی بۆ قوربانیدان و بەشداریی لە پرۆسەی گۆڕیندا زیاددەکات، بەدوایدا پرۆسەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی ئاسانتر دەکات.
بەر لە ١٩٩١، زۆربەی هێزە کوردییەکان کارتێکراو بون بە مارکسیزم-لینینزم یان کۆمیونیزم(کۆمۆنیزم) و ئیسلامیزم، بێئەوەی لەگەڵ واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان بچەسپێنن. خاڵی هاوبەشی هەر دو پرۆژە سیاسییەکە تەنیا ئەوە نەبوە کە کۆپیکراوبونە بەڵکو ئەوەش بوە کە تاک وەک ئامراز بۆ هێنانەدی ئامانجێک کە سەرۆک حزب یان دەوڵەت ئارەزوی دەکات، بەکارهێنراوە. هەر دو پرۆژەکە قسە لەسەر هێنانەدی دونیایەک دەکەن کە تاک دەبێت خۆی و کەسوکاری بکات بە قوربانیی، بەڵام میوەکانی قوربانییەکانی نایەنەدی هەتا بە کامڵیی سیستمی ئیسلامیی یان کۆمۆنیستیی دانەمەزرێت. لە نێوان ئەو دو ئایدیۆلۆجیایەدا، ماوەیەک هەبوە کە داگیرکەری رۆژئاوایی ناوچەکەیان بردوە بەڕێوە، خۆیان وەک دوا دەستەڵاتی گەردون وێناکردوە، لەم بنەماڵە و لەو بنەماڵە کەسێکیان هەڵبژاردوە و دەستەڵاتیان پێبەخشیوە، پرسی دیموکراسیی و دادپەوەریی و گەشەسەندن سەنتەری پلانەکانیان نەبوە. کاتێک پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردیی سەرهەڵدەدات، هەمان خەسڵەتی ئاینیی-کۆمۆنیستیی وەردەگرێتەوە، کە مەغزاکەی ئەمە بوە: خەڵک پێویستە قوربانیی بدات بۆ هێنانەدیی سەربەخۆیی، دوای ئەوە پرسی دیموکراسیی و دادپەوەریی و گەشەسەندنی ئابوریی دەستپێدەکات. ئیدی تا ئەو کاتە دەبێت گروپێک هەمو شت بن و ئەوانیتر دوایان بکەون، گرنگ نییە لە رێگاکەدا لەناودەچن .
دوای ١٩٩١ تا ٢٠٠٣، قۆناغی شەڕی ناوخۆ بو هیچ پرۆژەیەکی بەدیل پێشنەخرا، بەڵام دوای ٢٠٠٣ کە هەرێمی کوردستان بەتەواویی ئازاد بو و مەترسییەکان نەمان، هەرێمی کوردستان لەبری پێشکەشکردنی مۆدێلێکی نوێ، کارتێکراو بو بە مۆدێلی دەوڵەتی-نەوتیی لە وێنەی ئیمارات و قەتەر و سعودیە بێئەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە هیچ

بوارێکەوە ئامادەکرابێت بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسیی قبوڵبکات بەرەو مەلەکییەت بڕوات و خودی نوخبە سیاسییەکە توانای چەسپاندنی ئەو سیستەمەی هەبێت، هاوکات بنەماڵە حوکمڕانانەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە، یان نەیان وێراوە، ئەو مەیلەیان بۆ چەسپاندنی حوکمی مەلەکیی بدرکێنن.
لەرووی ئابوریشەوە، ئایدیای بازاڕی ئازاد و نیۆ-لیبراڵ یاریی پێدەکرا، گوایە ئەمجارە کێشەکە ئەوەیە بازاڕ ئازاد نەبوە و ئەگەر ئازاد ببێت ئیدی کوردستان و عێراق دەبن بە شامی شەکر. جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستاندا هیچ پەیوەندییەکی بە واقعەکەوە نەبو، لای کەم ئەم سیستەمە پێویستی بە عەقڵێکی تەکنۆکراتی شارەزا هەبو لە چۆنییەتیی ئیدارەدانیدا کە عەقڵییەتی عەشائیریی دەستەڵاتدارێتیی سیاسیی کوردیی توانای نەبو سود لەو دیوەی وەربگرێت باسی ئازادی تاک و کێبرکێ و کرانەوەیە لەبری هەیمەنەی گروپ و قۆرخکاریی و داخران، بەڵکو تەنها دیوە ناشیرینەکەی وەرگرت کە خۆی لە بەرخۆریزم و قەرزی بێشومار و کرانەوەی لەناکاوی بازرگانیی و وروژمی سەرمایەی بیانیی بۆ وڵاتێک کە سیستمێکی دارایی پەککەوتوی هەیە، بەکورتیی بەگلۆباڵبونی بازاڕ لەسەر حیسابی لۆکاڵ بینیەوە.
لە خاڵی دواتردا ئەوە روندەکەینەوە کە مامەڵەکردنیشی لەگەڵ دیموکراسیی هەمان شت بوە. بەڵام یەک ئەنجام گرنگە لە بیرمان بێت، ئەویش ئەوەیە هەر ئایدیۆلۆجیایەک بە تەنیا تاکرەویی دروستدەکات و پێویستە لەوە تێبگەین کۆمەڵگە و جیهان جیاوازن و ناتوانرێت یەک بیرکردنەوە بسەپێنرێت بەسەریاندا.

**سێیەم/ کورتهێنانی دیموکراسیی و چەقبەستن**

یەکێک لە جیاوازییە بنەرەتییەکانی دیموکراسیی لەگەڵ سیستمی تاکرەوەکاندا ئەوەیە لە سیستمی دیموکراسییدا هەمیشە رێگای ئەوە هەیە بەدیلی تر پێشکەشبکرێت و ئەزمون بکرێت، بەڵام لە سیستمی تاکڕەوییدا تەنها بە روخانی دەتوانرێت بەدیلی تر پێشبخرێت کە ئەمەش دیسان پڕ کێشەیە چونکە مانەوەی بەدبەختیی زیاتر دەهێنێت و روخاندنیشی زۆر زەحمەتە خۆشگوزەرانیی بێنێت، دوا نمونەکان عێراق، ئێران، سوریا، میسر، یەمەنن. تا رادەیەک تونس سەرکەوتو بوە لەبەرئەوەی حوکمی مەدەنیی پێشخستوە.
ئەگەر بنەمای سەرەکیی دیموکراسیی پرەنسیپی"ویستی خەڵک بنەمای دەستەڵاتدارێتییە" بێت، ئەوا لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا رێگایەکی زۆر درێژمان ماوە بۆ ئەوەی ویستی خەڵک ببێتە بنەمای دەستەڵاتدارێتیی. هەڵبەتە، گەشەی دیموکراسیی، رێگایەکی درێژە، لەو رێگایەشدا، هەمیشە دینامیکیەتی سیستەمی دیموکراسیی بەناو گۆڕانکاریی گەورە و بچوکدا دەڕوات. ئەو کاستە سیاسییەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا دیموکراسیی وەک ئامرازی مانەوەی خۆی بەکاردەهێنێت، نە هیچ گۆڕانێکی پێ دەکرێت، نە هیچ گۆڕان و ریفۆرمێکیش لە پێگەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابوریی خۆی قبوڵە. ئەوکاستە سیاسییە تەواوی بڕیارەکان دروستدەکەن، بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ هیچ دەزگایەکی لێکۆڵینەوە، کۆمەڵگا، حیزبی سیاسیی، دەزگاکانی تەشریع و جێبەجێکردن. روبەڕوبونەوەی خۆپیشاندانەکانی شوباتی ٢٠١١ زیاتر دەریخست کە پارتیی و یەکێتیی ئامادەی هیچ گۆڕانکارییەک نین. ئەوەی جێی مەترسییە، لەناو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیشدا، ئەو کاستە سیاسییە بە وێنەی بچوکتر ئامادەیی هەیە و قبوڵی ئەوە ناکەن گۆڕانکاریی دروستبێت.
لە دیموکراسییدا، پارلەمان و ئەندام پارلەمانان هێز لە گەل وەردەگرن، بەڵام بەدرێژایی تەمەنی پارلەمانی کوردستان، کە هەمیشە زۆرینە لەلایەن یەکێتیی و پارتییەوە کۆنترۆڵکراوە، گەل تا رادەیەک تەنها توانای هەبوە ئەندامەکان هەڵبژێرێت. لەو رۆژەی کە ئەندام پارلەمان دەچێتە ناو پارلەمانەوە، زۆرینەی ئەندامەکان لەلایەن حیزبەوە قورمیش دەکرێن و بۆ ویستی حیزبی سیاسیی کاردەکەن و ناوەرۆکی قانونەکان دیاریی دەکەن، کەمترین توانای لێپرسینەوە و چاودێریکردنیشیان هەبوە.
یەکێک لە کێشە قوڵەکانی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان بریتییە لە کەلێنی نێوان ئارەزو و بەرژەوەندیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان، کە لە گۆڕانێکی نەوعیی خێرادان، لەگەڵ رژێمی سیاسیی کە چەقبەستوە و وەڵامی ئەو ویست و بەرژەوەندییانە ناداتەوە داننان بەم گۆڕانکارییەدا سەرەتای هەنگاونانە بۆ رزگاربون لە چەقبەستنی سیاسیی.
بۆ دورکەوتنەوەی سیستەمی حوکمڕانیی لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیی چەند نمونەیەکی تر باس دەکەین.
**دەستاودەستنەکردنی دەستەڵات:** نزیکەی 25 ساڵە یەکێتیی و پارتیی لەسەر حوکمن. نزیکەی ٢٠ ساڵە نێچیرڤان بارزانیی سەرۆکی حکومەتە بەرەسمیی و بەنارەسمیی. سەرۆکی حیزبەکان هیچیان نەگۆڕاون، مەکتەب سیاسییەکان

هەر هەمان کەسەکانن. زۆرینە باوەڕیان وایە ئەگەر پۆستەکانیان جێبهێڵن ئەوا قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە. یان باوەڕیان وایە بەجێهێشتنی پۆستێک هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت.
**شەرعییەتی سیاسیی بەرامبەر بە شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی:** لە دامەزراندنیەوە، سیستمی سیاسیی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان بە دەست شەرعییەتی سیاسیی و شۆڕشگێڕییەوە دەناڵێنێت. هەر سیستمێکی سیاسیی بۆ ئەوەی شەرعییەتی سیاسیی هەبێت، دەبێت لە سێ کایەدا شەرعییەت دروستبکات؛ ئاستی کەسیی، ئایدیۆلۆژیی و بونیادیی. هەرێمی کوردستان لە ٢٧ ساڵی رابردودا کەسە سیاسییەکانی پتر شەرعییەتیان لە نوخبەیەکی بچوک وەرگرتوە و قبوڵکراوی زۆرینەی گەل نەبونە، ئایدیۆلۆژیای سیاسیی هەرێم خۆی لە باوکسالاریی کۆنزەرڤاتیڤ بینیوەتەوە کە پەسەندکراوی زۆرینەی گەل نەبوە و نییە و ئەنجامەکەشی تاکڕەویی و کلێپتۆکراسیی بوە [حکومەتی دزان] و بونیادەکەشی بێ دامەزراوەی سیاسیی سەقامگیر و دامەزراو بوە. هەر بۆیە، لە هیچ دۆخێکدا هەرێم نەیتوانیوە پێشکەوتنی ناوەکیی بە خۆیەوە ببینێت و ململانێ و کێشمەکێشەکانی ئاراستەی رێگایەکی ئارام و هێمن بکات. عەقڵییەتی نوخبەی بڕیار-دروستکەری سیاسیی هەر لە قۆناغی شۆڕشگێڕییە، بۆیە هیچ سەیر نییە کە مەسعود بارزانیی هەمیشە دوبارەی دەکاتەوە کە ئەو پێشمەرگەیە.
**سودبینین لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیی:** کاتێک هاتوەتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ستراتیجێکی نیشتمانیی لە ئارادا نەبوە، بەڵکو وەک هۆکارێکیتر بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و خۆبەهێزکردن لەلایەن ئەم سەرکردە/حزب و ئەو سەرکردە/حزبەوە سەیرکراوە. بەواتایەکی تر، ئەوەی پێی دەڵێن رەنتخۆریی (رەیعخۆریی)، داهاتێکی زۆر بە هەوڵی کەم)، هەر لەناوخۆدا هەوڵی بۆ نەدراوە، بەڵکو سەیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کراوە وەک شوێنێکی تر بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی دەستەبژێر و سەرکردە و حزب و بنەماڵە. هەرچی ئۆپۆزسیۆنە، تەواو بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فەرامۆش کردوە. دواتر رەخنەی خۆمان ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن دەکەین. ئەوەی گرنگە، دەستەبژێری بڕیاربەدەست نەیتوانیوە سود لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ببینێت بۆ بەهێزکردنی دیموکراسیی لەناوەوە.
**کورتکردنەوەی دیموکراسیی بۆ پارلەمان:** زۆرینەی پەرلەمانیی ناتوانێت گوزارشتێکی تەواو لە گەشەی دیموکراسیی و بڕیاردانی هاوبەش بکاتەوە، بەتایبەت کە دیموکراسیی لە پەرلەماندا کورتکراوەتەوە و پەرلەمانیش وەک نوێنەری حزب و سەرکردە و خێڵ و بزنس مامەڵەدەکرێت. بە واتایەکی تر، لە چاوی خاوەن دەستەڵاتەوە (حزب، سەرۆک خێڵ، بزسنکار) پەرلەمان ، بەتایبەتیی یەکێتیی و پارتیی، ئیشی کاندید پتر دەنگکۆکردنەوە بوە بۆ حزب و خێڵ و بزنس، و هەرگیز لە ئاستی سەرۆکی حزبدا پەرلەمان دەزگایەکی رێگەپێدراو و باڵادەست نەبوە .
**دادپەروەریی و سیستەمی لەخۆگر:** لە راستییدا هۆکاری گەشە و پێشکەوتنی گەلانی دیموکراتیک لەخۆگرتنی هەموان بوە، ئەوەی پێی دەوترێت سیستەمی سیاسیی ئینکلوسیڤ. وڵاتێکی وەکو هیندستان لە ١٩٤٧ەوە بە قۆناغی سەخت و دژواردا رۆیشتوە، دەیان و سەدان زمان و دین و کەلتوری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. وەک چۆن نیشتمانەکە هەموانی تێدا دەژین، لە سیستەمی سیاسییشدا مافی تاک و گروپەکان و توانا و دونیابینیی و ویستیان تا رادەیەکی شیاو جێبکراوەتەوە، بۆیە سەرەڕای سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی لە هەندێ دۆخدا، بەڵام سیستەمەکە توانیویەتی بەردەوامبێت و لە بواری تەکنۆلۆجیا و پزیشکییشدا پێگەیەکی بەهێزیان لە ئاستی نێودەوڵەتییدا هەبێت. تونس وڵاتێکە سەرچاوەی سروشتیی نییە، بەڵام حوکمێکی مەدەنیی هەیە. بەڵام عێراق چونکە نەیتوانی سیستەمە سیاسییەکەی لەخۆگر بێت، مشورخۆر بێت لە بری مشەخۆر، هەمیشە دۆخی شەڕ و ئاشوب بەرۆکی بەرنەداوە. لە یەکەم تاقیکردنەوەی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دابەشکردنی دەستەڵاتدارێتیی بە پەنجا-بە-پەنجا، بەڵام سیستەمەکە شکستیخوارد، نەیتوانی وزەی تاکەکان بخاتەگەڕ لە پێناوی باشکردنی ژیانی خۆیان و سەرخستنی پرۆسەی گەشەی درێژخایەن.
**سیاسەتی خۆسەپاندن:** دەستەبژێریی سیاسیی زۆربەی جار پەنا بۆ خۆسەپاندن دەبن. شەڕی ناوخۆ شەڕی خۆسەپاندن بو. جگە لەمەش، سێ بڕیاری نوخبەی سیاسیی هەرێم شێوەی حوکمڕانیی هەرێمیان گۆڕی و کارەساتی سیاسیی، ئابوریی، عەسکەریی و کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا هێنا. بڕیاری یەکەم هەناردەکردنی نەوت و راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابوریی بێ گەڕانەوە بۆ بەغداد و بۆ تەکنۆکرات و کۆمەڵگا و هێزە سیاسییەکان و ئابوریناسان بو، بڕیارێکی کارەساتبار بۆ ئابوریی هەرێم. بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم لە ٢٠١٣ و دواتریش بە بڕیارێکی تاکڕەوانەی حیزب رێگرتن لە پارلەمان لە ٢٠١٥ بۆ هەموارکردنەوەی قانونی سەرۆکایەتیی هەرێم، لەڕوی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە هەرێمی کوردستانی توشی دابەشبونێکی گەورە کرد و پرۆسەی دیموکراتیزەبون، تەنانەت پرۆسەی سیاسیی و پارلەمانییشی خستە قەیرانەوە. بڕیاری ریفراندۆم لە حوزەیرانی ٢٠١٧ کە دیسان نە ویستی خەڵک و نە ویستی حیزبە سیاسییەکانیشی لەگەڵ بو، کوردستانی لەڕوی عەسکەرییەوە خست، سنوری کۆنترۆڵکراوی

لەدەستدا، کۆمەڵگای زیاتر دابەشکرد و دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمی لە بەرانبەر بەغداد بچوککردەوە. ئەو روداوانە هەرگیز رویاننەدەدا ئەگەر سیستەمێکیی سیاسیی لەخۆگر بوایە، کاریگەریی گەلیش بەسەر دروستکرنی بڕیارەکان هەبوایە.

بەپێی دەستوری عێراق، هەرێمی کوردستان هەرێمی فیدراڵە. یەکێک لە کێشە قوڵەکانی نێوان هەولێر و بەغدادیش، مەسەلەی دابەشکردنی دەستەڵاتەکانە لەنێوان ناوەند و هەرێمی فیدراڵ. یەکێک لە شکستەکانی حکومەتی پێشوی عێراقیش، کۆکردنەوەی دەستەڵاتەکان بو لە بەغداد، لە یەک حیزب، لە یەک مەجلیس و دواجاریش لە دەستی یەک سەرۆک. ئەو ئەزمونە شکستخواردوە تەنها لە وڵاتە تاکڕەوەکاندا ماوە.

لێرەوە، ئەگەر ئاوڕێک لە سیستەمی حوکمڕانیی بدەینەوە، وێنەکەی بەم شێوەیەیە:

لای کەم لە دو دەیەی رابردودا و تا ئەمڕۆ، مۆدێلی سیاسیی یەکێتیی و پارتیی مۆدێلێک بوە وڵات لە نەتەوە، نەتەوە لە حزب، حزب لە مەکتەبی سەرکردایەتیی، سەرکردایەتیی لە مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سیاسیی لە بنەماڵە و بنەماڵە لە سەرۆکی بنەماڵە/حزبدا کورتدەکاتەوە. (ئەمە وەسفێکی تروتسکییە بۆ حزبی تۆتالیتاریی و دەستکاریمان کردوە). ئەم جۆرە حزبە بەربەستێکی گەورەی بەردەم گەشەی دیموکراسیی و هێنانەدیی پلەیەکی بەرزتری دادپەروەرییە.

لەمڕووەوە، پێچەوانەی ئەو مۆدێلە سیاسییەی لەسەرەوە باسکرا رێگا راستەکەیە. بەدەر لەمانەش، ئەگەر نیازی گۆڕانکاریی سیاسیی هەیە و لەپێناوی ئەوەی دیموکراسیی ئیفلیج نەبێت، ئەوا لای کەم:

1 - حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت دوربکەوێتەوە لە سیستەمی سێنتراڵ و دەستەڵاتەکان جێبهێڵێت بۆ خەڵک، وەزارەتەکان، پارێزگاکان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان و قائیمقامەکان لە پارێزگا و شار و شارۆچکەکان. هەر کۆمەڵگایەک حکومەتەکەی نوخبەیەکی سیاسیی بچوک تێیدا سەنتەربێت، توشی پوکانەوە و قەیرانە و دواجاریش تاکڕەویی سیاسیی دەبێت.

2 - بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسیی لەخۆگر بێت، نابێت دەستەڵات لە سەنتەردا چەق بگرێت. ئەمە نەک هەر بۆ حکومەت، بەڵکو بۆ حیزب و رێکخراوەکان و دەزگاکان و تەنانەت پەروەردە و خوێندنی باڵاش هەر دروستە. ئەوەی بۆ دەزگایەک گرنگە توانای جێبەجێکردنی سیستەم و بڕیارەکانە بەسەر هەمواندا. واتە دەبێت هەمو دەستەڵاتەکان بەرگریی لە چەسپاندن و جێبەجێکردنی یاسا بکەن.

3 - حیزبی سیاسیی نابێت بڕیاربدات کێ قائیمقام بێت و کێ سەرۆکی شارەوانیی، دەبێت ئەمە بڕیاری هاوبەشی نێوان خەڵک و فەرمانبەرانی ئەو دەزگایانە بێت و حزبەکان دەتوانن کاندیدیان هەبێت و لەڕێی هەڵبژاردنەوە بڕیاربدرێت.

4 - یاسایەک دابنرێت کە دەکرێت لەڕێی کۆکردنەوەی واژۆوە بەرپرسێک ناچاربکرێت وازبێنێت، یان حکومەت و پارلەمان ناچاربن بڕیار دەربکەن و قەرار دەربکەن. بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی ژمارەی دانیشتوان، دەکرێت ٣٠،٠٠٠ ئیمزا حکومەت ناچاربکات بە بڕیارێکیدا بچێتەوە، یان بڕیارێک دەربکات، بە هەمان شێوەش پارلەمان قانونی بۆ دەربکات. هەرکاتێک بەرپرسێک هەڵەی کرد، وڵاتیبیان دەتوانن داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت بکەن و کەسێکی تر هەڵبژێرن.

5 - بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، دەکرێت دیموکراسیی راستەوخۆ لە زۆر دۆخدا پێشبخرێت. لەبری ئەوەی ئەو هەمو بارەگا حیزبیی و رێکخراوە حیزبییانە لە شار و شارۆچکەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا هەبن، دەبێت پارلەمانی شەقام لە شار و شارۆچکەکاندا وەجوڵە بخرێت. هەبونی بارەگای حزبیی هەستێک بە خەڵک دەدات کە هێشتا لە شاردا ناژی و لە سەربازگەدا دەژی.

6 - هەر پارێزگا، قەزا و شار و شارۆچکەیەک بتوانێت لە کاتی جیاوازدا هەڵبژاردن و ریفراندۆم و کامپینی جیاوازی تێدا دروستببێت، ئەمەش سەرنجی پارێزگا و شار و شارۆچکەکانی تریش رادەکێشێت.

7 - دەبێت بە یاسا دەستوەردانی بەرپرسانی حزب لە حکومەت و وەزارەتەکان لەگەڵ یەکتر بوەستێنرێت و سزا تا رادەی دەرکردن بۆ هەر فەرماندارێکی حکومەت دابنرێت ئەگەر بۆ راییکردنی مامەڵەی کەسێک فشاربخاتە سەر پلانی وەزارەت.

8 - میدیا و دادگا بەهێزبکرێن هاوکاربن لە پاراستنی مافی هاونیشتمانیان و رێ لە سوکایەتییکردن بە مامەڵەکانیان بگرن.

9 - لەگەڵ شۆڕکردنەوەی دەستەڵات بۆ پارێزگا، شار و شارۆچکەکان و خەڵک، حکومەت کارەکانی بچوکتر و تەسکتر دەبێتەوە، پڕۆسەی لێپرسینەوە ئاسانتر دەبێت و ململانێ بۆ بردنەوەی پۆستە لۆکاڵییەکان بەهێزتر دەبێت لەڕێی پێشکەشکردنی پڕۆژەی جدییتر و خزمەتگوزارتر. حکومەتێک پێویستە کە توانای

کۆنترۆڵکردنی خەڵکی هەبێت لەرێی قانونی دیموکراتیکەوە، هەمان ئەو خەڵکەش لەرێی ئەو قانونانەوە بتوانن ئەو حکومەتە کۆنترۆڵ بکەن. لە هەرێمی کوردستاندا ئەمە رێک پێچەوانەیە، چونکە حکومەت لەژێر کۆنترۆڵی خەلکدا نییە، بەرپرسانی حکومەت بێباکن. خەڵکیش، چونکە حکومەت بە هی خۆیان نازانن ، گوێرایەڵیی قانونەکان ناکەن و لەکوێدا بۆیان کرا، هەوڵدەدەن سەرپێچیی بکەن . حکومەتیش، چاوپۆشیی لە سەرپێچیی و گەندەڵییەکان دەکات بۆ ئەوەی حیزب پشتیوانیی جەماوەر لەدەستنەدات.

هێزە بچوکەکانی ناو کۆمەڵگا هۆکارێکی باشیشن بۆ ئەوەی سنورێک بۆ شەپۆلی گلۆبالیزێیشن بکێشن تا کۆمەڵگا بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکات.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەگەر دەستەڵات بۆ گروپی بچوکتر و دامەزراوەی بچوکتر بێت، ئەوان دەتوانن کەلتور و بەرهەمهێنانی لۆکاڵ لەگەڵ کەلتور و بەرهەمی گلۆباڵ بگونجێنن و باڵانسێک دروستبکەن. ئەم سیستمە بوار بۆ دابەشکردنی کار و پسپۆریی دەرەخسێنێت، هەر پارێزگایەک بەپێی بونی سەرچاوە و تواناکانی بۆ بوارێک یان زیاتر خۆی تەرخان دەکات و بوارەکانی تر جێدەهێڵێت بۆ پارێزگاکانی تر. هەر پارێزگایەکیش خۆی باشتر دەزانێت زانیاریی لەسەر پێداویستییەکانی خۆی و پێداویستیی ئەو بازارانەی دەیەوێت شمەک و خزمەتگوزاریی بۆ هەناردە بکات، کۆبکاتەوە و پلانی بۆ دابنێت، ئەگەر پێویست بکات گومرگ لەسەر هاوردەی ئەو کاڵایانە دابنێت کە رکابەری کاڵا ناوخۆییەکانیانە .هەمان شتیش بۆ چالاکیی کەلتوریی راستە. ناکرێت شار و شارۆچکەکان بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵێک بگەرێنەوە سەنتەر و بریارەکان لەوێ وەربگرن .ئەم گۆرانکارییانە لەوانەیە لە دیدی ئۆپۆزسیۆندا بچوک بن، بەڵام جەوهەریین بۆ پێشکەوتنی دیموکراسیی.

دیموکراسیی بێ کەموکوریی نییە، بەڵام هێشتاش باشترین سیستمە لە دونیادا. ئەگەر ئەزمونی چین بە ئەزمونێکی سەرکەوتو دابنرێت، تەنانەت رێژەی رازیبونی خەڵکیش لە سیستمەکە لە ئاستێکی باڵایە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیربکەین کە سیستمێکی پرە لە ناعەدالەتیی و گەندەڵیی .پەنجا دەوڵەمەندترینی کۆنگرەی نیشتیمانیی خەڵکی چینیی، خاوەنی٩٥ ملیار دۆلارن. شەرعییەتی چین تەنها لەوە دێت کە بتوانێت گەشەی ئابوریی وڵات بەرەو پێشەوە ببێت و نەوەستێت، وەک چۆن لە سێ دەیەی رابردودا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە پێشخستنی ژێرخان و سەرخان و کەمکردنەوەی رێژەی هەژاریی و بێکاریی.

**چوارەم/ کوردایەتیی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا**

کوردایەتیی سەردەمێک ئامرازێکی سەرەکیی جوڵاندنی خەڵک و کۆکردنەوەی هێز بو لە دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی عێراق. بەڵام نە لە سەردەمی شاخ و نە لە سەردەمی شار هەرگیز چەتری کۆکردنەوە خەڵکی کوردستانی عێراق نەبو لە ژێر کۆمەڵێک ئامانجی نیشتمانییدا تا بۆ قۆناغێکی باشتر بیانگوێزێتەوە. کرۆکی ئەم ئایدیۆلۆجیایە ئەوەیە کورد نەتەوەیەکە ستەمی لێکراوە، بۆیە دەبێت هەمیشە لە سەنگەری دژایەتیی ئەو دەوڵەتەدا بێت کە داگیری کردوە، ئەویش عێراقە.

لەدوای ٢٠٠٣ەوە و لەگەڵ بەڵێی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق، چیتر هەرێمی کوردستان کێشەی ستەمی نەتەوەیی نەما بەو مانایەی دانیپێدا نەنرێت و بێبەشبکرێت لە سیاسەت و دەرفەتی ئابوریی و ئازادی نوسین بە زمانی دایک. لە ریفراندۆمی دەستوردا، خەڵکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە سیاسییەکانی هەرێمەوە، بەتایبەت لەلایەن پارتیی و یەکێتییەوە و خودی جەلال تاڵەبانیی و مەسعود بارزانییەوە، رازیکران کە مافە دیموکراسییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەو دەستورەدا جێیان بکرێتەوە. دەکرێت بریاری چارەنوسی هەرێمی کوردستان لەو دەستورە وەربگرین چونکە بۆ یەکەمجار بو لە ریفراندۆمێکی دیموکراتیکدا خەڵک بریار لە چارەنوسی خۆی بدات. لەو رۆژەوە، پرۆژەی کوردایەتیی کۆتایی پێدێت، کوردایەتیی هیچی پێنەما پێشکەش بە رەوتی گەشەی دیموکراسیی و دادپەوەریی بکات لە هەرێمی کوردستاندا. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا کوردایەتیی توانای ئەوەی ماوە بۆ گەوجاندن و گەمژاندن و خۆسەپاندن بەکاربهێنرێت. هەڵبەتە لە سەردەمی شاخیشدا، بزوتنەوەی کوردایەتیی بۆ دژایەتیی دەوڵەتی عێراقیی شەرعیەتی بە هەمو ئامرازێک دەدا، ئیدی گرنگ نەبو نۆکەریی دەوڵەتێکی تریش بێت.

لەم ساڵانەی دواییدا، حکومەتی هەرێم زۆر بەخێرایی کۆمەڵێک گرێبەستی ئیمزاکردن لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کە عێراق بە پێچەوانەی دەستوری دانان. ئەمە وای نەکرد حکومەتی هەرێم کێشەکان چارەسەربکات، چونکە ئامانجی حکومەتی هەرێم چارەسەرکردنی کێشە نەبو، بەڵکو لە راستییدا ئامانجیان دروستکردنی کێشە بو بۆ ئەوەی شەرعییەت بە خۆیان بدەن کە تاکلایەنە سیاسەت بکەن. ئەمە وای کرد کێشەکان قوڵتر ببنەوە. لە ٢٠١٣ش، هەر بە خەیاڵی

ساویلکانەی کە هەرێم لە ٢٠١٥ بەرهەمی نەوت دەگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، دەستیان بە خۆئامادەکردن کرد بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابوریی.
هەر ئەو کۆنترۆڵکردنی نەوتە بو بارزانیی رەتیکردەوە لە ٢٠١٣ واز لە دەستەڵاتدارێتیی بێنێت، لە ٢٠١٥ش پارلەمانی داخست بۆ ئەوەی خۆی بسەپێنێت. کاتێک جێنۆسایدی ئێزیدییەکان رودەدات، پارتیی دەیقۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی پێشخستنی خەونی پان-ناسیۆنالیستییانەی بارزانیی بۆ زیاتر گەیشتن بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی. بارزانی بەدوای خەونی سەرکردەیەکی پان-ناسیۆنالیستیی بو، تا لە ٢٠١٧ خەونی خۆی گەیاندە لوتکە و وەک تاکە سەرکردەی ناسیۆنالیست کە خەیاڵی دروستکردنی دەوڵەت دەکاتە واقیع، تاکلایەنە بڕیارەکانی دەرکردن و هەندێک هێزیشی ناچارکردن هاوکاریی بکەن.
کوردەکانی عێراق چیتر وەك جاران لە بەغداد پەراوێزخراو نین، بەڵکو ئەوە دەستەڵاتدارانی کوردە خەڵک پەراوێز دەخەن و نوێنەرایەتیی عێراق دەکەن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و دونیای عەرەبیش. کورد نەک هەر سەرۆک کۆماری هەبو کە رەمزی عێراق بو، بەڵکو وەزیری دەرەوەشی هەبو. هەرێمیش بۆ یەکەمجار بوە خاوەنی فیدراڵییەتێکی دانپێنراو و پشکی لە 17%ی لە داهاتی عێراق وەردەگرت. .
یەکێک لە پەیامەکانی کوردایەتیی هێشتا هەر ئەوەیە هەمو شت شەرعیەتی هەیە بۆ مانەوە و جیابونەوە لە عێراق. هەر ئەو کوردایەتییەی خەڵک بەناوی سەربەخۆییەوە لە دژی دەوڵەتی عێراق هاندەدات، لای ئاساییە هەرێمی کوردستان بچوک و بەردەستی بەردەم دەوڵەتێکی وەک تورکیا یان ئێران بێت. بۆ یەکەمیان گوایە مافە و بۆ دوەمیان گوایە ئەوان بەهێزن و دەروازەی بەهێزبونی هەرێمیشن. شکستی هەرە گەورەی ئۆپۆزسیۆن ئەوە بو نەیتوانی ئەم ئایدیۆلۆجیایە تێپەڕێنێت و لە جێیدا ی نەوەی نوێ بە چەمکە هاوچەرخەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵگای مەدەنیی، دیموکراسیی، حوکمی قانون، مافی ئینسان، مافی ژن، حوکمڕانیی چاک... هتد، گۆشبکات... نەوشیروان مستەفا لە ٢٠٠٩ کە بزوتنەوەی گۆڕانی دروستکرد، تا پێیکرا لە کوردایەتیی خۆی دورگرت، بەڵام لە ٢٠١٧ کاتێک ئەو نەخۆش دەکەوێت و ریفراندۆم بریاری لەسەر دەدرێت، بزوتنەوەی گۆڕان دابەشدەبێتە سەر دو بەرە؛ بەرەیەکی دژ بە کوردایەتیی و بەرەیەک پاڵپشتی کوردایەتیی. ئێستا ئەو قۆناغەیە کە ئەو بزوتنەوەیە و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و حیزبەکانی دیکەش، بەتایبەت یەکێتیی چونکە پارتیی هێشتا تاکە چەکی دەستی تەنها کوردایەتییە، خۆیان یەکلایی بکەنەوە ئایا هێزی ناسیۆنالیست دەبن یان ئاراستەی پێچەوانە وەردەگرن، ئایا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد هەر لە دژایەتیی عێراقدا کورتدەکەنەوە و بۆڵەبۆڵی ئەوەیان دەبێت کە کورد 25 ملیۆنە و دەوڵەتی نییە و تەنیا شاخەکان هاورێین، یان وێنەیەکی جوانتر لەسەر گەلانی کوردستان بە دونیا دەبەخشن و لەنێوەندەشدا بەشداریی کورد لە گەشەی دیموکراسیی و دادپەوەرییدا زیاددەکەن؟ لە دوای 25 ساڵ حوکمڕانیی، هیچی تر خۆنمایشکردن وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو فریای دۆزی کورد ناکەوێت. خەیاڵی نیشتمانێکی دیموکراتیش زۆر زیاتر جڤاک و نەتەوەی لەسەر کۆدەبێتەوە.
کەواتە کوردایەتیی تێچوی زۆرترە وەک لە قازانج بۆ دۆزی رەوای کورد و گەلانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق. ئێمە دەزانین هێشتا عروبەش لە عێراقدا ئیش دەکات، ئەگەر واز لە کێشەی تایفیی و مەزهەبییش بهێنین. بەڵام گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەگەر دەروازەیەکی سەقامگیر و ئارام هەبێت بۆ پەیوەندییکردن بە دونیاوە، ئەوا عێراقە. تەنانەت ئەگەر خەڵکی کوردستان بیانەوێت جیاببنەوە، ئەوا تورکیا و ئێران و سوریا هەرگیز لە ئایندەی بەچاوبینراودا رازیی نابن. ئومێدێک هەبێت، هەر عێراقە. چەند دیموکراسیی لە عێراق گەشەبکات هێندە هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت. ئەو وەزعەی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردودا بۆ دژایەتیی عێراق خستیانەگەڕ بۆ گەشەی دیموکراسیی بیانخستایە، بەرهەمی زۆر زیاتر دەبو.
کورد وەک پێکهاتەیەک و هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا، دەبێت بەدوای ناسنامەیەکی نوێ بگەڕێت بۆ عێراق کە چیتر لای تاکی کورد عێراق شەرمهێن نەبێت، چیتر پاسپۆرتی عێراقیی وەک سوکایەتیی تەماشانەکرێت، چونکە ئەمە لەمپەرێک ناهێڵێت بۆ ئەوەی ئەم دو بەشەی هەمان وڵات ئاوێتەی یەکتر بىن، دەنا پێشکەوتن و چەسپاندنی پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی سەختدەکات. ئەگەر لە ١٠٠ ساڵی رابردودا عێراق هەڕەشەیەک بوبێت لەسەر کورد، ئەوا لە ئێستادا نەک هەڕەشە نییە، بەڵکو قازانجی زۆر زیاترە، بەتایبەت ئەگەر بەراوردبکرێت بە دەوڵەتانی ناوچەکە. کورد و هەرێمی کوردستان چارەیەکی تریان نییە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتییدا، بێئەوەی لەگەڵ عێراقێکی دیموکراتیکی فیدراڵی فرە-کەلتور و فرە-نەتەوە و فرە-ئاین و ئاینزا هەڵبکەن و پەیوەندییەکانیان پێشبخەن. عێراق ئەگەر لە رابردودا هەڕەشە بوبێت، لە ئێستادا دەرفەتە. ئەوەی وا دەکات هەڕەشەیەک بگۆڕدرێت بە دەرفەت، تەنها خودی هەڕەشەکە نییە، بەڵکو چۆنییەتیی مامەڵەکردنی

هەڕەشەلێکراوە کە چۆن بتوانێت ئەو هەڕەشەیە بە دەرفەت وەرگەڕێنێت. بەڵام سەرکردایەتیی کورد لاوازییەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق، نایەت هەرێم لەڕێی دیموکراسیی و دادپەوەرییەوە بەهێزبکات، لەوە دەترسێت عێراق بەهێزببێت و ئەم لەناوببات.

باشترین ساڵەکانی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداد ۲۰۰۳ تا ۲۰۱۳ بوە، لەو ماوەیەدا باشترین دەرفەتی هەرێمی کوردستان عێراق بوە. قازانجی ئەم پەیوەندییە بۆ هەرێمی کوردستان لەم خاڵانەی خوارەوەدا روندەکەینەوە:

1 - لەگەڵ عێراقدا دەتوانرێت سود لە نەوتەکەی وەربگیرێت، سود لە بازاڕی عێراق وەربگیرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی خۆماڵیی هەرێم لەوێدا ساغبکرێتەوە،

2 - دەستور لە نێوانماندایە و دادگای فیدراڵی هەیە،

3 - عێراق لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پشتیوانیی دەکرێت و پێویستە هەرێم لەو هاوکاریی و کۆمەک و قەرزانە سود ببینێت ،

4 - ئێران و تورکیا و سوریا بۆ هەرێم نابنە بازاڕێکی باشتر لە ۱۵ پارێزگای عێراق

5 - گەشتیاریی هەرێم بەبێ گەشتیارانی عێراق هیچ ناچێتە پێش، بۆ گەشتیاری عەرەب و مەسیحیی و تورکمانی عێراقیی، هەرێمی کوردستان باشترین شوێن و نزیکترینیشە، لەڕوی کەلتورییشەوە لە یەک نزیکن و ئاسانتر دەتوانن لەگەڵ یەک هەڵبکەن، بەراورد بە گەشتیاری رۆژئاوایی و تەنانەت تورکیی و ئێرانییش کە جیهانێکی گەورەی کراوە لەبەردەمیدایە و ئامادە نییە پارەکانی لە هەرێمێکی ناسەقامگیریی داخراودا خەرجبکات.

6 - هەرێمی کوردستان دەبێت سود لەوە ببینێت بۆڕیی نەوتەکەی تەنها لەڕێی تورکیاوە نەبێت، بەڵکو بۆڕیی نەوت و گازی هەرێم بە ناو خاکی عێراقدا بگاتە بەسرە..

7 - عێراق پێویستی بە توانای مرۆیی هەرێمی کوردستان دەبێت، پێویستە ئۆپۆزسیۆن و هێزەکان کار لەسەر ئەوە بکەن دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بدۆزنەوە.

8 - هەرێم ناتوانێت لە بەرانبەر سوپای تورکیا و ئێراندا سەروەریی سنوری خۆی بپارێزێت، تەنانەت بۆعێراقیش قورسە، بەڵام لەگەڵ عێراقدا پێکەوە هاوکار دەبن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش پشتیوانی عێراق دەبێت.

9 - لە کێشەی ئاودا لەنێوان عێراق و ئێران و عێراق و تورکیادا، هەرێم هێزێکی بچوکە و ناتوانێت بێ عێراق پشکی ئاو بەدەستبێنێت.

10 - هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان پێویستە سەر بە مەنزومەی دیفاعی عێراقیی بێت. ئەمە دو قازانجی زۆر گەورەی بۆ هەرێم هەیە؛ لەلایەک بودجەی پێشمەرگە لە کۆڵ حکومەتی هەرێم دەکاتەوە و پێشمەرگەش پرۆفێشناڵتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە بۆ پێشمەرگە و بۆ خەڵک و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و دیموکراتخوازان قازانجێکی گەورەیە بەوپێیەی هەنگاوێک لە بن دەستی یەکێتیی و پارتیی دوردەکەونەوە

11 - ئەو فیدراڵییەتەی لە عێراقدا هەیە نمونەیەکی زۆر تایبەتە بەو پێیە کورد نەک هەر لە هەرێمی کوردستاندا حکومەت و پارلەمانی هەیە، بەڵکو لە حکومەتی عێراقیش وەک هەرێم و وەک کورد بەشدارە، کە ئەمە نمونەیەکی تایبەتە بە عێراق و لە دونیادا وێنەی کەمە.

12 - ئەمریکا پارەیەکی زۆری لەسەر عێراق خەرج کردوە و هەروا بە ئاسانیی دەستبەرداری نابێت و بوار نادات کێشەی بۆ دروست بکرێت. بەڵام ئەگەر هاوکاریی سەرکەوتنی عێراق بکرێت، ئەمریکا زیاتر پشتیوانیی دەکات.

13 - هەر لە عێراقیشەوە دەگەن بە بازاڕەکانی سعودیە و کوەیت و ئەردەن و وڵاتانی تر.

ئێمە دەزانین برینی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان قوڵە. بەڵام گرنگە ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی هەرێمی و حزبەکانی دەستەڵاتیش لەوە تێبگەن کە یەکەم سەرکردایەتیی کوردیش دەستی هەبوە و هەیە لە قوڵکردنەوەی ئەو برینە لە چەندین وێستگەی سیاسییدا، دوەم سارێژکردنی ئەو برینە ئاسانترە وەک لە دروستکردنی کێشە لەگەڵ عێراق، سێیەم، وەک لە بەشی چاکسازیی ئابورییدا باسمان کردوە، کورد پێویستە لەلای خۆیەوە واز لە عەقڵیەتی خۆسەپاندن بهێنێت و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی دژ بە عێراق مومارەسە نەکات و بگونجێت لەگەڵیدا و ئابورییەکەیان ئاوێتەی یەکتر ببن، ئەوکاتەش باشتر دەتوانێت داخوازییەکانی لە عێراقدا جێبکاتەوە. هەرێمی کوردستان پێویستە لەگەڵ عێراق لە سیاسەت و ئابوریی و ژینگەی کۆمەڵایەتییدا یەکبگرن و ئاوێتەی یەکتر ببن. خۆ ئەگەر ئەوکات هێزێک لە عێراقدا سەرکەوت و دیسانەوە هەرێمی کوردستانی خستەوە مەترسیی، ئەوا هەرێم بایی ئەوەندە بەهێز بوە کە پێشمەرگە و خەڵکەکەی ئامادەبن بەرگریی لێبکەن و بەدڵنیاییشەوە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بەهێزتر دەبێت.

ئەمە هەقیقەتە کە هەرێم و عێراق دەتوانن یەکتر تەواوبکەن و هیچیان سود لە دوژمنایەتیی یەکتر نابینن و بەهێزبونی هەرێم مەترسیی نابێت بۆ عێراق. گرنگە ئیش بۆ ئەوەش بکرێت هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراقیش لەوە تێبگەن کە گەشەی هەرێمی کوردستان، عێراق لە ملکەچیی ئێران و دەوڵەتانی تر رزگاردەکات، بە ئەمریکاشەوە.
لە دورمەودادا و لەگەڵ بەهێزبونی پێگەی هەرێم و دروستکردنەوەی متمانە لەگەڵ عێراق، فشاردروستکردن بۆ پاشەکشەی قاعیدەی سەربازیی تورکیا لە هەرێم هەنگاوێکی گرنگی بەهێزتربونی پێگەی هەرێم دەبێت، هاوکات ئۆتۆنۆمیی زیاتر لە پلانەکانیاندا وەردەگرن. ئەمە رەنگە وا بکات تورکیاش لە ناوخۆی وڵاتیش جدییتر بیر لە پرسی چارەسەرکردنی پرسی کورد بکاتەوە و بگەڕێتەوە سەر پرۆسەی ئاشتیی. ئێرانیش هەروەها، ئەگەر وازنەهێنێت لە دەستتێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا هەرێمیش بە پەیوەندییەکانیاندا بچێتەوە. بۆ ئەمەیان، هەرێم دەبێت بەدوای بازاڕی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆدورگرتن لە بازاڕی ئێرانیی و تورکیی، بتوانێت جێی هاوردەکانی ئێران و تورکیا بگرێتەوە. دوبارەی دەکەینەوە، رێگاکە سەختە و بەربەستی بۆ دروستدەبێت، بەڵام هێشتا زۆر ئاسانترە لەو فۆرمەی پەیوەندیی لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە کە پێش و پاش راپەڕینی 1991 پەیرەوکراوە و هەرێم گۆڕەپانی یاریی هەمو دەوڵەتەکان بوە. شیکاریی قازانج-تێچو(Cost-benefit analysis)هەر ئەوە دەدات بەدەستەوە کە ئاوێتەبونی سەری عێراق (واتە هەرێمی کوردستان) لەگەڵ جەستەکەی (واتە بەشەکانی تری عێراق)هەردولا بەهێزدەکات.

**پێنجەم/ هاوپەیمانێتیی**

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بەتەنها ناتوانن هیچ پرۆژەیەکیان جێبەجێبکەن. بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنی کوردیی لەدوای ۲۰۰۳ەوە، بزوتنەوەی گۆڕان بوە بە بردنەوەی ۲۵ کورسیی لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۹، بەڵام گۆڕان سەرەڕای هەبونی پرۆژەی جدیی و باش، نەیتوانی پرۆژەکانی جێبەجێ بێ چونکە نەیتوانی زۆرینەی پارلەمانیی هەبێت. هەرچەندە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ یەکتر ناکۆک بن، پێویستییان بە هاوپەیمانێتییەکی مێژوییە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە. تاکو دیموکراسیی نەچەسپێت، ئۆپۆزسیۆن دەبێت لە هاوپەیمانێتییەک کۆببێتەوە. بە واتایەکی تر، هێز لە هاوپەیمانییدایە. نزیکترین سێ وێنەی هاوپەیمانێتیی لە مێژوی کورددا، هاوپەیمانێتیی سەرکەوتو بون: کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردو دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی کە بوە هۆی سەرکەوتنی راپەڕین، هاوپەیمانێتیی هێزە کوردییەکان لەگەڵ عەرەب و مەسیحییەکان لە شەڕی دژی داعش لە رۆژئاڤای کوردستان و باکوری سوریا کە بوە هۆی تێکشکاندنی داعش، هاوپەیمانێتیی پارتیی دیموکراتیکی گەلان لەگەڵ گروپ و حیزبە دیموکراتخواز و ژینگە دۆست و ئینساندۆستەکانی تورکیا کە بوە هۆی تێپەڕاندنی بەربەستی هەڵبژاردنی سەدا ۱۰ لە پارلەمانی تورکیا لە۲۰۱۵.
لە میسریش، هاوپەیمانیی چەپ و ئیسلامییەکان بو بە هۆی سەرکەوتنی بەهاری عەرەبیی لەو وڵاتە. هاوپەیمانێتیی سائیرونیش لە عێراق لەنێوان شیوعییەکان و سەدرییەکان بوە هۆی سەرکەوتنی تا رادەیەکی خۆپیشاندانەکان و دواتریش سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا.
هاوپەیمانێتیی لەسەر چەند ئاستێکدا گرنگە:

۱ -**ناوخۆ:** هێزە ئۆپۆسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هاوپەیمانێتییەک دروستبکەن کە لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بەشدار ببن .
۲ -**لەسەر ئاستی عێراق:** ئەو هاوپەیمانێتییەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێت ببێتە هۆی دروستبونی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ هێزە عێراقییە کراوەکان و دروستکردنی یەک بلۆکی پارلەمانیی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژادنەکانی عێراقدا لەسەر پرۆژەیەکی نیشتیمانیی لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا. ئەو هاوپەیمانێتییە تێپەڕاندن و مراندنی عروبە و کوردایەتیی دەبێت، کە ئەمە سەرەتای دەستپێکێکی نوێ دەبێت بۆ عێراق و گەلانی عێراق.
۳ -**هاوپەیمانێتیی لەسەر ئاستی ناوچەکە:** هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێت هەوڵبدەن لەگەڵ هێزەکانی رۆژئاڤای کوردستان، باکوری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هاوپەیمانێتییەکیی کوردستانیی دروستبکەن، تا بتوانن لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا پێکەوە هەڵوێست بنوێنن و سود لە فیکر و ئەزمونی یەکتر وەربگرن، پەیوەندیی نێوان پارچەکان لەهەمو ئاستەکان گەشەبکات و لەبری ئەوەی هەڕەشە بن لەسەر یەکتر، دەرفەت و دۆست بن.

٤ -هاوپەیمانێتییە کوردستانییەکە بکرێتە دەرفەتێک بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازە تورکیی، عەرەبیی و ئێرانییەکان لە تەواوی ناوچەکەدا.
٥ -**هاوپەیمانێتیی لەسەر ئاستی دونیا:** هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پێویستە لەسەر ئاستی دونیادا پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئەو هێزە دیموکراتخواز و کورددۆستانەی دونیا دروستبکەن، بەتایبەت لەڕێی بلۆکی پارلەمانییان لە کوردستان و بەغداد. بەمە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەربازیان دەبێت لەو پەراوێزخستنەی کە حکومەتی هەرێم لە ئاستی ناودەوڵەتییدا توشی کردون. ئەم خاڵە دورودرێژتر لە خوارەوە روندەکەینەوە.
ئەو جۆرە کارکردنە هێزێکی مەعنەویی و فیزیکیی گەورە دەبەخشێتە ئۆپۆزسیۆن و لەوێشەوە بەشداریی وڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان و سیاسەتدا زیندو دەکاتەوە. هیوایەک دروستدەبێتەوە وەک هیوای ۲۰۰۹ و ۲۰۱۱ کە وڵاتییان ئامادەییان تێدا دەبێت بۆ پرۆژەیەکی گەورەی نیشتیمانیی باج بدەن. دەکرێت هەوڵبدرێت ئەو گروپانەی لەناو یەکێتیی و پارتییش هەن، بەتایبەت لەناو یەکێتییدا، بانگهێشتبکرێن و پشتیوان بن. ئەگەرچی لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی ئێمە بەپێویستی دەزانیین دەستەڵاتی یەکێتیی و پارتیی بچوک ببنەوە تا رادەی ئەوەی حکومەتیان لێ وەربگیرێتەوە، بەڵام ئەو دو حزبە لە بن نایەن و لە فۆرمی تردا دەبێت هەر هێزی نیشتمانیی ببن و ئەندامە دڵسۆزەکانیان ناچاریان بکەن قبوڵی یارییەکانی دیموکراسیی بکەن و دژ بە پرۆژەی نیشتمانیی نەوەستنەوە. خۆ ئەگەر توانییان خۆیان نوێ بکەنەوە، ئەوا دیموکراسیی بێشک دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ دەستەڵات و بەهێزبونەوەیان دەدات.
پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ پەیوەندیی نێوان هەرێمێکی فیدراڵ یان هێزێکی خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی نەبوە، هەمیشە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتێکی زلهێزی ناوچەیی و پاشکۆیەک بوە کە وەکو جاش مامەڵەی لەگەڵ کراوە. هاوپەیمانیی و گەشەدان بە دیموکراسیی و ئاوێتەبون لەگەڵ عێراق تروسکاییەکە لەو دیو تونێلی تاریکیی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئێران و تورکیا، تا لە جاشایەتییەوە بۆ دۆستایەتیی بگۆڕێت، و خزمەتی دۆزی کورد لە تورکیا و ئێران و سوریاش دەکات.

**شەشەم: پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا**
سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئێمە ئاگادارین پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەموی لەسەر بنەمای دیموکراسیی بینانەکراون و بەرژەوەندیی ناسیۆنالیستیی بەرتەسک زۆرجار بەڕێوەیان دەبەن. قسەکردنی ئێمە لەسەر ئەوەیە کام سەنگەرە بۆ هەرێمێکی لاواز باشترە و لەبەرچی.
هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، هەنگاوی باشی بریون، بەڵام بە هۆی شکستهێنانی لە چەسپاندنی دیموکراسیی، پێشخستنی ئازادیی قسەکردن و پلورالیزمی سیاسیی نەیتوانیوە پەیوەندییەکان زیاتر پێشبخات. هەرێمی کوردستان شکستیشیخوارد لە بەدامەزراوەییبون و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن. هەروەها هەرێم نەیتوانی روبەڕوی گەندەڵیی ببێتەوە و ریفۆرم ئەنجامبدات، کە ئەمەش دیسان یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکای بێهیواکرد چونکە کۆمەک و پشتیوانییەکانیان بۆ نوخبەیەکی گەندەڵ دەڕۆیشت تا پێشخستنی ئابوریی و سیاسیی و کەلتوریی لە هەرێمی کوردستاندا. لە لایەکی ترەوە، هەرێمی کوردستان وەک منداڵێکی هەژار مامەڵەی کردوە کە لەلایەن کەسێکەوە دەستیگیراوە و گەورە بوە و پێگەیشتوە، بەڵام دواتر منداڵە هەژارەکە خۆی گەورەتر دەبینێت و چاکەی ئەو کەسە لەبیردەکات کە گەورەی کردوە و دەستیگرتوە و لە پێشنیاز و فەرمانەکانی دەردەچێت. هەرێمی کوردستان لە ۱۹۹۱ەوە بە پشتیوانیی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا هەنگاوەکانی ناوە، کەچی دوای هەناردەکردنی نەوت، زیاتر لە تورکیا نزیکبوەوە، بەشێکیشی کەوتە خزمەتی ئێران. لە کاتی پرۆژەی سەربەخۆیی ئابوریش، بوە هۆی ناسەقامگیریی عێراق، تا رادەیەک. لە کاتی هاتنی داعشیشدا، نەیتوانی دیفاع لە خۆی بکات. دواتریش کە ئەمریکا و هاوپەیمانان بەشداریی شەڕەکە بون، هەرێمی کوردستان دۆخەکەی قۆستەوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کە نە لەگەڵ ویستی ئەمریکا و نەلەگەڵ ویستی یەکێتیی ئەوروپا کۆک نەبون.
پارتیی دەستیکرد بە راکێشانی سەرنجی ئەمریکییەکان بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان بەوپێیەی مەسعود بارزانیی پێیوابو راکێشانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان، بە واتای پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان دێت کاتێک سەربەخۆیی رادەگەیەنێت. بارزانی ئەوەی نەشاردەوە و لە دانیشتنێکدا لەگەڵ یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان گوتی "سەرۆکی کۆمپانیای ئێکسسن مۆبیل لە سەرۆکی ئەمریکا بەهێزترە ".بەرهەمەکەی پشتتێکردنی ئەمریکا بو لە کاتی ریفراندۆم و کارەساتی خوێناویی، مرۆیی، دارایی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

ئەمانەش وایان کرد هەرێم بکەوێتە نزیکبونەوە لە روسیا و وەرگرتنی قەرز و بەخشینی کۆنترۆڵی بۆڕییەکانی نەوت بە روسیا. روسیا وەک گەمەکەرێک لە سیاسەتی عێراق و ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەوروپا لەرێی هەرێمی کوردستانەوە هاتوەتە ناوەوە. لەرێی سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای رۆسنەفت ئیگۆر سەچینەوە، روسیا وجودێکی بەهێزی هەیە لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا.
رۆسنەفت لە دو ساڵی رابردودا گەمەیەکی زیرەکانە لە سیاسەتی عێراقیی و هەرێمی کوردستاندا دەکات. دوای ئەوەی بینی لە عێراقدا کۆمپانیا ئەمریکیی و ئەوروپییەکان لە سێکتەری نەوتی عێراقدا گەشەی زیاتر دەکەن و ئەمریکا لە عێراقدا جارێکی تر بەهێز بوەتەوە، دۆخی خراپی دارایی هەرێمی قۆستەوە و قەرزی پێ بەخشی، دواتریش کۆنترۆڵی بۆڕیی نەوتی هەرێمی کوردستانی کرد. ئەمە هەواڵێکی باش نییە بۆ کۆمپانیا ئەوروپیی و ئەمریکییەکان و ئاسایشی وزەی ئەمریکا و ئەوروپا چونکە رۆسنەفت و روسیا رکابەریانن. کۆنترۆڵکردنی بۆڕیی نەوتی هەرێمی کوردستان هەژمونی رۆسنەفت و روسیا بەسەر سێکتەری نەوت و بازرگانیی نەوت لە هەرێم زیاد دەکات. بۆ هەرێم گرنگە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا باشتر بێت وەک لە روسیا چونکە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە پشتیوانیی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، هەروەک چۆن دروستبون و مانەوەشی لە رابردودا پەیوەست بوە بەو پەیوەندییانە. بۆ خەڵکی هەرێمیش هەواڵێکی باش نییە چونکە رۆسنەفت دەستی بەرپرسانی هەرێم بۆ گەندەڵیی واڵا دەکات، ئازادیی رادەربڕین و دیموکراسیی لای روسیا پرسێک نییە و پشتیوانیی دەوڵەتانی دیکتاتۆر و گەندەڵن.
نزیکبونەوەی زیاتری رۆسنەفت/روسیا لەگەڵ هەرێم، وا دەکات ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپاش هەوڵی زیاتر پشتیوانیی بەغداد بدەن. هەڵەی گەورەی سەرکردایەتیی حکومەتی هەرێم ئەوەیە پێیان وایە بە هۆی نزیکبونەوەی زیاتر لە روسیا، ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا ناچاردەبن زیاتر گوێ بۆ هەرێمی کوردستان بگرن. ئەمە لە دۆخێکدا راست دەبو کە ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا هیچ بەدیلێکی تریان نەبوایە. دەبێت هەوڵبدرێت ئەوروپا و ئەمریکا بەبەردەوامیی هاوپەیمانی هەرێم بن و مافە دەستورییەکانی هەرێم لە بەغداد بپارێزن، نەک ئەمریکا وەک دڕکێک لەرێی جێبەجێبونی سیاسەتەکانی خۆی هەرێم ببینێت، وەک مەسەلەی ریفراندۆم. یەکەم روبەڕوبونەوەی کۆمپانیا ئەوروپییەکان و رۆسنەفت لە کاتی ریفراندۆم بو بەوپێیەی پێش شەڕی داعش کۆمپانیای نەوتی بپی بەریتانیی لەگەڵ حکومەتی عێراق و پارێزگای کەرکوک گرێبەستی پەرەپێدانی نەوتی کەرکوکی کردبو، بەڵام لە سەروبەندی ریفراندۆمدا رۆسنەفت چاوی بڕیە ئەو کێڵگە نەوتانە، ئەمە وای کرد بەریتانیا بەتوندترین شێواز روبەڕوی ریفراندۆم ببێتەوە. بەپێی زانیارییەکانیش، مەسعود بارزانیی بەتەواوی لە بەریتانییەکان نیگەرانە زیاتر لە ئەمریکییەکان.
ئۆپۆزسیۆن دەرفەتەکانی لەپێشن بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، پێشخستنی ئەو پەیوەندییانە ویستی ئەمریکاشە، بەتایبەت. ئەگەر تەماشای کۆنسوڵخانەی ئەمریکا بکەین، دەبینین زۆر بەئاشکرایی پشتیوانییەکی زۆری میدیای ئازاد، ئازادیخوازان، و کۆمەڵگەی مەدەنیی، تەنانەت خۆپیشاندانەکانیش دەکات، ئیدی ئەگەر ئەمە لە رکابەریی روسیاش بێت. ئەمریکا چیتر لە چاوی یەکێتیی و پارتییەوە هەرێمی کوردستان نابینێت. یەکێتیی و پارتیی لە رابردودا هۆکاری سەقامگیریی بون بۆیە لای ئەمریکا گرنگ بون، ئێستا هۆکاری ناسەقامگرییین، یان ئەگەری هەیە ببنە هۆکاری ناسەقامگیریی.

**حەوتەم: رۆڵی ئۆپۆزسیۆن**

بۆ ئەوەی جوڵەی کۆمەڵگە توشی چەقبەستن نەبێت، بونی ئۆپۆزسیۆن گرنگە. بەڵام راستییەکەی ئۆپۆزسیۆن تا کاتی نوسینی ئەم دێرانە(ناوەڕاستی 2018) لە ئاستی ئەوەدا نەبوە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی لە ئەستۆبگرێت.
ئالتەرناتیڤی بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکان لە یەکگرتو و کۆمەڵەوە بۆ گۆڕان، بۆ هاوپەیمانیی و نەوەی نوێ، تەنها لە چوارچێوەی ئەو سیستمە سیاسییە خولاوەتەوە کە لە کوردستاندا هەبوە، هەرچەندە گۆڕان فشارێکی زۆری کرد بۆ گۆڕینی سیستمی سەرۆکایەتیی بۆ پارلەمانیی، بەڵام بە گۆڕینی سیستمیش بۆ پارلەمانیی، کێشە بنەڕەتییەکانی سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا چارەسەر نابن تا وەکو دەستەڵات نەگەڕێتەوە بۆ خەڵک و دیموکراسیی شۆڕنەبێتەوە بۆ خودی حزب و دەزگاکانی تری کۆمەڵگە.
کێشەی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە چالاکیی سیاسیی خۆی لە میدیا و هەڵبژاردنی پەرلەمانییدا کورتکردوەتەوە. هەڵبژاردنێک هەمو جارێ لە کاتی خۆیدا بکرێت تەنانەت لە خودی ئەم حزبانەدا نییە.
ئێمە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی وەک چارەسەری یەکەم و کۆتایی نابینین. هەڵبژاردن وەک ئامرازێکی سەرەکیی چەسپاندنی دیموکراسیی، وەسیلەیەکە بۆ گۆڕانی سیاسیی، بەڵام هەرگیز تاکە وەسیلە نییە. گەشەی دیموکراسیی

پەرلەمانیی وەک شەپۆلێک لە دوای روخانی یەکێتیی سۆڤیەت جیهانی گرتەوە و خۆی وەک ئاڵتەرناتیڤ پیشاندا. لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، هەرچەندە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەزمونێکی نوێیە، بەڵام هیچ گۆرانکارییەکی ریشەیی ئەنجامنەداوە، تەنانەت زۆر جار بۆتە هۆی شکستی گەورەتر و کێشەی گەورەتریش (بەڵگە: شەری ناوخۆی دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، بێئومێدبونی خەڵکی عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە لە هەڵبژاردن و رێژەی بەرزی بایکۆت).
سەرکەوتوترین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ بو کە توانی ئۆپۆزسیۆنێکی پارلەمانیی بەهێز دروستبکات، بەڵام ئەوەیش لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنی دەستەڵاتی سامانە سروشتییەکان و ئاسایش و پێشمەرگە لەلایەن یەکێتیی و پارتییەوە تا رادەیەکی زۆر پاشەکشەی کرد، نەبوە هۆی ئەوەی یەکێتیی و پارتیی بە خۆیاندا بچنەوە و گۆرانکاریی و ریفۆرم ئەنجامبدەن. دوا هەڵبژاردنیش ساختەکاریی بەسەردا ساغکرایەوە.
هەڵبژاردنەکان هەمیشە لەباردەبرێن، هەر هەڵبژاردنێکیش لەباربرێت، دیموکراسییەکی خۆوێرانکەر دەبێت. هەر بەهۆی ساختەکارییەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی دوەمی ئەحمەدی نەژاد شەقامەکانیان گرت، دواتر بە مەرگی بزوتنەوەی سەوز کۆتاییهات و کۆمەڵگای ئێرانیی قوربانییەکی زۆری دا .
گۆران وهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر، بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەڵبژاردن دەتوانێت دونیا بگۆرێت، بەڵام دەرکەوت لەرێی هەڵبژاردنەوە هیچ گۆرانکارییەکی گەورە روینەدا. ئەگەرچی ئەمە مانای پشتکردنە هەڵبژاردن نییە، بەڵکو مەبەستەکە یەک پرەنسیپی گرنگە لە سیاسەتکردندا:
پێویستە دەنگدان و هەڵبژاردن تەنها یەک میکانیزم بێت بۆ گۆرانکاریی و ریفۆرم نەک هەمو گۆرانکاریی و چاکسازییەک وا ببینرێت کە هەڵبژاردن دەتوانێت بیهێنێت. وەک چۆن ئابوریی هەرێم لەسەر یەک بۆری نەوت وەستاوە و کە دەمی بۆرییەکە گیرا، ئیدی ئابورییەکە دەتەپێت، بەهەمان شێوەش لە سیاسەتدا هەر کات یەک تونێل هەڵبژێریی، ئەوا دەگیرێت و پرۆژەکانت دەتەپن. ئۆپۆزسیۆن دەقاودەق وایکرد: سیاسەتکردنی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانییدا کورتکردەوە و دیموکراسیی لە ئاستەکانی تردا گەشەی نەکرد و هاوپەیمانیی عێراقیی و جیهانییشی فەرامۆشکرد .
موقتەدا ئەلسەدر و شیوعییەکان زۆر لێزانانە توانیان هەڵبژاردن بقۆزنەوە، لەبری ئەوەی خەڵک بێهیوا بێت، ئەوان هیوا دروستبکەن. بەڵام وەک ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان نەبون تەنها لە بانگەشەی هەڵبژاردن دەربکەون، بەڵکو ماوەیەکی درێژ بو لەسەر شەقامەکان بون، دیبێیتی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و حکومەتی مەدەنیی و وڵاتییان بردە ناو خەڵک و چایخانە و قاوەخانەکان، لە خۆپیشاندانەکاندا لەگەڵیان بون و پشتییوانییان دەکردن. لەم پرۆسەیەشدا لە لایەکەوە قەناعەتیان بە خەڵک کرد دەنگیان پێبدەن، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەی توند و رونیان بۆ هێزەکان نارد کە ئەگەر هەڵبژاردن بە ویستی ئەوان نەبن لەروی پاکییەوە، ئەوا توانای جوڵاندنی شەقامیان هەیە و دەتوانن مەترسیی بن لەسەر وجودی هێزەکانی دی. ئەگەر تەزویر لە لیستی سائیرون بکرابوایە، ئەوان توانای ئەوەیان هەبو مەدینە خەزرا لە کەمتر لە ٢٤ سەعاتدا کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام تەواوی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم لێیان چاوەرێ ناکرێت بتوانن کۆڵانێکیش کۆنترۆڵ بکەن.
ئۆپۆزسیۆن دەبێت کادر پەروەردەبکات بەشێوەیەک بتوانێت پارلەمانتارێک یان وەزیرێکەکانی سەرکەوتوبن، پرۆپۆزەڵیان هەبێت بۆ وەزارەتەکە بەر لە دەستپێکردنی، هتد. هاوکات بەهیچ شێوەیەک مەرج نییە تەواوی پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمان بدرێن بە ئەندامی خۆیان، خۆ ئەگەر ئەوە بکەن، ئەوا هەمان مۆدێلی یەکێتیی و پارتیی دوبارەدەکەنەوە.
لە ساتی روداوی سیاسیی گەورەدا، ئۆپۆزسیۆن دەبوایە بۆ هەریەکێکیان ئالتەرناتیڤی گەورەی پێشخستبوایە، بەتایبەتیی لە ریفراندۆم کە دواترینیان بو. ئامادەیی پرۆژە ئالتەرناتیڤەکانی ئۆپۆزسیۆن (گۆران و کۆمەڵ لێرەدا) لەو روداوانەدا زۆر لاواز بوە، هەر بۆ نمونە، کاتێک خۆپیشاندانەکانی١٧ی شوبات بە زەبری هێز بڵاوەیان پێ دەکرێت، ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت رۆحیەتی ئەو شۆرشە بەزیندویی بهێڵێتەوە و وەک هەر جوڵانەوەیەکی جەماوەریی، دەمرێت. ئەو بریارانەی پارلەمانیش لەگەڵیدا دەدریت، دەمرن. بۆیە وردە وردە خەڵک نائومێدبو لە ئۆپۆزسیۆن.
هەمو ئەو روداوانە دەکرا بە ئاراستەی تردا برۆن ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەر لە سەرەتاوە لە مەسەلەی نەوتدا، لە ناوخۆ کۆمەڵگای هۆشیار بکیربدبایەوە، لەگەڵ بەغداد کاری بکردبوایە و لەرێی ئەمریکییەکانیشەوە پرۆژەیەکی بەدیلی خستبایە بەردەمیان، بەتایبەت کاتێک ئەمریکییەکان دژ بون بە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بە سەربەخۆیی.
ئەگەر چەند وانەیەک لە رابردووەوە بچنینەوە، ئەوا لای ئێمە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

1 - ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە لە بواری دیپلۆماسییدا. کەسانێکی واقیعبین، چالاک، زمانزان، روئیا-رون، نیشتیمانیی و دیموکراتخواز کە خاوەنی روئیایەکی کوردستانیی-عێراقیی بن پێویستە لە بەشی دیپلۆماسییان کاربکەن. ئەوەی زۆر سەیرە، تەنها دەبینین کۆنسول و باڵیۆز و دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا سەردانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن و تەنانەت پرۆپۆزەڵیشیان دەدەنێ، هەرگیز نابینین هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان بچن لەگەڵیان دابنیشن و گفتوگۆ بکەن، زۆر جار پەیامەکانیان لەڕێی تەلەفزیۆن و میدیا دەنێرن زۆر بەهەڵەشەیی، وەک لەدوای هەڵبژاردنەکان بینیمان و ئەمریکایان تۆمەتبارکرد بە هەڵبژاردنی بێدەنگیی و پشتیوانیی تەزویر.

2 - دەبێت ئۆپۆزسیۆن میدیای ئینگلیزیی خۆی بەهێزبکات، یان کەسانێکیان هەبێت پەیجی فەیسبوک و تویتەریان بەچالاکیی بۆ بەڕێوەببەن. بەیاننامەکانیان تەرجەمەی ئینگلیزیی بکەن. نیوز-لێتەر دروستبکەن بۆ کۆنسوڵخانەکان بنێرن. لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش، ئەگەر توانیان کەسانی چالاکیان هەبێت. رو لە کوردانی دایاسپۆرا بکەن و رێکیان بخەن لەڕێی کۆمەڵەی کەلتوریی و رێکخراوەوە.

3 - ئۆپۆزسیۆن دەبێت نوسەرەکانی هەوڵبدەن لەڕێی پەیمانگا و پینک-تانک و میدیا جیهانییەکان بیر و دونیابینیی و ئایندەبینیی خۆیان بگەنە سیاسەت دروستکەران. لە ئەمریکا زۆر کەس هەن خۆبەخشانە ئامادەن لۆبیی بۆ کوردستان و کورد بکەن، ئەو لۆبییە دەتوانرێت بخرێتە خزمەت پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن کە پرۆژەی دیموکراتیک و خزمەتگوزار بن، هەم بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و هەم هی وڵاتییانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگیرێت.

4 - حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پێویستە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا لەناو حزبەکەدا ئەنجام بدەن و وێنەیەکی دیموکراسییانە پەخشبکەن لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان و متمانە لە رکابەرییدا، ئەوجا باشتر دەتوانن رەخنەیان لە هەڵبژاردن لە دەرەوەی خۆیان هەبێت. لایەنی سەرکەوتو لە هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا دەبێت قبوڵ بکرێت، هاوکات دەرفەت بە وزەی نوێ بدرێت بگەنە پۆستەکانی سەرکردایەتیی و نەوەی کۆن قۆناغ بە قۆناغ لە ئەنجومەنی باڵای حزب دوربکەونەوە. یان هەڵبژاردنەکانیان ئەوە دیاریی بکات کێ حزب ببات بەڕێوە، لەبری ئەوەی بە مەرکەزیی دابنرێن و هیچ شکستێکی حزبەکەش دەستیان لە کار پێنەکێشێتەوە. ئۆپۆزسیۆن کێشەی فکری سیاسیی و پرۆژەی سیاسیی هەیە، نەوەک هێزی چەکدار و میلیشیا.

5 - سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پێداچونەوەیەکی تەواو هەیە کە ئۆپۆزسیۆن لەڕێی گروپێکی شارەزا لە بواری ئابوریی نەوت و سیاسەتی نەوت و جیۆپۆلەتیکی نەوت پرۆژەیەک دابڕێژێت. ئۆپۆزسیۆن سەرەڕای ئەوەی هەوڵیداوە سیاسەتێکی نیشتیمانیی بۆ نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان پێشبخات، بەڵام نەیتوانیوە تێگەیشتنێکی فراوانی هەبێت بۆ سیاسەتی نەوت. ئەمەش وای کردوە دژایەتیی سیاسەتی نەوت بکات، بەڵام کاتێک نێچیرڤان بارزانی سیاسەتی سەربەخۆیی ئابوریی رادەگەیەنێت، پشتیوانیی بکات بێئەوەی بزانێت ئەو سیاسەتە هەرێمی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەبات.

لەمروەوە، ئۆپۆزسیۆن دەبێت کاریگەریی لەسەر سیاسەتی نەوت دابنێت، لەوانە:

أ - لەڕوی قانونییەوە: فشاری زیاتر بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو قانونەی دەرکراو، هاوکات گونجاندنیان لەگەڵ دەستوری عێراق.

ب - دەرفەت دان بە حکومەت و حیزبە حوکمڕانەکان کە قانونەکان پێشێلبکەن، تەنها ئەزمونی عێراقی سەدام حوسین و ئال سعودی سعودیەی عەرەبیی و شای ئێرانی بەدوادادێت. کاتێک حکومەت دژ بە قانونەکانی دەوەستێتەوە، ئەوا کاری پارلەمانیی و دانیشتنی نێوان هێزە سیاسییەکان بەس نییە.

6 - هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پێویستە راستەوخۆ لەگەڵ تورکیا و ئێران دابنیشن و ئەوە رونبکەنەوە کە ئەگەر دەیانەوێت بەرژەوەندییەکانیان لە دورمەودادا بپارێزرێت، ئەوا دەبێت بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگرن. بۆ ئەوەشی خۆیان دەربازیان بێت لە توندوتیژیی، پێویستیان بەوەیە پرسی کورد لەگەڵ هێزە کوردییەکانیان چارەسەربکەن.

7 - هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پێویستە لەڕێی هاوپەیمانان-بەتایبەت ئەمریکا -و پارلەمان و حکومەتی عێراقەوە هەوڵبدەن بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێم دەربکرێن، ئەمە وا دەکات تورکیا لە ناوخۆی وڵاتیش جدییتر بیر لە پرسی چارەسەرکردنی پرسی کورد بکاتەوە و بگەڕێتەوە سەر پرۆسەی ئاشتیی. ئێرانیش هەروەها، ئەگەر وازنەهێنێت لە دەستتێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا هەرێمیش بە پەیوەندییەکانیاندا بچێتەوە. بۆ

ئەمەیان، هەرێم دەبێت بەدوای بازاڕی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆدورگرتن لە بازاڕی ئێرانیی و تورکیی، بتوانێت جێی هاوردەکانی ئێران و تورکیا بگرێتەوە ئۆپۆزسیۆن نابێت شەرمن بێت لە روبەڕوبونەوەی تورکیا و ئێران لەڕێی دیپلۆماسییەکی نەرم. ئەگەر ئێران و تورکیا وەک دو هێزی گەورەتر لە سیاسەتی ناوچەکەدا هەن، ئەوا هەرێمی کوردستان پشتیوانیی ملیۆنان کەسی لە تورکیا و ئێران هەیە. هەرێمی کوردستان لە توانایدا هەیە لەناو عێراقدا دژ بە سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران بێت ئەگەر ئەو وڵاتە بەردەوام بن لە خەرقکردنی سیساسەتی هەرێم بەو پێیەی هەرێم بەشێکە لە عێراق و تورکیا و ئێران ناتوانن لەناو عێراقدا دژایەتیی هەرێم بکەن، مەگەر هەرێم هەوڵبدات بۆ سەربەخۆیی وەک لە ریفراندۆم بینیمان.

8 - هەرچی حزبە ئیسلامییەکانە، ئەوا هێشتا لە قۆناغێکی کۆندا چەقیان بەستوە. راستییەکەی لە گەندەڵیی ئیدارییدا ئەوان هەنگاوی گەورەیان بڕیوە و مەلەفیان پاکە. بەڵام دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر کافر و مسوڵمان، سوننە و شیعە، نوێژکەر وەک مرۆڤی جوان و نوێژنەکەر وەک مرۆڤی دژ بە خودا و گەردون وادەکات پرۆژە سیاسییەکانیان جێی مەترسیی ئازادیخوازان بێت و گەشە نەکات. تەنانەت زەرەرێکی زۆر دەکەن لەوەدا کادری بەتوانایان لە کیسدەچێت تەنیا لەسەر بنەمای نوێژکردن و پەچەپۆشین. ئەگەر ئەیانەوێت هێزی دژ بە ستەمکاریی بن، ئەوا دەبێت ئەم پێوەرە بچوکانە وازلێبهێنن و رزگارکردنی مرۆڤ و گیانەوەری تر و ژینگە لە هێرشی ستەمکارانی ئیماندار بە ئیسلام و ستەمکاری مولحید بخەنە سەنتەری بیرکردنەوە و مامەڵەی سیاسییانەوە.

**ئەنجام**

کۆمەڵگاکانی دوای داگیرکاریی قەیرانەکانیان لە ماوەیەکی کورت-مەودادا چارەسەرنابن. کێشەکان قوڵتریشن ئەگەر کۆمەڵگاکە لەڕێی شۆڕشی چەکدارییەوە رزگاری بوبێت لە دەستی داگیرکەر. کۆمەڵگای دوای دیکتاتۆریی، بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن، خۆ ئەگەر رژێمێکی سیاسیی بە ناسنامەیەکی دیموکرات و خاوەن روئیای درێژخایەن جێی رژێمە کۆنە سیاسییە دیکتاتۆرەکە نەگرێتەوە، بە هیچ شێوازێک رزگاریی مانای خۆشبەختیی و سەرفرازیی نابەخشێت، زۆر جار بارودۆخی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نابێت لەگەڵ دونیای پێش خۆی.

ئێستا ئەو دەرفەتە لەبەردەم کۆمەڵگای کوردیی، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و دیموکراسیخوازان ماوە کە لەپاڵ خەباتیان بۆ گۆڕان لە سیستەمی سیاسیی یان ریفۆرم تێیدا، بتوانن رۆڵێکی کاریگەریش بگێڕن لە گەشەپێدانی کەلتوری دیموکراسیی. بێگومانیش کەلتوری دیموکراسیی گەشەناکات ئەگەر کۆمەڵگا خۆی نەبێتە بەشێک لە پرۆسەکە، بۆ ئەمەش، باشترین رێکارێک گەڕانەوەیە بۆ رەگی کۆمەڵگا و لەخوارەوە بۆ سەرەوە دیموکراسیی گەشەبکات و بۆ گۆڕین و ریفۆرمیش لوتکە بە ئامانج بگیرێت. رێکخستنی خوارەوە و بەئامانجگرتنی سەرەوە، ئامانجەکە دەپێکێت. دەبێت دەستەڵاتی دەوڵەت لەژێر پشکنینی کۆمەڵگا دابێت و ئازادییە تاکییەکان، ئازادیی قسەکردن، مافەکانی ئینسان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی گارەنتیی بکرێن تا دیموکراسیی مانایەکی راستەقینە ببەخشێت.

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بتوانێت دژ بە ستەمکاریی بێت، نابێت سڵبکاتەوە لەوەی کە هەمو ئامرازە مەدەنییەکان بەکاربێنێت بۆ روبەڕوبونەوەی ستەمکاریی و ناعەدالەتیی، جا ستەمکارییەکە هی دەستەڵات بێت بەرانبەر گەل و هێزە سیاسییەکان، یان ناعەدالەتیی جیاوازیی موچەی نێوان وەزیرێک و فەرمانبەرێکی ئاسایی بێت، یان ستەمێکی ئاسایی بێت لە کرێکارێک لەلایەن خاوەنکارەوە.

ستەمکاریی و رژێمی سیاسییەوە. ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستیی تا سەر هەبێت و کۆڵنەدرێت.

ئۆپۆزسیۆن ئەرکێکی مێژوویی گرنگی لەسەرە، ئەرکی رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لەوەی وەرچەرخێت بۆ سیستمێکی سیاسیی داخراو و ناوچەیەکی ئاڵۆزتر. ئەمەش قوربانیی گەورەی دەوێت، دەبێت باوەڕی بە عەدالەت و دیموکراسیی هەبێت، خۆی نوێ بکاتە و خۆی بگەیەنێتە ئاستێک ئەو پرۆژەیەی پێ سەربخرێت، بەرگریی لێ بکات و تەمبەڵیی نەکات لە خستنەگەڕی وزەی جەماوەری بۆ ئەو مەبەستە.

ئۆپۆزسیۆن دەبێت جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ دەستەڵات رون و رەوان پیشانبدات و بیسلەمێنێت، تا خەڵک دڵنیا بکاتەوە کە دەتوانن ببن بە ئاڵتەرناتیڤ. ئەگەر خەڵک هەست بکەن کۆپییەکی مۆدێلی سیاسیی یەکێتیی و پارتیین، ئەوا دەزانن هەڵبژاردنی ئاغاکە باشترە لە رەعیەتەکەی.